# لـه بـەردەم عـەرشا

رۆمـان

دیالۆگێکه لـه گـەڵ پیاوانـی میسرا، لـه میناوه تـا ئـەنوەر سادات

ن: نـەجیب مـەحفوز

و: حـەمـه کـەریم عـارف

پێڕست


١- حەمەکەریم عارف پیاوێک لە بارانی..          شێرکۆ بێکەس

٢- نەجیب مەحفووز

٣- لەبەردەم عەرشا

٤- ژینامەی وەرگێڕ

حەمە كەریم عارف

پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێركۆ بێكەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو كاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای كتێب ورستەیەكی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێكەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەكەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەكردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی كەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەكەریم عارف

ژێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی رێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و

نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و

نە شەقامێكی كەركوك ونە مەقامێكی

عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەكەم

كەسی تر نا.

كەركوكییەك

پڕ پڕ لە كوردستان و

لێوانلێو لە جیهان!

كەركوكییەك

هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو

پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.

لە دنیاوە

چەندین دەریاچەی ڕۆمانی

ڕژانە ناو ئەم ولاتی زمانەوە.

چەندین نزاری چیرۆكی

هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.

چەندین ئاوێنەی دیرۆكی

بە دەوونماندا هەڵواسی.

کەرکوکییەك

باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەك..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاك لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنجساڵیدا هەشتا چراوگی

بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.

لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ ژمارە (٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

## نەجیب مەحفوز ( ١٩١١ – ٢٠٠٦ )

### (١)

نەجیب مەحفوز عەبدولعەزیز ئیبراهیم ئەحمەد پاشا، نووسەر وچیرۆکنووس و ڕۆمانووس وشانۆنامە نووس و براوەی خەلاتی نۆبلی ئەدەبیات " ١٩٨٨ " لەگەڕەکی جەمیلیەی قاهیرە هاتووەتە دنیا، کوڕی فەرمانبەرێکی مامناوەندی دەولەتی بووە، لە سالی ١٩٣٤ وە کە خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات، دەبێت بە فەرمانبەری دەولەتی و تا سالی ١٩٧١ کە خانەنشین دەبێت لەسەر کاری دەولەتی بەردەوام دەبێت... خاوەنی دەیان چیرۆک وڕۆمان و شانۆنامەیە ولە سالی ١٩٨٨ دا وەکو یەکەمین ئەدیبی عەرەب خەلاتی نۆبلی ئەدەبیات وەردەگرێت، چونکە کەسێکی مرۆڤدۆست و خۆشەویست بوو، هەموو خەلکی بە خەلاتەکەی خۆشحال بوون و بە شایستەی ئەو خەلاتە وزیاتریان دەزانی... ژیانی ئەدەبی مەحفوز بە سێ ڕۆمان دەربارەی مێژووی میسر دەستی پێکردووە، کە کەم دابێژێک باندۆر و کاریگەری والتەر سکوتی پێشەنگی ڕۆمانی مێژوویی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمی پێوە دیارە. لێ کاتێ دەستی بە نووسینی کارە گەورە و نەمرەکانی کرد، ڕووی کردە وەسف و وێنەگرتنی کۆمەلگەی مودێرنی میسری. لە کار و بەرهەمەکانی مەحفوزدا، دید و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی وی دەربارەی ڕژێمی پاشایەتی کۆنی میسر و داگیرکەری ئینگلیز و تەنانەت مێژووی هاوچەرخی میسریش بەدی دەکرێت. بەلام

ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمانە دیار و بەرجستەکانی، بۆ دۆز وپرسە جڤاکیەکان، بە تایبەتی ژیانی جەماوەری هەژار و زەحمەتکێشی شاری، ژنان و زندانیانی سیاسی تەرخان کردووە. نەجیب مەحفوز خوێنەرێکی جدی ئینیسکلوپیدیایی بوو، داروین و فرۆید و مارکس و ئەنیشتاینی و... هتد خوێندووەتەوە، باوەڕی بە پەیوەندی نزیکی نێوان هونەری ئەدەب وکایە ئەپسیتمولوژیە مرۆڤانیەکانی وەک زانستی پەتی و زانستێن مێژوویی، سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆجی هەبووە وکارە ئەدەبیەکانی خۆی بەو زانستە جۆراوجۆرانە موتوربە کردووە و ئەمەش سەنگ و ئیحتوبارێکی فیکری و ئەقڵی بەرز وناسکی ئەوتۆی بە بەرهەمەکانی بەخشیوە کەلە نێو کەڵە ڕۆماننووسە میسرییە هاوچەرخەکانی خۆیدا کەمتر بەدی دەکرێت..

زۆرێک لە بەرهەمەکانی وی بە زنجیرە لە چاپەمەنی وبڵاوکراوەکاندا بڵاو کراونەتەوە، لەوانە "منداڵانی گەڕەکی مە " و " کۆڵانی میدەق ، کە لە لایەن حەمە کەریم عارفەوە کراوە بە کوردی و بڵاوبووەتەوە. " کە کراون بە فیلم و درامای سەرکەوتوو. " منداڵانی گەڕەکی مە – ١٩٥٩ " یەکێکە لە ڕۆمانە هەرە باش و بە نێو بانگەکانی، چونکە جۆرە کفرگۆییەکی درکە ئامێزی دەربارەی خوا تیایە کە دەگەڵ ئولێن یەهوودی و مەسیحی و ئیسلامیدا تێک ناکاتەوە، بۆ ساڵانێکی زۆر لە میسر قەدەغە کرا. وەختێ لە ساڵی ١٩٨٩ دا، خومەینی فتوایەکی دەربارەی سەلمان ڕوشدی، لەسەر ڕۆمانی " ئایاتی شەیتانی " دەرکرد، عومەر عەبدوڕەحمانی میسری کە ڕۆحانیەکی نابینا بوو، لە گفتوگۆیەکیا لەگەڵ ڕۆژنامەوانێکا گوتبووی ئەگەر مەحفوز لەسەر ئەم چیرۆکە سزا بدرابا، ڕوشدی زاتی نەدەکرد ئەم کتێبە ( ئایاتی شەیتانی ) بڵاو بکاتەوە. هەڵبەتە ئەم مەلا ئەوڕەحمانە دواتر گوتبووی ئەوەی ئەو گوتوویەتی فتوا نییە، بەڵام ئیسلامیە

توندڕەوەکان ئەوەیان بە فتوا وەرگرت و بڕیاری کوشتنی مەحفوزی تەمەن هەشتاو دوو ساڵیان دا... ئەوە بوو چەند چەقۆیەکیان لەملی دا، بریندار بوو، بەڵام نەمرد وسەرەنجام لە ٢٠٠٦/٨/٣٠، دوای نەشتەرگەرییەک لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.

کۆی بەرهەمەکانی، لە ڕۆمان وچیرۆک و شانۆنامەی ڕادیۆیی و سینەمایی و شانۆ، خۆی لە پەنجا و شەش بەرهەم دەدا..

مەحفوز لە منداڵییەوە حەز وبەهرەی نووسینی تیابوو، لە سەرەتادا چووە بەشی تەلارکاری و پزیشکی، زۆری نەبرد ژێوان بووەوە و چووە بەشی فەلسەفە... مەحفوز بەرهەمەکانی زیاتر بە شێوە و شێوازی ڕیالیستی دەنووسی، بەڵام هەندێجاریش، لە ترسی دیکتاتۆریەتی ڕژێم، پەنای دەبردە بەر سەمبۆلیزم. بەرەبەرە لەگەڵ زیا بوونی سانسۆر و گۆڕانی فیکری و هزری نووسەرا، کەوتە بەکارهێنانی شێوازی مونولوگ و شەپۆلی زەینی، کەوتە نووسینی بەرهەمێن تەجریدی وئەپستراکت... بەهەرحاڵ مەحفوزهەمیشە فۆرم وشێوازێکی هەڵدەبژارد کە لەگەڵ هزرینی خۆیدا تێکی بکردایەتەوە. خۆی بە یەک قاڵب و شێوازەوە نەدەبەستەوە. بە گوتەی هەندێک لە ڕەخنەگران، مەحفوز زیاتر پابەندی شێوازێک بووە، کە پێیان گوتووە " ڕیالیزمی مۆدێرن " ..

( ٢ )

ئەدەبی مەحفوز. لەنێو خوێنەواران و نەخوێنەوارانیشا زۆر بەربڵاوە. مەبەست لە نەخوێنەواران هەندێک لەوانەیە کە لەڕێگەی فیلمی سینەمایی و درامای تەلەفزیونیەوە، ئاشنایەتیان لەگەڵ بەرهەمەکانیا

پەیدا کردووە، هەندێک لە کاراکتەری ڕۆمان و چیرۆکەکانی بە ڕادەیەک شۆرەتو نێو بانگیان پەیداکردووە، کە لە خودی مەحفوز بەنێو بانگترن..

نەجیب مەحفوز، پیاوێکی یەجگار مرۆڤدۆست و ئاکار بەرز و ڕەوشت جوان بوو، کە هەر ئەم لایەنەی کەسایەتی ئەو، لەگەڵ لایەنە بەهرەمەندییەکەیا یەکانیگیر بوو و گەیاندیە ئەو لووتکە ئەدەبییەی کە پێی گەیی... زۆر بەهرەداری دیکە هەبوون بەڵام شتاقیان نەیانتوانیوە وەکو مەحفوز، بەهرەکانیان لە هەرەس و داڕوخان بپارێزن. بەڵام مەحفوز نموونەیەکی زندووی ئەو هونەرمەندە لوتکەیەیە کە توانیویەتی لە ڕێگەی مرۆڤدۆستی وئەخلاق بەرزی خۆیەوە، پارێزگاری لە بەهرە وتوانا هونەریەکەی بکات.

هەندێک لە هاوعەسرانی مەحفوز لەگەڵ ئەودا دەستیان بە نووسین کردووەو بەهرەی باش وزۆر باشیانیش هەبووە، بەڵام نووسین وبەرهەمەکانیان دەنگدانەوەیەکی جەماوەری ئەوتۆیان نەبووە کە تینوویەتییان بشکێنێ، یان هیچ خێرێکی ماددیان لە بەرهەمەکانیان نەدیتووە، ئیدی ڕوویان کردووەتە دنیایەک کە دەستکەوت وڕابواردنی زیاتری تیابێ. بەڵام مەحفوز، پیاوێک بووە بەسەبر و هەدار و کۆڵنەدەر، وێڕای ئەوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەک، بەتایبەتی لە هەوەڵی ژیانی ئەدبیەوە، لە لایەن ڕەخنەگرانەوە، بەتەواوەتی فەرامۆش کراو وهیچ ئاوڕێکی لێ نەدرایەوە، بەڵام هەر کۆڵی نەدا، بەڵکو ڕاستگۆیانە و بە دڵسۆزی لە سەر کاری خۆی بەردەوام بوو، چونکە ئەو پیاوە ئاشقێنی لەگەڵ هونەردا دەکرد. ماک و ئامیانی هەموو سەرکەوتنێک کۆڵنەدان وئەشق وهەوڵدانە. مەحفوز سووربوو لەسەر ئەوەی بە وشە و لەڕێگای ئەدەبەکەیەوە، وێنەی کێشە زۆر و زەبەنەکانی کۆمەڵگە و وڵاتەکەی خۆی

بگرێت، تا سەرنج بخاتە سەر هەڵە وکیماسیەکان، تا ئەو هەڵە وکیماسیانە بێنە چارەکردن و کۆمەڵگە پێش بکەوێت و مرۆڤ بگاتە بەشێک لە ئاوات و خەون و خولیا و مرۆڤانیەکانی. واتە خەمی گەورەی مەحفوز ئەدەب بوو، چاوی لە هیچی دی نەبوو.

ئەدیبی دیکە هەبوون کە چاویان لە شۆرەت وسەروەت وشتی دی بوو، کە دیتیان ئەدەب ئەوەیان بۆ دابین ناکات، ڕوویان کردە کایە و مەیدانانی دیکەی وەک سیاسەت و پۆست وپایە و، هەڵپەهەڵپ بەدووی دام و دەزگای میدیاییدا تا دەربکەون و ناو دەر بکەن وناویان بهێنرێ وڕۆشناییان بکەوێتە سەر، بەشێکی زۆری ئەوانە لە ئەنجاما لە ئەدەب چوونەوە یان دەستبەرداری ئەدەبی باش بوون و ڕەدووی ئەدەبی ڕەوتەنی وجەلەبی و دەستکەوتی هەنووکەیی کەوتن.

نەجیب مەحفوز، پیاوێکی خاکی بوو، هەموو ژیانی بۆ هونەر تەرخان کرد، بیری لە دەستکەوتی هەنووکەیی ومادی نەدەکردەوە، شۆرەتخواز وخۆهەڵکێش نەبوو، سۆفیانە دەژیا و دەیڕوانیە ژیان، قەناعەتی وابوو ئەدەبێک ئەدەب بێ، درەنگ یان زوو ئاکامە باشەکانی بەدیار دەکەوێ و بوونی ئەدەبی خۆی دەسەلمێنێ. بۆیە دەکرێ بگوترێ لایەنە مرۆڤانی وئەخلاقیەکەی مەحفوز، کە لە جوانی وناسکیدا هاوتای بەرهەمە هونەری و ئەدەبیەکانی بوو، یەکێکە لە پاشخانە بنەڕەتیەکانی بلیمەتی و سەرکەوتنی ئەو.

گومان لەوەدا نییە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان جەستە وئەقڵی مرۆڤدا هەیە. جەستەی نەخۆش، کار لە هەست و هزری مرۆڤ دەکات،وات لێدەکات تووشی ڕەشبینی ببێت، لە خۆت، لەخەڵک ولەژیان بێزار ببیت، ئیدی ئەم بارە سایکۆلۆژی و دەروونییە لە نووسینەکانتا ڕەنگدەداتەوە، سکالا لە

حاڵی خۆت و کێشە شەخسیەکانی خۆت دەکەیت، کەبایەخی کارە ئەدەبیەکانت کەم دەکاتەوە. دیارە ساغڵەمی و نەخۆشی بە دەست ئینسان خۆی نییە، جاری وا هەیە نەخۆشی و نوقسانی بە میرات بۆت دەمێنێتەوە، یان لە هەلومەرجێکی تایبەتدا تووشی نەخۆشی دەبیت، بەڵام خۆ مرۆڤ لە سەریەتی خۆی بپارێزێ و ئاگاداری خۆی بکات و بەجارێ دەست لە خۆی بەرنەدا و خۆی بە زروف نەسپێرێ.

مەحفوز، لە هەوەڵی ژیانا، فوتباڵیستێکی زۆر چالاک وبەتوانا بوو کە چووە تەمەنەوە، وازی لە یاری هێنا، بەڵام خووی دایە وەرزشێکی دیکە ئەویش رێکردن بوو، لە تەمەنی هەشتاساڵیشا ئەو وەرزشەی هەر دەکرد. هەموو رۆژێک بەیانی زوو لەخەو رادەبوو، سەعات شەش و نیو دەچووە دەرێ و هەموو رۆژێ یەک سەعاتی تەواو رێی دەکرد. مەحفوز تووشی نەخۆشی شەکرە بووبوو. دیارە نەخۆشیەکە، کە زۆر کێشەی جەستەیی خۆی هەیە، لێ مەحفوز، بە سەبر وبەرنامە رووبە رووی ئەم نەخۆشیە بووەوە، هەم پارێزی لە خواردن دەکرد و، هەم پابەندی رێکردنی رۆژانەی خۆی بوو.خۆ ئەگەر ئیرادەی بەهێزی مەحفوز نەبوایە، هەرکەسێکی دی بوایە بەرگەی ئەو نەخۆشیەی نەدەگرت... لێ بە داخەوە، مەحفوز، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٤ دا هەوڵی تیرۆرکردنی درا، دەستبەرداری رێکردنی رۆژانەی بوو..

ئەم نووسەرە، کەسێکی بەبەرنامە بوو، حەزی لە ئاژاوە نەدەکرد، بەرنامەی رۆژانەی خۆی نەدەگۆڕی.. ئەوندە لە ژیانا بەبەرنامە و پابەندی بەرنامەداری بوو، حەزی لە سەفەر نەدەکرد، تا بەرنامەکەی لێ تێک نەچێت.. مەحفوز، لە هەموو تەمەنیا دووجار سەفەری دەرێی میسری کردووە، جارێکیان بۆ یوگوسلاڤیا، جاری دووەم بۆ یەمەن، هەر دووجارەکەش بە ئەرکی فەرمی راسپێردراوە. مەحفوز وێڕای ئەوەی زۆرجار

لە هەموو نکاڵێکی دنیاوە دەعوەت کراوە، بەڵام هەموو جارێ ئەو دەعوەتانەی ڕەت دەکردەوە و حەزی کردووە لە میسرا بمێنێتەوە و پابەندی بەرنامە ئاساییەکەی خۆی بێتەوە.

کاتێ مەحفوز لە ساڵی ١٩٣٤ دا زانکۆی تەواو کرد، لەبەر ئەوەی لە یەکەمەکان بووە، دەبوایە لەسەر حیسابی دەوڵەت بۆ خوێندن بۆ فەرەنسا بنێردرایە، بەڵام چونکە میسر لەو سەروبەندەدا بە قۆناغێکی زۆر خراپا تێدەپەڕی، ئەو بۆرسەی (زەماڵە ) بە نەسیب نەبوو. ئیدی لەوەوە سەفەری لەبەرچاو کەوت و دەرگای سەفەری بە یەکجارەکی لە خۆی داخست. نەجیب مەحفوز بە خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: "دوو زەماڵەم لە کیس چوو، یەکێکیان سەبارەت بە فەلسەفە، و دووەمیان دەربارەی زمانی فەرەنسی. هۆیەکەی ئەوە بوو حکومەت قیبتیەکانی دەچەوساندەوە، چونکە ئەوان (قیبتییەکان) کۆڵەکەی حیزبی وەفدی کۆن بوون کە هەمیشە دژایەتی شایان دەکرد، ئیدی بە هەڵە و بە ناوەکەما وایان زانیبوو منیش قیبتیم. من دووەمی بورسەکە بووم، یەکەمەکە قیبتی بوو، ئیدی گوتیان یەک قیبتی بەسە. ئیدی یەکەمەکە و سێیەمەکەیان وەرگرت و دووەمەکەیان کە من بووم پەڕاند.. ئیدی حەزی من شتێک و قەدەر شتێکی دی دەرچوو.. "

ئیدی خولیا وکەڵکەڵەی سەفەری لە بیر وخەیاڵی خۆی سڕییەوە وخۆی بۆ قەڵەم و قەڵەمڕانی تەرخان کرد وبەرنامەداری و پابەند بوون بە بەرنامەوە کردیە کارێک، ببێت بە خاوەنی بەرهەمێکی ڕێک و پێک و زۆر.. دیارە مەحفوز، لە زۆربەی هەرە زۆری ئەدیبانی هاوعەسری خۆی فرە بەرهەم تر بوو و زۆر لەخەمی ئەوەدا بوو بەرهەمێکی هونەری ناوازە و جوان و بەرزە ئاست پێشکەش بکات..

یەکێک لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی مەحفوز، بێ فیزی وسادەیی بوو، ئەم پیاوە وێڕای ئەو هەموو سەرکەوتنە هونەریەی چ لە ناوخۆ وچ لە دەرەوە بەدەستی هێنابوو، هەرگیز ڕێگەی بە غرور نەدەدا، لە خشتەی بەرێ، لە بەرخورد و مامەڵەیا چ لە گەڵ ئەدیبان و ڕۆشنبیران و چ لە گەڵ خەڵکی ئاساییدا، زۆر خاکی و بێ هەوا بوو. پەیوەندی مەحفوز، زیاتر پەیوەندییەکی مرۆڤانی بوو، لە پەیوەندیەکانیا ڕاستگۆ و بە ئەمەک بوو، وێڕای ئەوەی بوو بە نووسەرێکی نێودار و خاوەن پێگەیەکی ئەدەبی بەرز، بەڵام لە دۆست و هاوڕێکانی دانەبڕا. تەنانەت کۆمەڵێک دۆستی هەبوو، کەم و زۆر پەیوەندیان بە ئەدەبەوە نەبوو، هیچ شتێکیان دەربارەی بەهای ئەدەبی مەحفوز نەدەزانی، کەچی مەحفوز دەستبەرداریان نەدەبوو...ئیدی پیاوێک بوو لێبوردە، هەمیشە پاکانەی مرۆڤانی بۆ هەڵوێست وڕەفتاری بەرانبەرەکەی دێنایەوە و ئەمەش وایکردبوو کە هەمووان خۆشیان بوێ ورێزی بگرن.. مەحفوز ڕێزی نۆڕین و ڕای بەرانبەرەکەی دەگرت، چەند سوور بوو لەسەر ئەوەی بەو پەڕی ڕاستگۆیی وڕاشکاوی و ئەمانەتەوە ڕای خۆی دەربڕبڕێت، هەمان مافیشی بە بەرانبەرەکەی دەدا. پیاوێکی دیموکرات تەبیعەت بوو چ لە گەڵ خەڵکا و چ لە گەڵ ماڵ و منداڵدا، هەرگیز شتێکی بەسەر هەر دوو کیژەکەیدا، ئوم کەلسوم و فاتیمەدا نەسەپاندووە کە بە دڵیان نەبووبێ، گەنگەشەی لەگەڵ دەکردن، ڕای خۆی و ئەزموونی خۆی بۆ دەردەبڕین و ئەوسا سەرپشکی دەکردن بەوپەڕی ئازادی، هەڵوێستی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن..

بەهەرحاڵ مەحفوز یەکێکە لەو ئەدیبە دەگمەنانەی کە هەر دوو بەهرەی بەرزی هونەری و خەسڵەتی بەرزی ئەخلاقیان موتوربە کردبوو، ئەمەش قووڵی و ڕاستگۆیی و بەرزییەکی پتری بە ئەدەبەکەی داوە و بۆیە هەموو

ئەوانەی دەیانناسی، بە خەڵاتی نۆبڵەکەی زۆر خۆشحاڵ بوون و بە شایستەی هەر خەڵاتێکیان دەزانی.

(٣)

یەکێک لە خەسڵەت و سوخەتە هەرە دیار و جوانەکانی مەحفوز، پاکی و بێگەردی ئەخلاقی و هونەری بوو، ئەم پیاوە لە ژیانی خێزانداری و پەیوەندی دەگەڵ خەڵکیدا، نموونەیەکی بەرزی مرۆڤی ڕەسەنی میسری بووە، پیاوێک بووە وڵاتدۆست و بەشەردۆست و دوور لە هەر توندڕەوی و تەعەسوبێکی ئۆلی و هزری، قەناعەتی وابوو کە دینداری ڕەسەن، زیاتر ڕەفتار و ویژدان و پابەندییە تا سرووتی فۆرمالی و ڕواڵەتی بێ. ئەم کرانەوە هزری و دەروونیە بەرینە، لە دنیای هونەریی ئەودا بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە و هەمووان بێ جیاوازی لە نێوان موسوڵمان و مەسیحی و جولەکە، میسرین وهاوڵاتی میسرن.. هەمیشە باسی سەلامە موسای-جاڕکێشی زانست وپەرەسەندن وپیشەسازی وسوسیالیزم وئازادی ئافرەت—وەکو مامۆستایەکیخۆی دەکرد، ئەمە جگە لە تەها حسەین و عەقاد و مازنی و حەکیم و تەیمور و حەقی..

هەڵبەتە ڕۆماننووس، نابێ لەسەر شکۆی ڕابردووی بژی و دەبێ هەمیشە لەخەمی خۆ ڕۆشنبیرکردنی بەردەواما بێ، خۆی بە کایە نوێیە ئەپسترولۆژیەکاندا بکات، بۆیە دەبینین مەحفوز لەم پێوەدانگەوە هەردەم لە خەمی پێگەیشتنی هونەری و مرۆڤانی زیاترا بووە، لەسەرەتاوە بە چەند ڕۆمانێک، دەربارەی مێژووی میسری کۆن دەستی پێکردووە وپاشان بە ڕادەیەک گەشە ونەشەی کردووە کە بشێت بخرێتە ڕیزی پێشەنگانی ڕۆماننووسانی ڕیالیستی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی وەک تولستوی و دوستویفسکی و بالزاک و زولا و توماس مانەوە. بەهەرحاڵ مەحفوز لە

ڕۆمانە سیانیەکەیدا، کە خوێندنەوەیەکی هونەری یەجگار جوانە بۆ مێژووی میسر لە شۆڕشی ١٩١٩ وە تا کۆتایی دووەم جەنگی جیهان، گەییوەتە لوتکەی ڕیالیزم.. پاشان لەم قۆناغە ڕیالیستیەوە، دەچێتە قۆناغێکی هزری فەلسەفی و دەست بە مالیجەی هەندێک پرسێن هەستیار وگەورەی وەک پرسێن لاهوتی و پێغەمبەرایەتی و چەمکی ژیان و کێشماکێشی نێوان چاکە وخراپە، کە ئەمە بە زەقی لە " اولاد حارتنا، زعبلاوی، الطریق و الحرافیش "دا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە.

مەحفوز، پیاوێک بوو قەدری ژیانی دەزانی، کەسێکی بەڕەڵڵا و ئاژاوە دۆست و خۆهەڵکێش و ڕۆح زل و قۆرەدەماخ و فڕناخ نەبوو، خۆی لە کەس بە زیاتر و جیاوازتر نەدەزانی.. بەبەرنامە دەژیا و قەدری کات و وەختی دەزانی، خوێنەرێکی جدی و بەردەوام بوو، پەیگیری ڕۆژانە ڕووداوەکانی ناو میسر و دەرێی میسری دەکرد، تا دوا ساتەکانی تەمەنی لە خەمی تازەکردنەوەی ئەوزارە هونەرییەکانی خۆیدا بوو.. تا سەروی نەوەت ساڵیش لەوپەڕی چالاکی هزری خۆیدا بوو.. ئەم پیاوە قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو کە ئەدەبی سەردەمی مە، نە ئینشا کاری بۆش و بەتاڵە، نە ڕازاوەنەوە و ئاریشکاری زمانەوانیە، نە مینیاتوری فورماڵیە، بەڵکو هەوڵێکی زۆر جدیە بۆ هەڵینجانی مانا پەنهانەکانی گەردوون و بوون، هەڵسەنگاندنی ئەو بەهایانەی پێی دەژین، تاوتوێکردنی ڕەخنەگرانەی ئەقڵانی هەموو پرس ودۆزە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئولی و ئەخلاقیەکانە..

مەحفوز لە ساڵی ٢٠٠٦ دا کۆچی دوایی کرد و مۆری خۆی بۆ هەتاهەتایە نا بە مێژووی هونەری ڕۆمانی سەدەی بیستەمی عەرەب و عالەمەوە.

خوێنەری هێژا، ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستدایە، یەکێکە لە کارە ناوازەکانی مەحفوز و لەژێر سەر ناڤی " لەبەردەم عەرشدا " یە، کە گوایە دیالۆگێکە لە گەڵ پیاوانی میسر، لە میناوە تا سادات.. بەڵام لە ڕاستیدا لە دیالۆگی ئاسایی و تەنانەت لە دیالۆگێکی ڕەخنەیش هێوەتر ڕۆییوە. نووسەر، فەرمانڕەوایانی میسری یەک یەک لە گۆڕ دەرهێناوە ولەبەردەم دادگایەکی گریمانەییدا، پرس وجۆیان لەگەڵ دەکات، تا پاشان دادگایی بکرێن. ئەم پرس و جۆ و لێکۆڵینەوەیە چوار قۆناغ دەگرێتەوە، قۆناغی یەکەم فەرمانڕەوایانی سەردەمانی فیرعەونیان دەگرێتەوە، کە یەک لە دووی یەک دەهێنرێنە بەردەم دادگا و لە شا میناوە دەست پێدەکات و لە بسماتیک دا تەواو دەبێ. قۆناغی دووەم ئەو فەرمانڕەوایانە دەگرێتەوە کە لە سایەی ئیمپراتۆریەتانی بێگانەی وەک ئێران وڕۆمدا فەرمانڕەوایی میسریان کردووە. قۆناغی سێیەم فەرمانڕەوایانی سەردەمانی ئیسلامی دەگرێتەوە. قۆناغی چوارەم و کۆتایی فەرمانڕەوایانی سەردەمی هاوچەرخی میسر تا سادات دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا، پرسێن وەک خۆیبوون و خەبتین دژی داگیرکەر و مەسەلەی سۆسیالیزم و مۆدێرنیتە و ئەو شتانە دێتە ئاراوە.

هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە ئەم کارە لە گشت کارەکانی دیکەی مەحفوز جیاوازە ودەڵێن بەرهەمێکە، پێناسەیەکی تایبەتی هەڵناگرێت، چونکە نە ڕۆمانە، نە چیرۆکی کورتە و نە نمایشنامەیە و نە کۆ وتارە، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە هەموو ئەوانە، ئەمە جگە لەوەی پێداچوونەوەیەکی لەزوبەزە بە مێژووی میسرا لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەردەمی نەجیب مەحفوز..

نووسەر لەم بەرهەمەدا، دادگایەکی تایبەتی داناوە، کە ئەندامانی دادگاکە بریتین لە ژمارەیەک خواوەندانی کۆنی میسری وەک ئیزیس و " حورس " ی کوڕی. " ئۆزوریس "ش کە خواوەندی گەورەی میسرییەکان بووە، سەرۆکی ئەم دادگایەیە. دادگایەکە ئەتموسفێر و هاماجێکی تەواو ئەفسانەیی و گونجاو لەگەڵ سەردەمانی کۆنی میسریدا هەیە. " تحوت " کە خواوەند وکاتب وسکرتێری خواوەندانە، لە سەرەتادا ناوی فەرمانڕەوا گرینگەکان، کە تا ڕادەیەک دەستەبژێر کراون دەبات، پاشان کورتەیەکی ژیان و کرداری هەر یەکێکیان دەخوێنێتەوە، ئەوجا خواوەندی گەورە، ئۆزوریس داوا لە هەر یەکێکیان دەکات کە قسە بکەن و بەرەڤانی لە خۆ و کاری خۆ بکەن. ئەوانی دی کە لە دادگاکەدا ئامادەن، دەست بە ڕەخنە گرتن لە کارەکانی ئەو دەکەن. هەندێ پرس و جۆ لە دادگاکەدا دەخرێنە ڕوو کە مایەی ڕامان و سەرنجن. لەم پرس و جۆیانەدا دەبینین هەرکەسە لە نۆڕین و پێگەی خۆیەوە ڕەخنە لەوی دی دەگرێت و بە شێوەیەکی گشتی هەر فەرمانڕەوایەک لە چەند گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە، دەخرێتە بەر زەڕەبینی لێکۆڵینەوەوە. یەکێک لە خاڵە جوانەکانی ئەم دادگایە ئەوەیە کە ئەگەر مێژوو لە فەرمانڕەوایەک ڕازی بوو، مۆڵەتی دەدرێتێ تا وەکو نەمرێک لە ڕەوتی دواتری دادگاکە چالاکانە بەشداری بکات. بۆیە دەبینین فەرمانڕەوایانی کۆنی میسری وەکو مینا و ئەخناتوون، دەربارەی جەمال عەبدو ناسر قسە دەکەن و داوەری دەکەن.

هێڵی گشتی دادگاکە، لەسەر بنەمای خۆشی و پێشکەوتنی میسر ڕۆنراوە، بۆیە هەر فەرمانڕەوایەک بەو ئاراستەیە هەنگاوی نابێت شایستەی شادمانی و نەمرییە. هەر کەسێک بەو ئاراستەیەدا نەڕۆیی بێ، جێگای لە ناو دۆزەخیان و پووچگەرایاندایە. خواوەندی گەورە، ئۆزوریس، لە کۆتایی

دادگاکەدا حوکمێک بۆ فەرمانڕەوا یان پاشایەک دەردەکات، ئیدی بە گوێرەی ئەو حوکمە، کابرا دەخرێتە ناو نەمران یان هەتاهەتایە لە نێو سەرگەردانان و پووچگەرایاندا بە گومناوی و سەرگەردانی دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم دادگایە دادگایەکی میسری خالیسەیە، فەرمانڕەوایانی موسوڵمان یان مەسیحی بەشیوەیەکی کاتی دادگایی دەکرێن، تا پاشان چاوەڕوانی دادگایەکی دیکە بکەن کە بەگوێرەی باوەڕێن ئاینی خۆیان داوەریان دەربارە بکرێ. دەڵێن مەحفوز ئەم ڕۆمانەی دوای تیرۆر کردنی سادات لە لایەن گروپی جیهادی ئیسلامیەوە، نووسیوە و لە ژێر باندۆر و کاریگەری تەواوی ئەو بویەرەدا بووە. مەحفوز ڕۆمانی "ڕۆژی کوشتنی سەرۆک کۆمار" یشی بەو بۆنەیەوە نووسیوە، بەڵام ڕۆمانی " لەبەردەم عەرشا " دوای ئەو بڵاو بووەتەوەو لە ڕوانگەیەکی گشتی تر وفرە لایەنترەوە بەرخوردی دەگەڵ سیاسەت و حوکمڕانیا، لە میسرا کردووە.

ڕۆمانی " لەبەردەم عەرشا " لەساڵی ١٩٧٧ دا چاپ و بڵاو بووەتەوە. ڕاستە ئەم کارە شەقڵێکی دیکیومێنتاری و چڕی مێژووی میسری لە خۆ گرتووە و پێوە دیارە، بەڵام نووسەر خەمی گێڕانەوەی مێژووی ڕووتی نەبووە. مەبەستی سیاسی و ڕەخنەگرانەی هەبووە. دەیەوێ بەدەم ژماردنی کار وبەرهەم وخزمەتی هەر فەرمانڕەوایەکەوە، ئاقیبەتی کار وچارەنووسی کۆتایی ئەو دیاری بکات. تا لەو ڕێگایەوە فەرمانڕەواکانی دی پەند وەربگرن وخەتا وهەڵەکانی خۆیان ڕاست بکەنەوە.. بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێبێ. هەندێک فەسڵی ڕۆمانەکە یەجگار جوانن، بە تایبەتی سەردەمانی ناسر وسادات، کە لەوێدا پرسی ڕۆژو وەختی کۆمەڵگەی عەرەبی زۆر بە چڕی خراوەتە بەر زەڕەبینی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەوە..

دوا فەسڵیش، کورتەی ئەزموونی هەموو فەرمانڕەواکانی لە چەند ڕستەیەکدا چڕ کردووەتەوە، ئەوەمان نیشاندەدات کە هەرکەسێک فەرمانڕەوایی میسر بکات دەبێ بایەخ بە چ کاروبارێک بدات و خەڵکی ئەم وڵاتەش بۆ ڕزگاری خۆیان و وڵاتەکەیان، پێویستیان بە چ فەرمانڕەوایانێکە... فەرموون ئێوە و ڕۆمانەکە بە کوردی..

تێبینی:

بۆ نووسین و ئامادە کردنی ئەم وتارە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١ – در برابر تخت/ نجیب محفوظ/ ترجمه: محمد علی عسگری/ چاپ اول ١٣٩٤/ موسسه انتشارات پیدایش/ تهران. هەڵبەتە پەراوێزەکانی ڕۆمانەکەشم لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتووە.

٢ – فی الادب و النقد/ دکتور ماهر شفیق فرید/ ط١، ٢٠٠٧ ، الهیئة المصریە العامە للکتاب.

٣ – عباقرة و مجانین/ رجاء النقاش/ ٢٠٠٤/ اطلس للنشر و الانتاج الاعلامی. ش.م.م.

حەمە کریم عارف

## لە بەردەم عەرشا

( ١ )

دادگا، بە تێکڕای ئەنجوومەنی پیرۆز وهەقیقەتپەروەری خۆیەوە لە هۆڵی دادا کۆبووەوە. دیواری بەرز وبڵند، ڕازاوە بە نەخش و نیگاری ڕەمزی

خواوەندان، دەوری هۆڵەکەی داوە، ساپیتە زێڕێنەکەی، ئەو خەون و خولیا بەشەریانە نیشان دەدا کە بە بەرۆکیەوە خۆ نوێنی دەکەن. ئۆزوریس لە پێشی هۆڵەکە ولە سەر کورسیە زێڕینەکەی خۆی دانیشتووە، ئیزیس، لە دەستە ڕاستیەوەو لە سەر کورسیەکەی خۆی دانیشتووە، حورس لە دەستە چەپییەوەو لە سەر کورسیەکەی خۆی دانیشتووە. لە فاسیلەیەکی کەمی ئەوانەوە، تحوت، چوار مشقی دانیشتووە و کتێبێکی گەورەی لە سەر هەر دوو لاقە تێک ئالاوەکەی داناوە. لەمبەرولەو بەری هۆڵەکە، چەند کورسیەکی زێڕکفت بە ڕیز دانراون و بۆ ئەوانە دانراون کە بانگ دەکرێن و دوای ئەوەی ڕزگار دەبن، لە سەری دانیشن.

ئۆزوریس گوتی:

- لە کۆنی کۆنەوە، قەدەر و چارەنووسی بەشەر وابووە، کە ژیانی زەمینیان، بۆ ئەو دنیاش  لە گەڵیانا بڕوات و وەکو سێبەر لێیان نەبێتەوە و گەواهی ئەو کار و کردەوە و نیاز و نیەتیان بدات کە بە سەر جەستەی ڕووتیانەوە دیارە. دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، بڕیار درا کە ئەم ساتە ساتی یەک لا کەرەوەیە، ئەم دادگایەی کە بەرپا دەکرێ، بۆ گەشتێکیی دوور و درێژە بە ناو ڕۆژگارا.

ئەوسا ئۆزوریس ئاماژەیەکی بۆ حورس کرد، حورس بە دەنگێکی بەرز و ڕەوان هاواریکرد:

- شا منس.

پیاوێکی کفن پۆش، سەرکۆت و پێ پەتی، لە دەرگاکەوە و لەو سەری هۆڵەوەکەوە وەژوور کەوت، کابرایەکی کەتەی بە کەلەش و ڕوخسار گەش بوو، ڕۆیی و لە سێ شەقاوی عەرشەکەدا و بەوپەڕی ملکەچی ڕاوەستا.

ئوزوريس ئاماژەی بۆ " تحوت " ی کاتبی خواوەندان کرد، کتێبەکەی کردەوە و دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- مەزنترین پاشای، یەکەمین ماڵبات و خانەدانە. شەڕی لیبیاییەکانی کردووەو سەریاندا سەرکەوتووە، هێرشی کردووەتە سەر میسری ژێریو خستوویەتیە سەر بەشیباشووری مەملەکەتەکەی و خۆی کردووەو بە پاشای هەموو میسرو جووت تاجی لە سەر ناوە. ئاوەڕرۆی نیلی گۆڕیوە، شاری " منف "ی لەو پانتاییە بۆشەدا، کە لە ئەنجامی گۆڕینی ئاوەڕۆی نیلەوە دروست بووبوو، دروست کردووە.

ئوزوريس، ڕووی کردە مینا ( منس )وگوتی:

- چیت پێیە بیڵێ.

شا مینا گوتی:

- " تحوت"ی کاتبی خواوەندان، ژیانی منی لە چەند وشەیەکدا کورت کردەوە. قسە ئاسانە. بەڵام کردەوە زۆر گرانە.

ئوزوريس گوتی:

- ئێمە ڕاوبۆچوونی خۆمان لە مەڕ هەڵسەنگاندنی خەڵکی و کار وکردەوەیان هەیە، ئیدی کاتەکە بە خۆ هەڵکێشان و خۆ تاریف کردنەوە بە فیڕۆ مەدە.

شا مینا گوتی:

- من مەملەکەتی باشوورم، بە میرات و لە بنە ماڵەکەمەوە بۆ مابووەوە لە پاڵ ئەو میراتیەدا، میراتیەکی دیکەشم لەوانەوە بۆ مابووەوە خەون و

خولیایەک بوو کە بەردەوام هۆش و گۆشی پیاوان و ژنانی خانەوادەکەمانی مژوول کردبوو، ئەویش پاکسازی وڵاتەکەم بوو لە بێگانان و دروستکردنی یەکێتییەکی هەمیشەیی لە نێوان هەر دوو باکوور و باشووری میسر.

هەڵبەتە دەنگی پوورە " ئوز " م بە هێزترین ئەنگیزە و هاندەر بوو بۆ گەشاندنەوەی ئەو خەونە گەورەیە. هەمیشە بە بەزەییەوە تەمەشای دەکردم و دەیگوت:

- یانی تۆ بە تەمای هەموو تەمەنی خۆت بە خواردن و خواردنەوە و ڕاو و شکار بە فیڕۆ بدەی؟

هەندێ جاریش بە فیزەوە دەیگوت:

- ئوزوریس، بۆ ئەوە فێری کشت و کاڵی نەکردین، تا لە سەر نۆرە ئاو، بە گژ یەکا بچین.. بەژنە ئازیز و خۆشەویستەکەمم گوت، هەست دەکەم ئاگرێک کەوتووەتە دڵ و دەروونم، تا ئەم خەونەم نەیەنمە دی قەت کڵپە و بڵێسەی دانامرکێتەوە، جا چونکە شابانوویەکی زۆر ڕەسەن و هاوسەرێکی باش بوو، بە جۆش و خرۆشەوە پێی گوتم:

- مەیەڵە لیبیاییەکان هەڕوگیف لە پایتەختەکەت بکەن، مەیەڵە ئەو مەرز و بۆ و خاکەی کەنیل یەکی خستووە، پارچەپارچەی بکەن.

ئیدی بەو نیاز و مەبەستە کەوتمە ڕاهێنان ومەشقدادانی پیاوانی سەرسەخت و عەگید ودڕ، لە بەر خواوەندان پاڕامەوە کە لێم ڕازی بن و دەستم بدەن و کارێکی وەها بکەن، خەونە دێرین و هەمیشەییەکەی باب و باپیرانم لە سەر دەستی من بێتە دی.

ئوزوریس گوتی:

- بەڵام خوێنی سەد هەزار لیبیایت بەڕشتن دا!

- گەورەم، ئەوانە دەست درێژکار بوون.

- هەروەها دوو سەد هەزار میسرییانی باکوور وباشوورت بە کوشتن دا.

- ئەوانە بوون بە قوربان وفیدای ئەم یەکێتیە.. دوای ئەوە ئاشتی و ئاسایش بەرقەرار بوو و شەڕ و کوشتار و خوێنڕێژی وەرزانە لە سەر ئاوی نیل کۆتایی هات.

ئۆزوریس لێی پرسی:

- باشە بۆچی قەناعەتت بە میللەتی خۆت نەکرد، بە گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن و پەنا بۆ شمشێران نەبەن؟

- من ئەو کارەم لە گەڵ هەندێک لە دەر و دراوسێکانما کرد و هەندێکیان بە بێ شەڕ و کوشتار بە گەڵمان کەوتن. پاشان ئەوەی لە زەرفی چەند ساڵێکا بە شمشێر هێنامە دی، بە وشە، بە درێژایی تەمەنی چەند نەوەیەک نەدەهاتە دی.

- گەلێک لەوانەی لە بنەڕەتدا ڕادیکاڵن و باوەڕیان بە توند و تیژی هەیە، ئەو لۆژیکە دەکەن بە دەستاوێزی خۆیان.

مینا، بە هەڵچوونەوە هەڵیدایێ:

- ئاسایش و تەناهی و سەروەری و شکۆ و جەلالی میسرم لە هەموو شت پێ فەرزتر بوو.

- هەروەها شکۆ و جەلالی شەخسی خۆتیش.

شا مینا، بە ملکەچیەوە گوتی:

- نکوڵی لەمە ناکەم، بەڵام خێر و خۆشی و ئاسایش سەرانسەری وڵاتی گرتەوە.

- هەڵبەتە ماڵبات وکەس وکار ودەست وپێوەندەکەت، زۆرترین پشکیان بەرکەوت و جوتیارانیش کەمترین بەش.

- زۆربەی سەردەمی حوکمڕانی من، بە جەنگ وبونیاتنان و ئاوادەن کردنەوەوە بە سەر چوو. من هیچ خێرێکم لە ژیانی کۆشک وتەلاران نەبینی، وەکو پێویست لەزەتم لە خواردن وخواردنەوە نەبرد، جگە لە ژنەکەی خۆم دەستم بەر دەستی هیچ ژنێک نەکەوت. خۆ ئەوانەش کە هاوکارم بوون، دەبوایە بە گوێرەی کارەکانیان پاداشتیان بدرێتەوە..

ئیزیس، مۆڵەتی قسەکردنی خواست، ئەوسا گوتی:

- سەروەرم، تۆ بەشەرێک دادگایی دەکەیت، نەک فریشتەیەک، ئەم پیاوە عەگید و بوێرە ئەوەندەی بەسە بەوپەڕی پارساییەوە وڵاتی لە بێگانان پاک کردووەتەوە. میسری یەکخستووە، وزە و توانا پەنهانەکانی میسری کەشف کردووە و خێر وبێر و سەروەت و سامانی بێ سنووری ئەم وڵاتەی ئاشکرا کردووە، ئەمن و ئاسایشی بۆ جووتیاران دەستەبەر کردووە، بەڕاستی کوڕێکە مایەی شانازی، من شانازی بە بوونی کوڕی واوە دەکەم.

ئوزوریس کەمێک بێدەنگ بوو وئەوسا گوتی:

- پاشا، لە سەر یەکەم کورسی، ڕیزە کورسی دەستە ڕاستا ڕونە.

شا مینا، بەرەو کورسییەکەی ڕۆیی، ئیدی بۆی دەرکەوت کە کونیەکەی پاکە و، لە دادگایی خەلەسیوەو لەو دنیا جێگەی بەهەشتە.

**

پەراوێز:

١- مینس ( مینا ) بە یەکەمین فیرعەونی میسر دێتە ژماردن کە یەکێک لە فیرعەونە زۆرمەند وتوێدارەکان بووەو توانیویەتی میسری سەرو وخواروو یەکبخات، مینا، دامەزرێنەری شاری مەمفیسە. نەجیب مەحفوز لەم بەرهەمەدا بە مینا ناوی دەبات.

٢- تحوت، خواوەندێکی میسرییە، بە سەری لەق لەق کە یونانیەکان هرمزی پێدەلێن، ئەمە سەرچاوەو ڕەمزی ئەقڵی ڕەها بووە، هەموو هونەرەکانی فێری میسرییەکان کردووە. ئەو داهێنەری خەتی هیروگلوفیە.

٣- ئوزوریس و ئیزیس دوو خواوەندی میسری کۆنن. ئیزیس هاوسەر یان خوشکی ئوزوریسە. بە دایکی میسر و ڕەمزی خاک وئاوەدانی ئەم وڵاتە دەژمێردرێ. ئەم دوو خواوەندە ئاشقە فرزەندێکیان هەس بە نێوی حورس. دەڵێن ئوزوریس بە خەنجەری برا بوغزن وکینەکێشەکەی خۆی کوژراوە، بەڵام ئیزیس بە هێنانی حورس توانای ئەم پاشایەی پاراستووە. لە سەردەمی زێڕینی ئەفسانانی میسریدا، ئەم ئوزوریسە کە بەشەر فێری کشت وکاڵ دەکات، سەرەنجام بە دەستی براکەی کە بەرپرسی هەورە تریشقە و تۆفان و تاریکییە دەکوژرێ.

( ٢ )

حورس هاواریکرد:

- پاشا زوسر و " ئیمحوتب "ی وەزیری.

لە دەرگایەکی ئەوسەری هۆڵەکەوە، دوو زەلام، دوابەدوای یەک وەژوور کەوتن. ئەوەی پێشەوە کابرایەکی چوارشانەی تۆکمە بوو، ئەوەی دواوە

باریک و بنێسێکی کەمێ کورتە باڵا بوو، هەردووکیان بە کفنەکانیانەوە، سەرکۆت وپێ پەتی بوون، هەردووکیان بەرەو عەرشەکە چوون ولە هەنبەر ئۆزوریس دا بەڕیز وەستان.

ئۆزوریس ڕوویکردە ئیمحوتب وگوتی:

- وەرە پێشەوەو شان بەشانی پاشا بوەستە، چونکە لێرەدا، لەم شوێنەدا جیاوازی لە نێوان پاشا و ڕەعیەتدا نییە.

ئیمحوتب، بە ئەمرەکەی کرد، " تحوت "ی کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوەی لاپەڕەیەکی تازە کرد:

- شا زوسەر،ماڵبات وخانەوادەی سێیەمی بونیاد ناوە، نوبە "سودان "ی غەزوو کردووە، لە سارا و بیابانی ڕۆژهەڵاتیدا، کانگای مسی دۆزیوەتەوە، هەرەمی پلیکانەیی دروست کردووە. بەڵام وەزیر ئیمحوتب، زانا ودانایەک بووە، خەڵک، نەوە دوای نەوە حیکمەتەکانیان لە بەر کردووەو گوتوویانەتەوە. لە واری دکتۆری و ئەستێرەناسی و جادوو و ئەندازەدا، زۆر بەهرەدار و بەتوانا بووە، لە نێو خەڵکیدا خۆشەویست بووە، سەدان ساڵ دوای مردنی بە ڕێزەوە باسیان کردووە و ناویان بردووە.

ئۆزوریس داوای لە شا زوسەر کرد قسان بکات. گوتی:

- وڵاتێکی یەکگرتوو وپان وبەرین وبێ سنوورم بە میرات کەوتە بەردەست، یەکپارچە خێروبێر وسامان بوو، حەزی لە سوڵح و ئاشتی بوو، بەڵام خەڵکانێک چاوی تەماعیان تێ بڕی بوو. من سیاسەتێکم بۆ خۆم و بۆ ئەوانەی لە دوای من دەهاتن دامەزراند و گرتەبەر کە بەرگری وبەرەڤانی لە میسر وا دەخوازێ هێرش بۆ سەر خەڵکانی دەرێی سنوورەکانی میسر

بکەم، جا چونکە نوبە "سودان " لە هەر وەڵاتێکی دی پتر هاتبووە ناو وەڵاتەکەمەوە، ئیدی بڕیارم دا سنوورەکانی باشوور، بە هێرش کردنە سەر باکوری نوبە "سودان " فراوان بکەم و لەوێ پەرستگەیەک بۆ خواوەندی میسر دروست بکەم. ئیدی ئیمحوتب بە زانایی و دانایی خۆی گەنجە پەنهانەکانی سارای ڕۆژهەڵاتی کەشفکرد. ئیدی من چەند شاندێکم بۆ کەشفی ژێرزەوی بۆ ئەوێندەر ڤڕێ کرد. ئیدی بەوجۆرە کانە مسمان کەشفکرد کە هەم بۆ ئاشتی و هەم بۆ شەڕ زۆر بە سوود بوو. ئیدی خێرو بێر وسەروەت و سامانی میسر زیادی کرد وهەرەمی پلیکانەییم دروستکرد، هانی بڵاوبوونەوە وپەرەسەندنی زانستانم دا، زانایانی ئەم بوارەم خەڵات کردن، لە ڕۆژگار وسەردەمانی مندا، میسر هێز وپێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی.

ئوزوریس، داوای لە ئیمحوتب کرد قسە بکات. گوتی:

- من هەر بە تەبیعەت حەزم لە زانست ومەعریفەت بوو، لەلای گەورە کاهینانی مەمفیس "منف" دەرسم خوێند، ئیدی لە بواری نوژداری وئەندازە وفەلەک و ئەستێرەناسی وجادوو وحیکمەتا گەییمە باڵاترین ئاست، وەختێ پاشا بە سەرکەوتنی منی زانی، داوای لێکردم لە دەربارەکەی ئەوا کاربکەم. هەرچەندە من سەر بە ڕەمەکی مەردم بووم، بەڵام لەوەدوا، هەر کارێکم پێ دەسپێردرا، زۆر بە چاکی و سەرکەوتووانە ئەنجامم دەدا. سەرکەوتووانە شابانووم لە یەکێک لە نەخۆشییەکانی لە سک وزا چوونەوە ڕزگار کرد. بە سیحر وجادوو دۆتمیرە گەورەکەی شام، لە ڕۆحێن شەڕانی و چاوی بەد ڕزگار کرد وچاکم کردەوە، ئیدی پاشا پۆستی وەزارەتی دامێ و داوای لێکردم کە سەرپەرشتی بینای هەرەمێکی بۆ بکەم، کە یەکێک لە بینا هەرە جوان و نموونەییەکانی سەردەمی خۆی دەرچوو. دیارە، ئەو هەموو

پێشکەوتنەی من چ لە زانست و چ لە کردەوەدا، بەهۆی پشتیوانی و ئیلهام و سروشەکانی " رع " وە بوو.

ئوزوریس بە شا زوسەری گوت:

- تۆ، بێئەوەی نوبە هیچ نیاز و دەست پێشکەرییەکی دژمنایەتی بۆ سەر وڵاتەکەتکردبێت، نوبەت داگیر کرد؟

شا زوسەر گوتی:

- سەروەرم عەرزم کردی، من گەیی بوومە ئەو باوەڕ و قەناعەتەی کە بۆ بەرگری و بەرەڤانی لە سنوورەکانی خۆت، دەبێ پەلاماری دەر ودراوسێکانی خۆت، ئەوانەی دەرێی سنوورەکانی خۆت بدەیت.

- ئەمە تیور وبۆچوونی کەسێکە کە هێزی هەبێت و لە دڵی خۆیدا نیازی دژمنایەتی و داگیرکاری هەبێت..

- ئەرکی یەکەمی من ئەوە بوو وڵاتەکەم لە ئەگەری هەر ئاسیو وئازارێکی گریمانەیی بپارێزم..

- تۆ پەرستگەیەکت بۆ خواوەندی میسر دروست کرد و هەموو ئەو زەوی و زارەت، کە هەژاران سوودیان لێدەبینی وەقفی ئەو پەرەستگەیە کرد.

- بەهەر حاڵ، پەرستگا مافێکی هەیە، باڵاتر لە هەر مافێکی دی.

- ئەم قسەیە، بە بێ ڕەچاوکردنی هەلومەرج و واقیعی سەردەمی خۆی مایەی قبووڵ نییە.

پاشا، بیدەنگ بوو، ئوزوریس گوتی:

- سەبارەت بە کرێکارانی کانەکان، هیچ مەسەلەیەکی نوژداری ڕەچاو نەکرابوو، بۆیە ژمارەیەکی زۆریان لێ زایە بوون!

پاشا گوتی:

- هیچ دەستکەوتێکی گەورە بە بێ فیداکاری و قوربانیدان بە دەست نایەت.

ئوزوریس، ڕوویکردە وەزیر ئیمحوتب و گوتی:

- باسی هەڵوێستی خۆتم سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەم پاشایە بۆ بکە.

وەزیر ئیمحوتب گوتی:

- بۆچوون وهەڵوێستی من ئەمە بوو کە پەیوەندی بازرگانی بۆ ئەمنیەتی سنوورەکان، لە هێرشێنلەشکری سەرکەوتووترە. سەبارەت بە پەرستگەکەش گوتم، دەبێ تێچووی پەرستگەکە لە میسرییەکان وەربگیرێ و خەڵکی هەژاری نوبە لەم کارەمەعاف بکرێن. من تکام کرد، کە هیچ شاندێک بۆ سارای ڕۆژهەڵاتی ڤڕێ نەکەین، تا ئیمکانات و هەل ومەرجی نوژداری وبیمەی تەواوی بۆ دابین نەکەین، لێ سەروەرم (پاشا) زۆر پەرۆشی ئەوە بوو بە زووترین کات،فاکتەرێن ئەمن و ئەمانی میسر وخۆشگوزەرانی خەڵکەکەی دابین بکات..

ئوزوریس پێی گوت:

- بەختەوەر کەسێکە کە بتوانێ لە بەردەم مەدا داکۆکی لە خۆی بکات، ئیدی هەوڵی ئەوە مەدە بەرگری لە غەیری خۆت بکەیت. خواوەندانی میسر درێغیان لە پەروەردە کردنی ئەنگۆدا نەکردووە، سەرەتا وپرەنسیپەکانی کشت وکاڵی وجەنگاوەری و ئەخلاقیان فێر کردوون.

ئیزیس، مۆڵەتی قسەکردنی خواست، ئەوجا گوتی:

- زوسەر، وێڕای هەڵەکانی، پاشایەکی مەزنە، " ئیمحوتب " ش لەو ڕۆڵە ئازیزانەیە کە میللەت شانازی پێوە دەکەن..

ئوزوریس لێرەدا هەڵیدایە وگوتی:

- ئەی پاشا، لەوەی پتر سەرزەنشتت ناکەم. دەی خۆت و وەزیرەکەت بڕۆن لە ڕیزی نەمراندا دانیشن.

زوسەر، لەلای ڕاستی میناوە ڕۆنیشت. " ئیمحوتب "ش لە دەستە ڕاستی زوسەرەوە دانیشت.

**

(٣)

حورس بانگی کرد:

- شا خوفو.

پاشا بە بەژن وبالا پتەو وبەرزەکەیەوە، بە سەری کۆت و بە پێی پەتی و بە کفنەکەی بەرییەوە هات وبە ملکەچی و گوێڕایەڵی لەبەردەم عەرشەکدا وەستا.

تحوت،سکرتێرو کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- شا خوفو، دامەزرێنەری بنەماڵە و خانەدانی چوارەم و خاوەنی گەورەترین هەرەمە، کاروباری وڵاتی بە جۆرێ ڕێکخستبوو، کە نە پێشتر ونە پاشتر، زەبت وڕەبت و زاکونی وای بە خۆوە نەبینی بوو. لە سەردەمی ئەوا، وڵات پڕ بوو لە خێر و بێر و فەڕ و بەرەکەتی زۆر و بازاڕێن ئاوا و

ئاوەدان. کشت وکاڵ وپیشەسازی و هونەر برەوی سەند وڕەونەقی پەیدا کرد، گەییە لوتکەی بەرزی، هەیبەت و شکۆ و جەلالی فیرعەون، وەکو هەتاو لە ئاسۆی جیهاندا کەوتە درەوشانەوە، تیرە و تایفە و خێڵەکان ترسیان لێنیشت وئیدی ئاشتی و تەبایی باڵی بە سەر وڵات وهەموو خەڵک و خوادا کێشا..

ئوزوریس، داوای لە پاشا کرد قسە بکات. پاشا گوتی:

- من هەر لە منداڵییەوە، حەزم لە نەزم و نیزام و زاکونی بوو. باوەڕم وابوو کە هەر کار و چالاکییەک دەبێ بە گوێرەی یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی ئەنجام بدرێت، لەم ڕووەوە، هیچ جیاوازییەک لە نێوان پۆلیس وبەردتاش وبەنا وتەنانەت ژیانی خێزانداری و هاوسەریشدا نییە، نابێ هیچیان لە یاسا وڕێسای تایبەتی بەدەربن. ئیدی سیستەم لە هەموو شوێنێکدا، بە سەر کارمەندان وپۆلیس وئەمن وپەرستگاکاندا جێبەجێ کرد، ئیدی میسر بوو بە خاوەنی کۆمەلێک داب ونەریتی باڵا و نەزم و نیزام و یاسا وڕێسای ورد. ئەمە کردیە کارێک بپەرژمە سەر دروستکردنی گەورەترین بینایەک کە تیرەی بەشەر تا ئەو ڕۆژە شتی وای بە خۆیەوە نەبینی بوو. هەزاران کەس بە درێژایی بیست دانە ساڵ بەشداریان لە دروستکردنی ئەم بینایەدا کرد، بێئەوەی کەمترین خاوەخاو وسستی لەم کارەدا پەیدابێ. هیچ کرێکارێک نەبوو لە مدارا و چاودێری مەحرووم ببێ.لە هەمان کاتا لە چاودێری ورد و بەردەوامی من بە دوور نەبوو، بەمجۆرە میللەتی من ئەزموونێکی ئەفسووناوی بە سەرکەوتوویی تێ پەڕاند وتوانای لە ڕادەبەدەری خۆی لە، واری خزمەتی خواوەند و وەدەست هینانی ڕەزامەندی و بەرەکەتی خواوەندا، بۆ هەموو دنیا سەلماند.

ئوزوریس پرسی:

- میللەتەکەی خۆت، چەوساندەوە تا گۆڕستانێکت بۆ دروست بکەن؟

شا خوفو گوتی:

- ئەگەر مەبەستم گۆڕ و گۆڕستان بۆ خۆم بایە، لە قووڵایی چیا و چۆڵ و دوور لە چاوی حەسوودان، هەڵمدەکەند. من ئەمەم وەکو ڕەمزێک بۆ جاویدانی وهەرمانی خودایی دروست کردووە، پڕ لە ڕەمز وڕازی ئەوتۆ کە هەرگیز وهیچ ئەقڵێکی بەشەری پەی پێنابات. خەڵکی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ڕکابەری یەکیان دەکرد، منیش شارێکی تەواو وخۆش وپیرۆزم بۆ دروستکردن، کە کارکردن لەوێدا تەنیا بۆ خوا و لە ڕای خوادا بێ.. کارێک بوو کە شایستەی مرۆڤێن ئازاد بوو نەک کۆیلە و بندەست!

ئوزوریس، ڕووی کردە ئەو کەسانەی کەلە سەمتی ڕاستی ئەوەوە دانیشتبوون و نەمریان لەو دنیا بەدەست هێنابوو، گوتی:

- کێ قسەی هەیە، بۆی هەیە قسەی خۆی بکات.

شا مینا گوتی:

- کارێکی گەورەیە، شایستەی ئافەرین و دەستخۆشیە، دروستکردنی شارە مەزنەکەی مەمفیس (منف) م بیر دەخاتەوە کە تەمەن مەودای نەدام تەواوی بکەم.

شا زوسەر گوتی:

- ئەگەر ئەم هێز و توانایەی بۆ هێرش کردن ودابینکردنی ئەمن وئاسایش تەرخان بکردایە، زۆر باشتر بوو.

شا خوفو گوتی:

- سەروەت وسامانی وڵاتانی هاوسنوور، بە بێ شەڕ وکوشتار دەهات، خەمی پاراستنی گیانی میللەت ورەعیەتەکەمم، پێ کەمتر نەبوو لە خەمی شکۆ و جاویدانی.

ئوزوریس پێی گوت:

- بەڵام تۆ خوێنی کەسێکی بێ تاوانت بە نەهەق ڕشت، کاتێ پیاوێک پێی گوتی، منداڵێک تەخت و تاجەکەت بە میرات دەبات.

- بەهەرحاڵ پاشا دەبێ داکۆکی و بەرەڤانی لە تەختەکەی بکات، ئەمەش داکۆکییە لە یەکێیەتی میللەت و پیاو لە پێناوی ئەوەدا، هەم دروست دەکات و هەم هەڵە.

- باشە ئەمە بە گژا چوونەوەی خواست و ئیرادەی خوا نییە؟

- ئێمە ئەوە دەکەین کە پێمان وایە پێویستە بیکەین، بەڵام خوا هەرچیەکی بوێ دەیکات.

ئوزوریس گوتی:

- بەڵام دەنگۆ داکەوتبوو کە کیژە گەورەکەی تۆ ڕووی کردبووە فاحیشەگەری.

خوفو بە خەمباریەوە گوتی:

- جارێ وا هەیە، نەجیب ترین خەڵک، بێئەوەی بە خۆ بزانن، ناموس و ئابڕوویان دەکەوێتە خەتەرەوە.

- بەڵام دەڵێن تۆ، ئەم کەوتنەی ئەوت لە بەر گران نەبووەو بە نوقڵانەی خێرت زانیوە، تا لەم ڕێگایەوە، ڕووبەڕووی ئەو ڕەنج و ئاسیوە ببیتەوە کە تووشت بووبوو؟

- قوربان ئەمە بۆختان و ئیفترایە و بۆختان و فریو لەم هۆڵە پیرۆزەدا نەشیاوە!

ئیزیس مۆڵەتی قسەکردنی خواستو ئەوجا گوتی:

- ئەمە پاشایەکە، وەکو هەتاو بە ئەسمانی پاشایانەوە دەدرەوشێتەوە، زۆر ئیمپراتۆرەتان، تیاچوون ونەمان، بەڵام هەرەمەکەی ئەو هەر بە بەرزی ماوەتەوە، شکۆ وجەلالی ئەو تاکو ئێستاش، مایەی حەسوودی وئیرەیی خەڵکانی بێ توانای وڵاتەکەی خۆی و خەڵکانی بێگانەیە.

هەنگێ ئوزوریس گوتی:

- ئەی پاشا، بڕۆ لە سەر کورسیەکەی خۆت و لە نێو نەمرانا ڕوونە.

**

پەراوێز:

١- زوسەر: دووەم فیرعەونی خانەدان و ماڵباتی سێیەمە کە ماوەی بیست و نۆ ساڵ حوکمڕانی کردووە. بە کۆمەک ویارمەتی وەزیرەکەی خۆی ئیمحوتب، هەرەمی پلەداری لە سقارە دروستکردووە کە تا ئێستاش هەرماوەو بە یەکەمین بینای بەردینی جیهان دەژمێردرێ. هەرەمەکانی دواتر بە چاولێکەری ئەم نموونەیە دروست کراون. هەرەم لە نک میسرییەکان ڕەمزی توانای پاشا ولە هەمانکاتدا گۆڕستانی ئەو بووە. پلیکانەداری هەرەمیش نیشانەی چوونی فیرعەون بۆ لای " رع " ی خواوەندی خۆر بووە.

٢- " رع " گرینگترین خواوەندی میسری کۆن بووە، ڕەمزی هەتاو یان نیوەڕۆ بووە. لە نۆڕین و دیدی خەڵکی شاری " هلیوپلیس " ەوە لە ئاوی سەرچاوەی کۆنی " نون " وەیان لە یەکەمین گوڵی نیلوفەری شین دروست بووە. ئەویش پاشان هەوای شو و ڕتوبەتی " تفنوت "ی دروستکردووە کە بووەتە سەرچاوەی دروستبوونی خوای زەوی " جب " و خواوەندی ئاسمان " نت " . ئەو لە شێوەی پیاوێک بە سەری هەڵۆ نیشاندەدرێ، کە دار عاسای پاشایەتی بە دەستێک و ئەنەخ ( ڕەمزی ژیان )ی بە دەستەکەی دیکەیەوە گرتووە. هەتاو بە سەر سەرییەوە دەبینرێ. " رع " ، بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، باڵاترین خواوەندی میسرییان بووە.

٣- خوفو، یان خیوپس: بە یەکێک لە بە تواناترین و ستەمکارترین پاشایانی میسر دەژمێردرێ. هەرەمە گەورەکەی ناوچەی جیزە، گۆڕی ئەوە. سێ هاوسەری فەرمی هەبوو کە هەر یەکێکیان لە یەکێک لە سێ هەرەمە بچووکەکەی نزیکی هەرەمە گەورەکەدا نێژراون. هیرۆدوت لە بارەی ئەوەوە دەڵێت: " خوفو وڵاتی میسری تووشی هەموو جۆرە نەگبەتیەک کرد. پەرستگاکانی داخست، قوربانی کردنی لە ڕەعیەتەکەی خۆی قەدەغە کردو واداری کردن کە هەموو کرێکاری بۆ بکەن، میسرییەکان بە زەحمەت ناوی ئەویان دێنا، هەڵبەتە ئەمەیان لە ڕقا بوو، ئەوەندە ڕقیان لێی بوو، حەزیان نەدەکرد ناوی بەرن، نۆ کوڕ و پازدە کیژی هەبوو.



حورس هاواریکرد:

- حەکیم " زانا، عارف، فەیلەسوف، پزیشک " بتاح حوتب.

پیاوێکی وردیلەی لاواز وەژوور کەوت. سەری کۆت وپێی پەتی بوو، بەڵام ئەم دیمەنە، لە سام و ویقاری کەم نەکردبووەوە. بەکاوە خۆ هاتەپێشەوەو بە ئەدەب و نەزاکەتەوە لەبەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا.

تحوت، سکرتێرو کاتبی خواوەند، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- حەکیم بتاح حوتب، سەد و دە ساڵ ژیاوە. وەزیری شا " ئەسیس " بوو کە یەکێک بوو لە پاشایانی ماڵبات وخانەدانی پێنجەم. خاوەنی ئامۆچیاری و پەندێن بەهادار و بە نێوبانگە.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من زانست لە پەرستگەی بتاح فێر بووم. هەر لە منداڵییەوە توانا و بەهرەم بەدیار کەوت. ماوەیەکی زۆر کاری ئاینیم کرد، تا ئەوە بوو پاشا کردمی بە وەزیری خۆی، بەڵام ئەم دەوران و ڕۆژگاری جەلال وشکۆیە هێندە بلەز بووری، وەکو ئەوەی لە ئیجادی نەبووبێ، پاشایانێ هاتنە سەرتەخت نە دەسەڵاتیان هەبوو ونە ئاوەزو حیکمەت، لە جیاتی بونیاتنان و ڕاوێژ و تەگبیر و خزمەتی ئامانجەکانی میللەت، کەوتنە خزمەتی خۆیان. ئیدی دەسەڵاتی ڕوحانیان زیادی کرد، فەرمانڕەوایانی دەوروبەر تەماعیان زاڵ بوو، خولیا وکەڵکەڵەی دەسەڵاتیان کەوتە سەر، گەندەڵی لە نێو فەرمانبەرانا بڵاو بووەوە، جووتیاران لە ژێر نیریزوڵم و ستەما دەیان ناڵاند. هاوار و سکاڵای مەردم، وەکو دووکەڵ بەرز بووەوەو بەری ئاسمانی گرت. ماوەیەکی زۆرم بەدەم ڕامانەوە لەم ڕەوشە تاڵە بەسەر برد. پەیوەندی گونگ و ئاڵۆزی نێوان خواوەند و مەردوم، حایری کردبووم. درێغیم لە ئامۆژگاری کردنی فەرمانڕەوایان نەکرد، بەڵام هەرهەموو ئەم هەوڵ وئامۆژگاریانە، لە هەزار تویێی فەرامۆشکاریو خۆپەرستیەکانیاندا ئاوابوون.

کاتێ گەییمە تەمەنی سەد و دەساڵی، پاشا بە شوێنیا ناردم، ئەمری پێکردم کتێبێک بنووسم کە هەڵبژاردەیەک لە پەند وئامۆژگاریەکانمی تیا تۆمار بکەم، ئیدی وام کرد.

ئۆزوریس پێی گوت:

- هەندێک لە ئامۆژگاریەکانتمان پێ بڵێ.

بتاح حوتب گوتی:

- کە کەسێکی گەورە دەعوەتی خواردنی کردیت، هەرچیەکی بۆ دانایت قەبووڵی بکە و تا پرسیارت لێنەکرا هیچ قسەیەک مەکە.

- باشە هۆی بایەخدانی تۆ بە دابی سفرە و خوان چ بوو؟

- بە ڕواڵەت، ئەتەکێتی سفرە وخوانم مەبەست بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکا دەمویست، وڕگدڕاوی و نەوسنی و چاوچنۆکی ئەو کاهینانە ئاشکرا بکەم و لە قاو بدەم، کە ڕۆژ بەڕۆژ داوای زیاتریان لە ئەوقاف دەکرد وئەوەندەیان خواردن وخواردنەوە تێ دەتڕان تووشی ئینتەلا دەبوون!

ئۆزوریس گوتی:

- ئامۆژگاری و پەندی زیاترمان بۆ بگێڕەوە.

بتاح حوتب گوتی:

- خیانەت لە کەسێک مەکە کە متمانەی پێ کردوویت، بۆ ئەوەی سەنگ و ئیحتوباری خۆت زیاد بکەی و ماڵەکەت ئاوەدان بکەیتەوە.مەبەستم لەم پەندە فەرمانڕەوایانی ناوچە و هەرێمەکان بوو کە بەردەوام لە خەمی

فراوانکردنی ناوچەکانی بن دەسەڵاتی خۆیان بوون. دەمویست لەم ڕێگەیەوە، یەکێتی و یەکپارچەیی وڵات پارێزراو بێ.

لێرەدا شا مینا، پرسی:

- ئایا ئەوانە ئەمەیان فەرامۆش کردبوو، کە چ خوێنێک لە پێناوی ئەم یەکێتیەدا ڕژابوو؟

شا خوفوش گوتی:

- چۆن توانیان، سووکایەتی و بێڕێزی بەو داب و نەریت و ڕێسا و یاسایانە بکەن کە لە سەردەمی منا، پیرۆزی و قودسیەتیان پەیدا کردبوو؟

ئوزوریس، ئاماژەی بۆ زانا بتاح حوتب کرد تا درێژە بە قسەکانی بدات. گوتی:

- هەروەها گوتم: " کە چویتە ماڵی خەڵکی، ئاگادار بە چاوت لە خاپاندن و لە خشتە بردنی ژنانیان نەبێت، چونکە خەڵکانێکی زۆر لە ئاکامی ئەمەوە تیاچوون. "

- ئەو قسەیەت لەبەر ڕۆشنایی ئەو مقۆمقۆیە کردبوو کە سەبارەت بە حەرەمسەراکەی پاشا بڵاو بووبووەوە؟

- لە بەر ڕۆشنایی ئەوەشم گوت: " ئەگەر خۆت بە ئاقڵ دەزانی، ماڵەکەی خۆت بە باشی بەڕێوە ببە، هاوسەرەکەی خۆت خۆش بوێ، چونکە ئەو شەریکی ژیانتە. خۆراک و پۆشاکی بۆ بێنە، عەتری بۆ پەیدا بکە، شادی بکە. لەگەڵیا سەختگیر مەبە، چونکە هەر بە نەرمی و نەرمکێشی دڵی بە دەست دێنی، داوا ڕەواکانی جێبەجێ بکە، تا بە خۆشی و شادی لە گەڵیا بژیت. "

ئوزوريس گوتی:

- يەكێک لەو پەند و ئامۆژگاريانەمان پێ بڵێ كەگشتی بێ و بۆ هەمووان ببێ.

- هەرگيز دەستبەرداری زانست و ئاكاری جوان مەبە.

شا مينا گوتی:

- لە سەردەمی منا زانا وحەكيمان نەبوون. بەڵام لە بری ئەوانە پياوانێک هەبوون كە خاكی خۆيان لە بێگانان وداگيركاران ڕزگاركرد ومەملەكەت و وڵاتی خۆيان يەكخست. بەڵام سەردەمی تۆ سەردەمی داڕوخان و گەندەڵی بووە، يەک كاری باشی تيا ئەنجام نەدراوەو تەنيا ئەم پەندو وتە جوانانەيان لە پاش بە جێماوە، نازانم حيكمەت و فەلسەفە فايدەی چييە؟

خوفۆ، بە ناڕەزايەتييەوە گوتی:

- حيكمەت و فەلسەفەش، وەكو هەرەم وايە، بگرە لە هەرەميش پتر دەژی.

ئيزيس گوتی:

- لە بەها وپايەی كوڕە زانا وفەيلەسوفەكەم كەم مەكەنەوە. ئێمە لە سەردەمانی داڕوخانا پێويستمان بە زانا ودانايانە، وەكو چۆن لە ڕۆژگاری نەخۆشيدا پێويستمان بە دكتۆرانە، وتەی چاک هەميشە بۆنی خۆشی خۆی هەيە.

ئوزوريس لە كۆتاييدا گوتی:

- ئەی حەكيمی زانا، بڕۆ لە نێو نەمرانا، لە سەر كورسيەكەی خۆت ڕونە.

**

پەراوێز:

١- بتاح حوتب: فەرمانڕەواو وەزیر یان سەرۆک وەزیران بووە. کتێبی پەند و ئامۆژگاریەکانی بتاح حوتب، بە ناوی ئەوەوە بڵاو بووەتەوە. یەکێک لە پێشەنگانی میسر بووە لە واری ئەدەبیاتی پەند و ئامۆژگاریا، پەند و ئامۆژگاریەکانی وی کە بۆ کوڕەکەی دانراوە، شۆرەت ونێوبانگی جیهانیان هەیە. ئەم پەند وئامۆژگاریانە، ئێستاش لە کەلتوور وئەدەبیاتی میسری دا، پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە.

( ٥ )

حورس بە دەنگی بەرز بانگی کرد:

- شۆڕشگێڕانی، سەردەمی دوور ودرێژی تاریکی نێوان ڕوخانی دەوڵەتی کۆن و بەرپابوونی دەوڵەتی مامناوەندی.

گروپێکی، فرە شێوەو قەوارە وەژوور کەوتن، هەموو سەرکۆت و پێ خاوس و کفن پۆش، بە ڕیز لە بەردەم عەرشا وەستان.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوەی لاپەڕەیەکی تازە کرد:

- ئەمانە سەرانی شۆڕشن، ڕابەرایەتی جەماوەری خرۆشاو وتووڕەی خەڵکیان لە شۆڕشێکی خوێناویماڵوێرانکەردا کردووە. پاشان بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ لە نێوان ڕوخانی دەوڵەتی کۆن وبەرپابوونی دەوڵەتی مامناوەندیدا، فەرمانڕەوایی وڵاتانیان کردووە. ئەمانە هیچ شوێنەوارێکیان لە دوای خۆیان بە جێ نەدەهێشت جگە لە پەرستگاێن وێران و گۆڕێن تالانکریو بیرەوەری ترسناک.

ئۆزوریس گوتی:

- نوێنەرێک لە نێو خۆتانا هەڵبژێرن، تا لە کاتی پێویستدا لە جیاتی هەمووتان قسە بکات.

ئاماژەیان بۆ پیاوێکی درێژ داهۆڵ کرد، دەتگوت ڕوخساری لە تاوێر دروستکراوە، گوتیان:

- ئەبنوم، ئەو یەکەم کەس بوو کە جاڕی یاخی بوون و کوشتاری دا.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. ئەبنوم گوتی:

- مێژوو، ناو وکار وکردەوەی مەی فەرامۆش کردبوو. چونکە مێژوو لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەنووسرێ، لە کاتێکا ئێمە لە خێڵی عەوامی خەڵک، واتە لە جووتیاران و سنعەتکاران وراوچیان بووین، عەدالەت و دادوەری ئەم هۆڵە پیرۆزە، وا دەخوازێ کە هیچ خەڵقەندەیەکی خوا فەرامۆش نەکرێن. ئێمە لە ڕەنج وعەزابێکی ئەوتۆدا بووین کە لە توانای بەشەر بەدەر بوو، کاتێ تووڕەیی هەوسار پچڕیوی ئێمە بە سەر بۆگەنی زوڵم و زۆر و زۆرداراندا داباری، شۆڕشەکەیان ناونایین ئاژاوە و فەرتەنە وخۆمانیان بە دز ناو برد. لە کاتێکا ئەمە شۆڕشێک بوو دژی زوڵم و ستەم، شۆڕشێک بوو کە خواوەندان بە موبارەکیان دەزانی..

خۆفۆ پرسی:

- کەنگێ خواوەندان زێدەگاڤیان بۆ سەر پەرستگایانی پیرۆز بە موبارەک زانیوە؟

ئەبنوم گوتی:

- کارەساتەکان ئەو کاتە دەستیان پێکرد کە شا بیبی دووەم تەواو لاواز بوو، بە ساڵاچوو، ئاگای لە کار وباری وڵات نەماو وڵات لە کۆنترۆڵی ئەو

دەرچوو. ئیدی فەرمانڕەوایانی هەرێمەکان ئەمەیان بە هەل زانی. سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و کەوتنە زوڵم وستەم لە جەماوەری خەڵک، باجی قورسیان بە سەر خەڵکیدا سەپاند، کەوتنە تاڵانکردنی دار ونەداری خەڵکی، هەموو جۆرە چاکسازیەکی زەوی وزارو ئاودێریان پشتگوێ خست، ئیدی کاهین و ڕوحانیەکانیش بە تەماعی وەقفەکانی خۆیان بە گەڵیان کەوتن وبە فتوا درۆینەکانی خۆیان، هەر کارێکی دزێویان، بۆ حەڵاڵ دەکردن، هەڵبەتە بە بێئەوەی گوێ بە ڕەنج ونەگبەتی وبرسیەتی وبێ قەدری هەژاران بدەن.هەرجارێ بابایەکی مەزڵووم پەنای بۆ ببردنایە وسکاڵای حاڵی خۆی بکردایە، ئامۆژگاریان دەکردن کە سەبر وهەداریان هەبێ، و بەڵێنی ئەوەیان دەدانێ کە پاداشتی ئەو دنیایان زۆر گەورەو باش دەبێ. ئیدی بەوجۆرە نائومێدی ونامرادی گەییە لووتکە. نە فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر هەبوو، نە یاسا و ڕێسایەک لە ئارادا بوو، هیچ نیشانەیەک نەبوو کە ڕەحم وبەزەییەک لە ئاسمانەوە بێتەخوارێ. ئیدی من کەوتمە ناو قەوم وقیلەکەی خۆم، هانمدان کە یاخی بن، دژی ستەمکاران ڕاپەڕن، ئیدی زووبەزوو بە دەنگ ئەم بانگەوازەی منەوە هاتن و ئیدی لەمپەری ترس و داب و نەریتی کۆنیان شکاند، و بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە بەربوونە ستەمکاران و تاغووتان.

ئەم ئاگرە پیرۆزە، بە سەرانسەری وڵاتا تەنییەوە، ڕقی غەزەبی سوور بە سەر فەرمانڕەوایان و فەرمانبەران و کاربەدەستان و ڕوحانیان و پیاوانی ئاینی و تەنانەت گۆڕەکانیشیاندا داباری، تا ئەوە بوو، دەسەڵاتمان گرتە دەست.

ئوزوریس گوتی:

- باشە تۆ شێعرەکانی ئیبوری حەکیمت نەخوێندبووە کە ئەو سەردەمە چۆن شینی بۆ لە نێو چوونی شتە پیرۆزەکان وبۆ مەرگی بەهاکان دەکرد، چۆن خەمی بۆ لێقەوماوی بژاردەی میللەت دەخوارد؟

ئەبنوم گوتی:

- ئیبور، بەڕاستی شاعیر بوو، بەڵام ئەو لە بەرەی زاڵماندا بوو، بۆیە شین وگریانی ئەو بۆ کیژان وکوڕانی چینی ستەمکاران بوو، کە هەق وابوو، لە جیاتی ئەوان ئاوڕێکی لە ڕۆڵەکانی میللەت بدایەتەوە..

بتاح حوتبی حەکیم گوتی:

- ئەی ئەبنوم، تۆ لە ڕوانگەی ڕق وکینەیەکی ڕەشەوە قسە دەکەی وئەمەش گوناحێکی گەورەیە.

ئەبنوم گوتی:

- ئاخر ئەمە ئەو ڕق و بوغزەیە کە ستەمکاران، لە دڵ و دەرونی ئێمەیان داچاندبوو.

زوسەر پاشا گوتی:

- بە زاتی خواوەندان ئەم قسانەم زۆر بەلاوە سەیرن!.. میسر لە ڕاستیا لە کۆمەڵێک داب و نەریتی پیرۆز پێکهاتووە، ئەگەر یەکێک لەو ڕەگەزانە لە ناو بچێ، هەر هەموو بیناکە هەرەس دێنێ و دادەڕوخێ. فیرعەون خوایەکی بێ چەند و چوونە، بژاردەکان نوێنەری هەڵبژاردەی ئەون، و ڕوناکی و نووری ئەو دەنوێنن. فەرمانبەران، خزمەتکار وشوێنکەوتووی ئەون، پەیامی ئەو بڵاودەکەنەوە، ئاخر چۆن دەکرێ کۆمەڵێک جووتیار و سنعەتکار و ڕاوچی لە جێی ئەوان دابنرێن؟

ئەبنوم گوتی:

- بەڵام بە کردەوە جێی ئەوانیان گرتەوە وتەنانەت سەلماندیان کە لەوان باشترن، خواش لە کەسێکا تەجەلی دەکات کە ئاڵای دادپەروەری ومیهر وبەزەیی هەڵبکات، ئیدی ئەو کەسە هەرکێیەک دەبێ..

شا زوسەر هاواریکرد:

- کە پیاوێکی بێ شەرمی!

ئوزوریس ئاوڕی لێی دایەوەو گوتی:

- قەبووڵ ناکەم لە کاتی قسەکردنا، لە سنووری ئەدەب دەربچیت، داوای بوردن بکە!

زوسەر، بە دەم کڕنوشەوە گوتی:

- داوای بوردن دەکەم، بە داخەوەم.

ئوزوریس، ڕوویکردە ئەوانەی کە لە سەر کورسی نەمران دانیستبوون وگوتی:

- داب و نەریتی دادگا ڕێگەی گەنگەشەتان دەدات، بەڵام بە سلوکەت، ئەوەتان لە یاد بێ کە ئێوە لە گەڵ کەسانێکا گەنگەشە دەکەن سەر بە ئۆل و ئاینانی دیکەن، ئاینانێک کە تەنانەت لە دوای ئاینی ئەنگۆوە پەیدا بوون!

ئەوجا ڕویکردە ئەبنوم وگوتی:

- دەورانی ئێوەش، دەورانی تاریکی وستەم بوو، چونکە نە شوێنەوارێکی لە دوا بە جێماوەو نە بەڵگە وبەڵگەنامەیەک.

ئەبنوم گوتی:

- ئەوە کاری دیرۆکنووسانە ئیدی. جووتیاران، حکومەتێکیان لە ڕۆڵەکانی خۆیان بەرپا کرد، ئاسایش وتەناهی باڵی بە سەر وڵاتا کێشا، عەدالەت و دادپەروەری بڵاو بووەوە، سێبەر وسایەی میهر وبەزەیی باڵی بە سەر هەموو لایەکا کێشا، هەژاران تێر بوون، فێری زانست ومەعریفەت بوون، گەوەترین پۆستیان گرتە دەست، وڵات و دەوڵەتیک بەرپا بوو، کە لە ڕووی گەورەیی و جەلال و شکۆوە هیچی لە دەوڵەتەکەی شا خوفو کەمتر نەبوو. بەڵام هیچ پارەیەکی خۆڕایی لە پێناوی دروستکردنی ئەهرامو بۆ جەنگ و شەڕ خەرج نەکرا، بەڵکو پارە بۆ پەرەپێدانی کشت وکاڵ و سنعەت و هونەر وئاوەدانکردنەوەی گوندەوار وشارەکان تەرخان وخەرج کرا، وەختایەک میسر لە دوای ئێمە بۆ سەردەمی پاشایەتی وپاشایان گەڕایەوە، هەر هەموو ئەو لەبانانەیان، کە کارەکانی ئێمەیان لە سەر تۆمار کرابوون، سووتاند.

شا خوفو گوتی:

- تۆ حیکمەت وزانستی دروستکردنی هەرەمەکانت لە یاد کردووە.

شا زوسەرش گوتی:

- هەروەها حیکەمتی ڕاگەیاندنی ئەو جەنگەشت لە یاد کردووە، کە دژی وڵاتێک ڕاگەیەنرا، کە بە نیازی داگیرکردنی وڵاتەکەمان، هاتبووە سەر مەرز وتەنگی پێ هەڵچنی بووین.

ئەبنوم گوتی:

- دروشمی ئێمە، ئەمە بوو کە پەروەردە کردن وپێگەیاندنی جووتیارێک لە دروستکردنی پەرستگەیەک باشترە.

حەکیم ( زانا ، فەیلەسوف، پزیشک ) گوتی:

- ئەم  قسەیە کوفرە!

ئەبنوم گوتی:

- خواوەند پێویستی بە پەرستگە نییە. بەڵام جووتیار پێویستی بە پەروەردەیە، بۆیە خواوەند پشتیوانی کردین و سەدان ساڵ بە ئاشتی و خوشگوزەرانی فەرمانڕەواییمان کرد.

شا زوسەر گوتی:

- کەوایە، بۆچی مەملەکەتەکەتان وێران بوو و هەرەسی هێنا؟

- کاتێک هەڵوەشایەوە وهەرەسی هێنا کە فەرمانڕەواکان ئەسڵ وفەسڵی خۆیان فەرامۆش کرد. ڕەگ وڕەچەڵەکی خۆیان لەبیر کرد، دووبارە تووشی ئەو وەهم و خەیاڵە بوون، کە گوایە لە " رع " ن، ئیدی غەڕا بوون و زوڵم و زۆر لە ناویانا برەوی سەندو، هەمان بەڵایان بەسەر هات کە بە سەر هەر ستەمکارێکا دێ.

ئوزوریس گوتی:

- شۆڕشەکەی ئێوەش، تاوانی ئەوەندە زەق و گەورەی بەگەڵ کەوت کە نە ئاین، نە ئەخلاق و نە قانوون، قەبووڵی ناکات.

ئەبنوم گوتی:

- لە بەردەم دادگای عەدالەتی ئێوەدا شایەدی دەدەم کە من ئەمرم پێنەکردوون و هیچ ئاگایەکم لەو کارانە نەبووە..

لێرەدا ئیزیس، هەڵیدایە:

- من دان بەوەدا دەنەم کە ئەم کوڕە یەکێک بووە لە زاناترین ونەجیب ترین کوڕەکانم، لە سەردەمی ئەوا، وڵاتەکەم لە خۆشیەکی وەهادا بوو، کە لە هیچ سەردەمێکی پێشتر و پاشترا، خۆشی وای بە خۆوە نەدیتبوو. باوەڕی ئەو، خۆی لە خۆیدا، نیشانەی ڕاستگۆیی وتەقوا وپارسایی ئەوە. بەڵام ئەو تاوانانەی کە شۆڕشەکەی ئەودا کراون، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەمیشە خەڵکانێکی تاوان پیشە، بە مەبەستی دەستکەوتی شەخسی خۆیان، دەخزێنە ناو ڕیزەکانی شۆڕشەوە.

ئوزوریس، بۆ ماوەیەکی زۆر، لە فکران ڕاچوو و پاشان گوتی:

- دەی بەڕێزینە، ئێوەش بڕۆن لە نێو نەمرەکانا دانیشن.

( ٦ )

حورس، هاواریکرد:

-ئەمنمەحعەتی یەکەم!

کابرایەکی چوارشانەی دەستەباڵا، بە هەمان ڕەوشی ئەوانی دی وەژوورکەوت، لەبەردەم عەرشا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، کەوتە خوێندنەوە:

- سەرۆکی دەورانی سەڵتەنەت ومەملەکەتی مامناوەندیە، وڵاتی لە هەندێک بێگانان پاک کردووەتەوە، کێشماکێش وململانێی نێوخۆیی نەهێشت، بە زیرەکیو بەردەباری خۆی فەرمانڕەوایانی ناوچەیی ڕامکرد، وڵاتی نوبەی ( سودان ) داگیرکرد.

ئوزوريس داواى لێكرد قسان بكات. گوتى:

- من بە خۆم يەكێك بووم لە فەرمانڕەوا ناوچەييەكان، دەسەڵاتى ناوەندى لەو پەڕى لاوازى وگەندەڵيدا بوو، هێشتا شەڕى نێوان فەرمانڕەوا ناوچەييەكان دانەمركابووەوە، كە سارانشينان پەلامارى چەند قۆڵێكى وڵاتيان دا، ئەو وەزع و حاڵەى بە سەر وڵاتا هاتبوو، زۆرى پەست كردم، ئيدى بڕيارم دا، وڵات لەو مەينەتيە ڕزگاربكەم، ئيدى بە خۆ وماڵ ومنداڵەوە كەوتينە دەم گرتنەوەو خەڵكانێكم مەشق دا، لە گەڵ ديارو دەڤەرەكانى دەوروبەرى خۆما كەوتمە شەڕ، ئەوسا خۆم كرد بە پاشا، داوام لە فەرمانڕەوايانى ناوچەكان كرد، بێنە ژێر ڕكێفى من، ئيدى لە تۆڵەى ئەوەدا، سەرو بڕێك ئيمتيازاتم دانێ، هەندێك لە كوڕەكانيانم هێنانە ناو دەست وپێوەندەكانى خۆمەوە، ئەوسا بە سوپا ولەشكرێكى بەهێزەوە هێرشمان بۆ سەر نەياران و زێدەگاڤان بردو وڵاتم لێيان پاككردەوە. چاكسازيم لە ئيدارەى وڵات كرد، پەرستگاكانم نۆژەن كردەوە، تەناهى و ئاسايش و عەدالەتم لە گوندەكاندا، بەرپا كرد، پاشان نوبەم گرت، پەرستگايەكم بۆ خواوەند لەوێ دروست كرد، خوداوەنديش دەستى دام و لەو كارەدا سەرى خستم.

ئوزوريس گوتى:

- بەڵام لەزگ بوو، لە پيلانێكا كە دەست وپێوەندەكەت بۆيان دانابووى، بكوژرێى، هۆى ئەوە چ بوو؟

- ئەوە ژنێك بوو، دەيويست عەرشەكە بۆ كوڕەكەى داگير بكات وهەندێك لە خەڵكانى نوبەش بەگەڵى كەوتبوون..

- نوبە وڵاتێکی نەدار ونەبووە، بەرگەی ئەوە ناگرێ هەندێک لە خاکەکەی داگیر بکرێ و وەقفی پەرستگاکان بکرێ.

- ئیدی ڕووبەڕووی هەندێک زەرورات بووبووینەوە، کە نەدەکرا خۆمانی لێ ببوێرین.

لێرەدا ئەبنومی شۆڕشگێڕ هاتە قسە وگوتی:

- دەبوایە، دووبارە دەسەڵاتت بدایەتەوە دەست جووتیارەکان، بەڵام تۆ ئەسڵ و نەسڵی خۆت فەرامۆش کرد، هەمان بینای کۆنی زوڵم وستەمت، لە نوێ بونیات نایەوە.

- فەرمانڕەوایانی هەرێمەکان، ڕەگ وڕەچەڵەکی خۆیان فەرامۆش کردبوو، گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ جووتیارەکان، مانای وا بوو بچینە جەنگێکی ناوخۆییەوە..

شا خوفو گوتی:

- تۆ فەرهەنگ و کەلتووری پیرۆزی میسرت بۆ ئەم وڵاتە گێڕایەوە.

ئیزیس گوتی:

- میسری لە فەرتەنە وئاژاوە ڕزگار کردووەو دووبارە خستوویەتیەوە سەر تەختی شکۆ وگەرورەیی. توانای هەر ئەوەندە بووەو، لەوە باشتری پێ نەکراوە کە کردوویەتی.

ئوزوریس، دوا قەراری خۆی دا وگوتی:

- بڕۆ لە نێو نەمرانا جێی خۆت بدۆزەرەوەو ڕونە.

**

پەراوێز:

١- ئەمنمەحعەتی یەکەم: یەکەمین فیرعەونی فیرعەونی ماڵبات وخانەدانی دوازدەیەم بوو، لە سەردەمی ئەوا میسر تەرەقی کرد. شەڕی لیبیایی و ئاسیاییەکانی کرد. جارێ بە توندی و جارێ بە نەرمی حوکمڕانی خەڵکی دەکرد. چەندین بەنداوی لە سەر نیل ڕۆنا، پەرەی بە موڵکی میسر دا.

( ٧ )

حورس هاواریکرد:

- شا ئەمنمەحعەتی دووەم.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد.

- درێژەی بە سیاسەتی بابی داوە.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- شارەزایی تەواوم لە سیاسەتەکانی بابما هەبوو، سەیرم کرد باشترین شت ئەوەیە، موو بە موو پەیڕەوی سیاسەتەکانی ئەو بکەم.

ئەبنومی شۆڕشگێڕ گوتی:

- بەڵام ئەوەی هەنگاوێک پێش نەکەوێ، دوو هەنگاو دوا دەکەوێ.

ئەمنمەحعەتی دووەم گوتی:

- پەیوەندی نێوان میسر و نوبەم خۆش کرد، پەیوەندی تازەم لە گەڵ وڵاتی (بنت) دا دروستکرد، کە عەتر و بخوردی بۆ ناردین....

ئەبنوم، پرسیارێکی لە ئوزوریس کرد و گوتی:

- سەروەرم، ئایا هەموو نەمران لەو دنیا یەکسانن؟

ئوزوریس، بە توندی گوتی:

- ئەبنوم، تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە لێرە بابایەکی شۆڕشگێڕ نیت، بەڵام قەیدی نییە، با باسی چارەنووستان بۆ بکەم، ئەوە بزانن کە دادگایەکەی من، سێ مەقام و بەشی هەیە، مەقام وبەشی بەهەشت، مەقام و بەشی دۆزەخ و مەقام و بەشێکی دی کە دەکەوێتە نێوان ئەو دووانەوە، ئەم شوێن ومەقامە بۆ ئەو کەسە وێڵ و سەرگەردانانەیە کە هیچ خەتا و گوناهێکیان نەکردووە، کە نە شایستەی بەهەشتن و نە شایستەی دۆزەخن. هەڵبەتە لە بەهەشتیشدا، زنجیرە شوێن ومەقامێک هەیە، لەوێ، لە بەهەشت پاشایانیش هەن، خزمەتکارانیش هەن، ئیدی هەرکەسە و بە پێی کونیەو دەفتەری ئەعمالیدنیایی خۆی.. پاداشت دەدرێتەوە.

ئیزیس گوتی:

- ئەوەندەی بەسە، کە وڵات لە ڕۆژگار و سەردەمی ئەوا، وەکو سەردەمی بابی، لە خوشگوزەرانی و ئەماندا بووە. ئەمە شتێکە نکۆڵی لێناکرێت.

ئوزوریس گوتی:

- هەڕە لە نێو نەمرانا ڕونە.

( ٨ )

حورس بانگی کرد:

- ئەمنمەحعەتی سێیەم.

پیاوێکی دێو ئاسا، بە خۆی وکفنەکەیەوە وەژوورکەوت، ڕۆیی تا گەییە بەردەم عەرشەکە وڕاوەستا.

تحوت کاتبی خواوەندان کەوتە خوێندنەوە.

- وڵات لە دەورانی ئەودا، ئارام و ئەمن و ئەمان و بەهێز بووە. هەموو هەوڵی خۆی بۆ دەرهێنانی کانزا لە بیابان و نوێکردنەوەی شێوازی ئاودێری تەرخانکردووە، کە لە ئاکاما، بەر وبوومی کشتوکاڵی زیادی کردووە و خۆشگوزەرانی بڵاو بووەتەوە..

ئۆزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من مەملەکەتێکی جێگیرم وەرگرت، لە ڕێگەی دامەزراندنی سوپایەکی بەهێزەوە، هێندەی دی جێگیر وئارامم کرد. لەبەر ئەمە فەرمانڕەوایی من پەنجا ساڵ بەردەوام بوو. ئەمە دەرفەت ودەلیڤەیەکی باشی بۆ ڕەخساندم، تا خەڵکانێک ڕەوانەی بیابان بکەم بۆ ئەوەی کانزا دەربێنن. ئەوزارێن ئاودێریم تازە کردەوە. خێر وبەرەکەت هەموو لایەکی گرتەوە، ئەدەب وهونەر بە جۆرێ بوژایەوەو گەشایەوە، کە قەت ئەو گەشە و نەشەیەی بە خۆوە نەبینی بوو. خەڵکی لەبەر خۆیانەوە، بە دەم زەمزەمەوە ستایشی دەورانی منیان دەکرد:

وڵات سەوز و سەوزەزارە

خوراک زەحفە، دەم بە خێرە

ئۆزوریس گوتی:

- بابات وەسێتنامەیەکی بۆ بە جێ هێشتبووی، دەڵێت: " ئەرکی تۆ وا دەخوازێکەلە گەڵ ژێر دەستەکانتا سەختگیر وتووند بیت، چونکە خەڵکی ڕێزی کەسێک دەگرن کە لێی بترسن و چاویان لێ سوور بکاتەوە. ئەوانە مەکە بە برا یا دۆست یان هاوڕێی خۆت. هەرکێیەک نانی منی خواردبێ، دژم وەستاوەتەوە، متمانەم بە هەرکێیەک کردبێ، خیانەتی لێکردووم " تۆ چ سوودێکت لەو وەسێتە وەرگرتووە؟

ئەمنمەحعەتی سێیەم بەرسڤی دایەوە:

- لێتی ناشارمەوە کە لە سەرەتای حوکومڕانیمەوە، تا ڕادەیەک لە ژێر کاریگەریدا بووم، هەموو ئەندامانی ماڵباتەکەم و تەنانەت ئەوانەش کە هاوعەسری ئەو نەبوون، ئەو پیلانە هەژاندنی کە خەریک بوو، ژیانی بابا مەزن و چاکەکەم بسڕێتەوە. هەندێک لە ڕاوێژکار وشیرەتکارەکان داوایان لێکردم کە چاکە لەگەڵ مەردما نەکەم، چونکە گەل سپڵە وپێنەزانە، لێت هەڵدەگەڕێنەوە، بەڵام دڵ، لە بەرخورد و مامەڵەدا، تەنها بە ئیلهامی خودی خۆی دەکات، دیقەتم دەدا، دڵ بۆ خۆشەویستی خەڵک و کاری چاکەم هاندەدات، بۆیە بێ چەند و چون بە گوێی دڵی خۆم کرد و هیچیش پەشیمان نیم.

ئەمنمەحعەتی یەکەم گوتی:

- هەڵەت کردووە کوڕم، ئەگەر بەخت یاوەرت نەبا تیا دەچوویت، مەمنوونی بەختی خۆت بە..

حوتب، وەزیری زانای شا زوسەر گوتی:

- نەخێر، تۆ ڕێگەی دروستت هەڵبژاردووە، چونکە دڵ کە باسی چاکە بکات، مانای وایە سروشتی لە خواوە وەرگرتووە..

ئەبنومی شۆڕشگێڕ بە کەسەرەوە گوتی:

- زۆر بە داخەوەم، ئەمە میللەت بوو حوکمی دەکرد، کەچی ئێستا چاکە کردن دەرهەق بە میللەت بووە بە بابەتی باس.

لێرەدا ئیزیس هەڵیدایە وگوتی:

- ئەم کوڕە باش ومەزنە، دەرگاکانی ئاسمانی بێ چەند وچوون لە بەردەما دەکرێتەوە.

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ و لە نێو نەمرەکاندا ڕونە.

( ٩ )

حورس هاواریکرد:

- پاشایان : سبکمساف، نفرحوتب، حاتحور، نفرخارع، ئەنتف، تمبایوس.

هەر شەشیان بە کفنەکانیانەوە وەژوورکەوتن، هەموو سەریان کۆت وپێیان پەتی بوو، چوون لە بەردەم عەرشەکەدا وەستان.

تحوت، کاتبی خواوەندان، کەوتە خوێندنەوە:

- ئەمانە هەریەکە وماوەیەکی کەم حوکمڕانی کردووە. سەردەمی حوکمڕانی ئەمانە بە لاوازی وگەندەڵی و شەڕی کورسی بە ناو بانگ بووە. لە ئەنجاما

فەرمانڕەوایانی ناوچەیی و کاهینان ورۆحانیان بەهێز بوون و دەسەڵاتیان پەیدا کردووە، فەمانبەران و کارمەندان یاخی بوون، میللەت برسی بووە، دز ودرۆزنانی میللەتانی دی چاوی تەماعیان بڕیوەتە خاکی میسر، کار گەییە ئەوەی هیکسوسەکانداگیریان کردو تالآوی بێ ڕێزیان بە میسر ومیسریان نۆشت.

ئوزوریس، داوای لێکردن قسە بکەن، سبکمساف گوتی:

- من بەردەوام لە لایەن ماڵبات ودەست وپێوەندەکەمەوە هەڕەشەم لێدەکرا، ئیدی نەمدەتوانی ڕووبەڕووی هیچ تەحەدایەک ببمەوە.

ئەوانی دیکەش هەمان قسەی ئەویان دووبارە کردەوەو پاشان بێدەنگی باڵی بە سەردا کێشان.

ئەبنوم گوتی:

- دیارە، لە سەرانسەری میسردا پیاوێک نەبووە زەڕەیەک دڵسۆزی تیا بووبێ. ئەم ڕەوشە، ڕێک وەکو ڕەوشی ئەو کاتە بووە کە من جووتیارەکانم بۆ شۆڕش هاندا.

ئەمنمەحعەتی یەکەم گوتی:

- تۆش تەنیا شۆڕشت لەبیرە! من ئەو کاتە فەرمانڕەوای ناوچەیەک بووم، سەیرم کرد وڵات خەریکە لە ئاژاوەدا نقووم دەبێت، بۆیە کەسم بۆ فەڕتەنە و ئاژاوەیەکی دیکە هان نەدا، بەڵام جەنگاوەرانم پەروەردە کرد، مەشقم دادان، پاشان دەستم بە سەر عەرشا گرت وئیدی خاک و خەڵکم، بە بێ هیچ تووند و تیژی و خوێن ڕشتنێک، یان ئابڕوو بردنی هیچ کەسێک، ڕزگار کرد وتەواو..

ئیزیس، هەڵیدایە وگوتی:

- ئەوانە بێدەسەڵات بوون و خەڵکی بێدەسەڵات و لاواز هیچیان لە دەست نایەت.

ئۆزوریس گوتی:

- تاوانێکی گەورەی لە بەخشین نەهاتگتان دەرهەق بە نیشتمانەکەتان کردووە. تاقە گوناحی ئێوە هەر لاوازی وبێدەسەڵاتی نەبووە، زەڕەیەک مەردی وڕەندی و نەجابەتتان لە دڵدا نەبووە، بڕۆن بۆ ئەو دەرگایەی ڕۆژئاوا، کە بە سەر دۆزەخا دەکرێتەوە.

**

پەراوێز:

١-هیکسوسەکان، نەتەوەیەکی شەڕانی بوون، لە باکوورەوە بەرەو باشوور هاتوون و میسریشیان داگیر کردووە. هەندێک کەس بە سامی و تەنانەت بە جولەکەیان دەزانن. هەندێکی دی بە هورانی وکاسی وکۆمەڵەی ئارابیاندەزانن. لەم بەرهەمەدا بە قەومێکی بێگانە و هێرشکار ناو دەبرێن.

( ١٠ )

حورس هاواریکرد:

- شا سیکننرع.

پیاوێکی باریک و بنێس، مەیلەو درێژ، وەژووردەکەوێ، بە خۆی کفنەکەیەوە هاتە پێشێ و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا، تحوت کاتبی خواوەندان، کەوتە خوێندنەوە:

- میرێکی باش و فەرمانڕەوای باشووری دوور بوو. تاقە دەڤەرێک بوو کە ڕادەست و ملکەچی حوکمی هیکسوسەکان نەبوو، هەرچەندە ناچار بوو باج و خەراجیان بداتێ. هیکسوسەکان گێچەڵی ئەوەیان پێدەکرد، کە ناوچەکەی بخاتە ژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی خۆیانەوە.

سەرۆکی هیکسۆسەکان بیانووی ئەوەی پێدەگرت کە حیلەی ماینێکی بەحری، لە دەریاچەی کۆشکەکەیا، خەو لە چاوی شایەکەیان دەتارێنێ، بەڵام ئەم ناوچەیە ڕادەست نەبوو ونەبوو، پاشای میسر بە خۆ وسوپاکەیەوە بەرەو شەڕی هیکسوسەکان چوو، بەڵام تووشی کێشە وئاریشەی زۆر بوو، سەروچاوی بریندار بوون و ئاقیبەت بەو زامانە مرد.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات، هاتە قسان وگوتی:

- من لەو ماڵباتەم کە دژی هێرشی داگیرکەران وەستایەوە، لە باشوورا ئەوەندە خۆڕاگری کرد و مایەوە تا دژمن بێزار بوو وبە ناچاری ئاگربەسی ڕاگەیاند و لە باشووری دوور کشایەوەو تا لە ژێر دەسەڵاتی خانەوادەکەی منا بمێنێتەوەو لە هەنبەردا باجێکی ساڵانە بدەین. ئەم ڕەوشە پتر لە یەک سەدە بەردەوام بوو، تا ئەوە بوو من جڵەوی حوکمم گرتە دەست. من هەرگیز لە بیرکردنەوە لەم دژمنە داگیرکەرە و لە بیری خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی غافڵ نەبووم.بەڵام ئیمکاناتی من چ لە ڕووی ژمارەی جەنگاوەران وچ لە ڕووی چەک وتەقەمەنی وئەسپابی شەڕەوە کەم بوو، بۆیە نوبەم خستە سەر هەرێمەکەی خۆم وهەمان بەرخورد و مامەڵەی

وڵاتەکەی خۆمم لەگەڵدا کرد. سوپام بەهێز کرد وهێزی تازە نەفەسم کۆ کردەوە. کاتێ دژمن زۆری بۆ هێنام، دەورو بەرەکەم دید وبۆچوونی جیاوازیان هەبوو، ژمارەیەکی کەم خوازیاری داکۆکی وبەرەڤانی بوون، ژمارەیەکی زۆر هوشدارییان لە مەڕ ئاقیبەتی ئەم کارە دەدامێ. بەڵام من ورەی ئەوانەم بەرز کردەوە کە ترسا بوون، لە ڕێگەی دین و پەند و ئامۆژگارییەوە، نەترەم وەبەر نان، ئەوە بوو سوپاکەم شەڕێکی تاڵی تاقی کردەوە، لەم شەڕەدا بڕێک متمانەی بەخۆ پەیدا کرد، لە یەکێک لە شەڕەکانا، دژمن دەوریان دام، سیانم لێکوشتن، دوای ئەوە نێزەو تەورزینان بەسەرما داباری.

زانا بتاح حوتب پرسی:

- باشە بەرلەوەی بچیتە ئەم شەڕە نابەرانبەرەوە، هیچ ڕێکارێکی سیاسی نەما بیگریتە بەر؟

سیکننرع گوتی:

- هەموو ڕێگایەکی سیاسیم تاقیکردەوە، چونکە سێ دانە ساڵم پێویست بوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو شەڕەی کە پێم گوتی. بەڵام لە ناکاوا بۆم دەرکەوت، ئەوان بە بێ هیچ ئاگادار کردنەوەو هوشدارییەک، هێزی خۆیان ئامادە وتەیار کردووە.

ئەبنوم گوتی:

- تۆ قارەمانانە ژیاوی وقارەمانانە مردوویت.

ئیزیس گوتی:

- منیش هەمان گوتەکەی ئەبنومی کوڕم دووبارە دەکەمەوە کە قارەمانانە ژیاوی و قارەمانانە مردوویت.

هەنگێ ئوزوریس، هەڵیدایە وگوتی:

- بڕۆ، لە نێو نەمرانا، لە سەر کورسیەکەی خۆت ڕونە.(دانیشە)

( ١١ )

حورس هاواریکرد:

- شا کاموس.

پیاوێکی دەستە باڵای چوارشانەی تۆکمە وەژوورکەوت و چوو بۆ شوێنەکەی خۆی و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- یەکسەر، هەمان ڕۆژ فەرمانڕەوایی گرتە دەست کە بابی لە شەڕا کوژرا، چونکە نەیدەویست ورەی خەڵکەکە بڕوخێت، بێ چەند وچوون و هیچ دوو دڵییەک خۆی بە شەڕەکەدا دا. ئیدی شەڕەکە بەردەوام بوو، ئەو بە دەم ڕابەرایەتی سوپاکەیەوە، ئیدارەی شەڕەکەی دا، بەرگری کرد تا مرد.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- لە هەوەڵەوە، هەستم کرد، دەبێ گیانی جەنگاوەری وشەرڤانی سەربازەکانم بپارێزم و ورەیان بەرز بکەمەوە، چونکە کوژرانی فەرماندەکەیان زۆر کاری تێکردبوون. ئیدی هێرشم بۆ سەر پێشقەرەوڵانی دژمن بردو هیچ دەرفەتێکم بۆ دوو دڵی سەربازەکانی خۆم نەهێشتەوە.

هەڵبەتە بە هیزیوباڵادەستی دژمنم، لەبەر چاو بوو، لێی بێ ئاگا نەبووم، بۆیە لە پانتاییەکی تەنگی نێوان نیل وچیادا، سەنگەرم گرت. لە پێشا هەڵوێستی بەرگری و بەرەڤانیم هەڵبژارد، تا نەفەسێک تازە بکەمەوە وبتوانم هێزە پەراگەندەکان کۆبکەمەوە. لە هەمان کاتدا درێژەم بە سەربازگیری و ڕاهێنان و مەشق دا. سەرەنجام بە هۆی هەوڵ و تەقەلای زۆر و شەونخوونی یەوە، لە پەلوپۆ کەوتم و مردم.

شا مینا گوتی:

- ئیدی هەردووکمان، هەموو ماوەی حوکمڕانی خۆمان لە مەیدانی شەڕا بەسەر برد.

ئەبنوم گوتی:

- هەموو پاشایان، لە ڕووی جەلال وشکۆ وناوبانگەوە، قەرزارباری میسرن، تەنیا ئەم خانەوادەیە نەبێ کە میسر قەرزارباری ئەوانە.

ئیزیس گوتی:

- ئەم پیاوە پێویستی بەوە نییە، من داکۆکی لێبکەم.

ئۆزوریس گوتی:

- ڕۆ، کورسیەکەی خۆت بدۆزەرەوەو لە نێو نەمرانا ڕونە.

**

پەراوێز:

١- کاموس ( ١٥٧٠ – ١٥٧٢ پ.ز ) پاشای میسر و دوا پاشای خانەدان و ماڵباتی ئەو پاشایانەیە که شاری تیبە پایتەختیان بوو. کاموس کوڕی

فیرعەون سیکننرع بوو کە بە گژ هیکسوسەکاندا چوو و لە شەڕی ئەوانا کوژرا. ئەو درێژەی بە ڕێگای بابی دا و لە هیکسوسەکان نەبووەوە ولە ئەنجاما شکاندنی و پایتەختەکەیانی گرت. سەربهورد و واریقاتی شەڕەکانی خۆی لە چەند بەردەنووسێکا تۆمار کردووە کە لە ساڵی ١٩٥٤ دا دۆزراونەتەوە.

( ١٢ )

حورس هاواریکرد:

- شا ئەحمەس.

پیاوێکی باڵابەرزی باریک خۆی بە ژوورا کرد، بە خۆ وکفنەکەیەوە ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- دوای مردنی بابی، لە جێی ئەو دانیشت. دەستبەرداری شەڕی دژمن نەبوو. لەم ماوەیەدا خۆی ئامادە وتەیار کرد، لە حاڵەتی بەرگرییەوە چووە حاڵەتی هێرش و پەلامار. ئیدی لێهاتوویی فەرماندەیی خۆی سەلماند وئازایەتی وعەگیدی وی ڕۆژبەڕۆژ، ئاشکراتر بوو. ئەو سەرکەوتن لە دووی سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەنجام توانی " هواریس "ی پایتەختی هیکسوسەکان گەمارۆ بدات و بیگرێ. سەرەنجام دژمنی تا ئاسیا ڕاونا و، سوپا و هێزەکەی تەفر وتونا کرد.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- ئەلهەقی من بەری هەوڵ وکۆششو ئامادەگی درێژخایەنیماڵباتەکەی خۆمم چنییەوە، لەم شەڕەدا، یەکێک لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم میللەتە یارمەتی دام کە فەرماندە "ئەحمەس بن ئیبانا " بوو. هەر جارێ لە شەڕێکا سەردەکەوتین، ورەی شەڕڤانی سەربازەکانم بەرز دەبووەوە، سەربازانی دژمن نەترەیان بەر دەدا و وەکو کەو دەچوون. ئێمە هەرگیز وێنامان نەدەکردشکست بێنین ودژمنیش هەرگیز وێنای نەدەکرد سەرکەوتن بە دەست بێنن. هەرکە پایتەختەکەیان ڕوخا، ئیدی حوکم و فەرمانڕەوایی هیکسوسان کۆتایی هات ومیسر ئازاد بوو. تا لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات ئاودیوم نەکردن، دڵم سوکنایی نەهات، چونکە دەمویست کارێکیان پێبکەم کە جارێکی دی بیر لە تۆڵە نەکەنەوە یان جارێکی دی بیر لە هێرش بۆ سەر میسر نەکەنەوە. ئیدی باقی تەمەنم بە پاکسازی وڵاتەکەم لە شوێنەواری دژمن و ڕێکخستنی کارگێڕی وڵات وڕیفۆرمی کشت وکاڵی و بەهێز کردنی سیستەمی ئاودێری بەسەر برد. سەردەم و دەورانی من کاتێک کۆتایی هات، کە میسر، خەریک بوو پێشوازی لە نەوەیەکی نوێ دەکرد کە شانازی بە قارەمانیەتیەوە دەکرد و ئامادەی هەر هێرش و جەنگێک بوو.

خوفو گوتی:

- ئەمە خەسڵەتێکی تازە بوو.

زوسەر گوتی:

- زۆریش جوان بوو.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- هەڵبەتە، هەڵبەتە لە شەڕارەتیش بەدەر نەبوو.

سیکننرع گوتی:

- دابینکردنی ژیانی ئابڕوومەندانە، لە نێو کۆمەڵێک هۆڤی دا، لە شەڕ و شەڕارەت بە دەر نابێت.

ئیزیس، لێرەدا هەڵیدایە وگوتی:

- پێویستە درود بۆ ئەم کوڕە بنێردرێ کە وڵاتی مەی ڕزگار کردووە.

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ بۆ ناو نەمرەکان و لە سەر کورسیەکەی خۆت ڕونە.

**

پەراوێز:

١- ئەحمەسی یەکەم: فیرعەونێکی کۆن وکوڕی سیکننرع و برای شا کاموس بوو. حەوت ساڵان بوو کە بابی کوژرا. دە ساڵان بوو کە براکەی کوژرا، دوای ئەو هاتە سەر حوکم. لە سەردەمی ئەوا شەڕی هیکسوسەکان کۆتایی هات و ئەوان لە دەڤەری دەڵتای نیل وەدەرنران. ئەم وڵاتی بەڕێوە برد، ڕەونەق و ڕەواجی بە بازرگانی دا و کەوتە ئاوەدانکردنەوە. بە دەورانی ئەحمەس ی یەکەم، دەگوترێ دەورانی دەوڵەتی مودیرن لە میسرا.

( ١٣ )

حورس بانگی کرد:

- شا ئەمنحوتبی یەکەم.

پیاوێکی دەستەباڵای ناوشان پان وەژوورکەوت. بە خۆ وکفنەکەیەوە هاتە پێشەوە، بە کڕنۆش وملکەچی لە بەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا. تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- لە هەوەڵی حوکمڕانی ئەودا، لیبیاییەکان، هێرشیان بۆ ڕۆژئاوای سنوورەکانی وڵاتی مە هێنا. بەڵام ئەو لێیان هاتە دەست، دوای ئەوەی زەرەر وزیانێکی گەورەی پێگەیاندن، تێک وپێکی شکاندن و دەری کردن، ئەوسا سنووری باشووری میسری فراوان کرد، پاشان بەشێکی گەورەی سوریای داگیرکرد.

ئوزوریس داوای لێکرد قسان بکات. گوتی:

- من کە جڵەوی پاشایەتیم گرتەدەست، سەیرم کرد بیرەوەریانی دوور ونزیک بەرۆکی زەینم بەرنادەن. هەروەها لە زەینی جەماوەری خەڵکیش دەرناچن. پیران، تاپۆی هیکسوسەکان و بێ ڕێزی ئەوانیان، دەرهەق بە خۆ، لە دڵ دەرناچێ و لە زەین ناسڕێتەوە.لاوانیش، بە سەرکەوتنەکانی ئەحمەسەوە دەنازن و خوازیاری سەرکەوتنی پترن. ئیدی لە سەرەتاوە کەوتمە ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی وڵات وهەڵدانی چەتری قانوون و بەرقەراری ئاسایش وتەناهی وچاودێری فەرمانبەران، تا ئەوە بوو لیبیاییەکان لە سنووری ڕۆژئاواوە هێرشیان بۆ هێنابن. ئیدی زۆر بە پەلە، بە شیوەیەکی باوەڕ نەکردەنی ودوور لە وێنای دژمن، ڕووبە ڕوویان بوومەوەو، کردمن بە پۆڕی خوراو. ئەو جۆش و خرۆشەی کەوتبووە دڵ و دەروونی فەرماندە و ئەفسەرەکان منیشی گرتەوە. ئیدی هێرشێکی سەرکەوتووانەم بۆ ناوچە نادیارەکانی نوبە کرد. پاشان، هەواڵدزان پێیان گوتم، کە هەندێک لە پاشماوەکانی هیکسوسیان، خەریکە خۆیان ئامادە

وتەیار دەکەن، تا ئەو شوێنانەی وڵاتەکەمان بگرنەوە، کە لە دەستمان دەرهێنابوونەوە.

ئیدی لەشکرێکی گەورەم ئامادە کرد وبە خۆم پێشی کەوتم، لەم هێرشەماندا فەلەستین بەبێ شەڕ ڕادەست بوو، پاشان هێرشم بۆ ئەو هێزانەی هیکسوسەکان برد کە لە ڕۆژئاوای سووریا خڕ بووبوونەوە، ئیدی تێک وپێکم شکاندن و تەرەتە و وەرتەم کردن و ئەوێشم لێگرتن. فەرمانم دا پەرستگەیەک لەوێ بۆ ئامون دروست بکەن وئیدی بە دیل ودەستکەوتی زۆرەوە گەڕامەوە، هەموو دیار ودەڤەرە داگیرکراوەکان بەڵێنیان دا کە باج و خەراج بدەنو بەوجۆرە درامەتی وڵات ڕوو لە زایدی ڕۆیی و بازاڕان ئاوا و ئاوەدان بوونەوە.

ئەحمەس گوتی:

- بە ڕاستی کارێکی چاکت کردووە، دەستەکانت خۆش، مەرزەکانی باشووری میسر، تا نوبەی نەخرێتە سەر، دابین ناکرێن، مەڵبەندی بەرگریش لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتمان، دەکەوێتە ناو سووریاوە.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- ئەمە نیشانە وبەڵگەی ئەوەیە کە ئەمن وئەمانی میسر تەنیا بەوە دابین دەبێت، کە لەو دیوی سنوورەکانەوە دژمنی لاواز وبێ هێزمان هەبن!

ئەحمەس گوتی:

- ئەزموونی ژیان فێری ئەوەی کردووم کە کێشماکێش و ململانێ هەرگیز نابڕێتەوە و مرۆڤ هەرگیز ئاسوودەیی بە خۆوە نابینێ، هەر کەسێک،

بایەخ بە هێز وتوانای خۆی نەدات، دەبێت بە نێچیری ئاسان ڕاوی، هۆڤیانی دڕندە وبێ بەزەیی.

ئەمنحوتبی یەکەم گوتی:

- تەنانەت ئەو هێسترانەش کە نەزری پەرستگاکانم کردبوون، بۆ ڕەزامەندی و بەرەکەتی خواوەندان نەبوو، بەڵکو مەبەستی هەوەڵ وئاخیری من لەو مەیدانە پیرۆزەدا، ڕزگاری میسر بوو.

ئیزیس هەڵیدایە و گوتی:

- کارو کردەوەکانی ئەم کوڕە، باشترین گەواهین بۆ ئەو.

ئوزۆریس گوتی:

- بڕۆ، لە نێو نەمرانا، لە جێی خۆت ڕونە.

**

پەراوێز:

[1]- لە ساڵی ١٥٨٠ پ.ز، سەردەمێکی نوێی پاشایەتی یان سەردەمی ئیمپراتۆریەتی میسر دەستی پێکرد کە فەرمانڕەوایی زنجیرە خانەدانانی هەژدەیەم، نۆزدەیم و بیستەم دەگرێتەوە. زنجیرەی هەژدەیەم، پازدە پاشای هەبوو، یەکەمینیان " ئەحمەسی یەکەم " بوو کە هیکسوسەکانی بە یەکجارەکی لە میسر وەدەرنان، دوای ئەو کوڕەکەی ئەمنحوتی یەکەم و دوای ئەو تحوتسمی یەکەم و تحوتسمی دووەم، هاتنە سەر حوکم. تا ئێستا شوێنی گۆڕەکەی ئەمنحوتب نەدۆزراتەوە، بەڵام مومیاکەی ئەو، باشترین مومیایەکە کە لە میسریانی کۆن بە جێماوە.

حورس هاواریکرد:

- شا تحوتمسی یەکەم.

پیاوێکی دەستە باڵای خۆش قەد و باڵا وەڕژوورکەوت، بە خۆی و کفنەکەیەوە هات و لە بەردەم عەرشەکەا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- لە سەردەمی ئەودا، ڕەوش و بارودۆخی ناوخۆ ئارام و جێگیر بوو، شەڕێکی لە نۆبە کرد، شۆڕشێکی لە سووریا دامرکاندەوە، لە سنوورەکانی دۆڵی دوو ڕووبار نزیک بووەوە. دار و تەختەی لە لوبنانەوە هێنا ولە دروستکردنی پەرستگایاندا بەکاری برد.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسان بکات. هاتە قسان وگوتی:

- دایکم، پاشا زادە نەبوو، سەر بە ڕەمەکی مەردم بوو، ئیدی خوێنی من خوێنێکی پاشایانەی خالیسە نەبوو، هەستام دۆتمیر " ئەحعموس "م خواست، بەوجۆرە فەرمانڕەوایەتی من شەرعیەتی پەیدا کرد، کەڵکەڵەی نادیارناسی کردیە کارێک، بەرەو وڵاتی نوبە مل بنەم، بە ئومێد بووم بگەمە ئەو سەرچاوە پیرۆزەی کە نیلی لێوە هەڵدەقوڵا، کە تیرەکەم گرتە فەرماندەی دژمن، یەکسەر پێکام و کوشتم و سوپاکەی پەراگەندە بوو. ئێمە یەکەم کەس بووین کە گەیینە سولاڤ و تاڤگەی سێیەم. من لەوێ پێنج بەردی شوێنەواریم چەقاندو سەرکەوتنەکانی خۆمم لە سەریان تۆمار کرد. هەروەها قەڵایەکم لەوێندەر ڕۆنا وداژدارم بە دیاریەوە دانا. ئیدارەی

ئەوێم ڕێکخست و ڕەوشی خێڵاتەکانی ئەوێندەر باش بوو. هێشتا بە تەواوەتی بۆ تیبە نەگەڕابوومەوە کە هەواڵ هات لە سووریا هەرا و فەرتەنە و ئاژاوە بەرپا بووە، هێرشێکم بۆ ئەوێندەر تەرتیب کرد وئاژاوەکەم دامرکاندەوە. کە بۆ میسر گەڕامەوە، بڕیارم دا باج و خەراج بۆ ڕێفۆرمسازی وئاوەدانکردنەوە تەرخان بکەم، بۆ ئەمەش پشتم بە ئەندازیار " ئەنینی" قایم بوو، کە دوو کۆشکی گەورەی لە دەروازەی پەرستگەی ئامون دروستکردبوو، لە گەڵ مەیدانێکی گەورەی سەرگیراوا کە کۆڵەکەی " دار ئورز " ی لوبنانی دابوونەبەر. ئیدی بەختم یار بوو کە توانیم پەرستگەی ئوزوریس – پەرستگەکەی ئێوە سەروەرم – نۆژەن بکەمەوە. ئیدی کەل وپەلی جوان وئامانی زێڕین و زیوینم تیای دانا و، وەقفێکم بۆی تەرخان کرد.

ئەحمەس پرسی:

- باشە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش و ئاژاوەی سووریا چ بوو؟

- ڕزگاربوون لە دانی باج.

ئەمنحوتبی یەکەم پرسی:

- باشە وەکو نوبە، حەرەس و پاسەوانانت لەوێش دانەنا؟

- نا، من حەزم نەدەکرد هێزەکانم، پەراگەندە ببن و تەنیا چەند کەسێکم بۆ پێشگیری لە ڕووداوێن چاوەڕوان نەکری لەوێ هێشتبووەوە.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- ئیدی وایە، چ بچێنی ئەوە دەدوریيەوە.

ئەبنومی شۆڕشگێڕ گوتی:

- ئەوەندە سووکایەتی و بێ ڕێزیت پێکرابوو کە ناچار بوویت دۆتمیرێک بخوازیت، بۆ ئەوەی شەرعیەت بە فەرمانڕەواییەکەت ببەخشێت. ئەمەش تەنیا لەبەر ئەم گوناحەی کە دایکت لە عەوامی خەڵکەکە بوو؟ئەگەر تۆ خۆت لە شۆڕشی شکۆداری جەماوەری خەڵکی وپەندە پڕ بەهاکانی نەدزیباوە و پەردەیەکی تاریکیت بە سەریا دانەداباوە، عیزەت وکەرامەتت، بەو ڕادەیە سووک نەدەبوو.

خوفو، ڕویکردە ئوزوریس وگوتی:

- خواوەندا! گلەییم هەیە کە ئەم ئاژاوەگێڕەمان لە گەڵدا بێ.

ئوزوریس گوتی:

- بە گوێرەی حوکمێکی دادپەروەرانەی خوایی جێی خۆی کردووەتەوە!

ئیزیس، ئامارژەیبۆ تحوتمسی یەکەم کرد و گوتی:

- ئەم کوڕە پێویستی بە بەرگری نییە.

"ئوزوریس "ش گوتی:

- بڕۆ، لە سەر جێگاکەی خۆت و لە نێو نەمراندا ڕونە.

**

پەراوێز:

١- تحوتمسی یەکەم: لە تەمەنی چلساڵیا، دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەویش وەکو پێشینیانی خۆی هێرشی کردە سەر نوبە و شام و سنووری میسری

فراوان کرد. بینا و پەرستگایەکی زۆری دروستکرد. پەرستگەیەکی بۆ خۆی لە دۆڵی پاشایان دروستکرد وقاییل نەبوو لە ئەهرامەکانا بنێژرێ. دەڵێن گوایە "حتشپسوت" فیرعەونی مێ و بە نێو بانگی میسر خوشکی ئەوە.

( ١٥ )

حورس بە دەنگێکی بەرز هاواریکرد:

- شا تحوتمسی دووەم.

پیاوێکی باریک و بنێس وەژوورکەوت، ڕۆیی و لەبەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- ئەو ڕاپەڕینانەی، کە لە باشوور ولە ئاسیا ڕوویاندا، کوژاندەوە، پیاوێکی لاوازو مردەلۆخ و نەخۆش بوو، ماوەیەکی کەم حوکمڕانی کرد و مرد وبۆ ئەو دنیا ڕۆیی.

ئوزوریس داوای لێکرد قسان بکات. کەوتە قسان:

- دوای مردنی بابم، کوڕەکانی چاوی تەماعیان بڕییە تەخت وتاجەکەی و هەریەکەیان پەنایان بۆ حیزبێک برد تا پشتیوانی لێبکات. بابم منی بۆ جێگاکەی خۆی کاندید و نێوزەد کردبوو. بەڵام حەتشپسوتی خوشکم لێی داگیر کردم و شووی بە زڕ براکەم کرد، تا شەقڵی مێیانەی دەسەڵاتەکەی بشارێتەوە. بەڵام حیزبەکەم توانی مافەکەم بگێڕێتەوە ومن بە بێ تووند وتیژی وخوێن ڕشتن، تەخت و تاجەکەم وەرگرتەوە. تەنانەت بیرم لەوەش

نەکردەوە تۆڵەی لێ بسەنمەوە. هەرچەندە، نەخۆش و دەردەدار بووم، بێ دوو دڵی کەوتمە وێزەو لێدانی ئەو ڕاپەڕینەیلە باشوور و ئەوەی لە ئاسیا بەرپا بووبوون ودام مرکاندنەوە. تەنیا چەند ساڵێک بە خۆشی ژیام و پاشان نەمتوانی بەردەوام بم.

شا مینا گوتی:

- دەبوایە دەستبەرداری مافی خۆت بوایەی، چونکە هەق نییە، خەڵکانی لاوازو نەخۆش حوکمڕانی بکەن..

تحوتمسی دووەم گوتی:

- وێڕای ئەوەش سەرکەوتم.

مینا گوتی:

- وێڕای ئەو لاوازی و دەردەداریەی هەتبوو، شانست هەبووە...

ئیزیس گوتی:

- بەهەر حاڵ، هەرچی لە توانایدا بووە کردوویەتی و کارەکەی سەرکەوتوو بووە.

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ کورسیەکەی خۆت لە نێو نەمرانا وەدۆزەو ڕونە.

( ١٦ )

حورس هاواریکرد:

- شا بانوو حتشپسووت.

ژنێکی دەستە باڵای، خۆش قەد وقەڵافات وەژوورکەوت. بە خۆی و کفنەکەی بەڕێوە ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، کەوتە خوێندنەوە:

- دەورانی ئەو، بە ئاشتی وخۆشگوزەرانی بووری. پەرستگەی دێری بەحری ڕۆنا، نوێژ و نزای لە وڵاتی بنت دا ژیانەوە، لەوێندەرەوە درەختی موڕی هێنا و لە حەوشی پەرستگەکەدا ڕواندی. خێر و بێر بە سەر ئەم پەرستگەیەدا باری و خەڵکی دەوڵەمەند بوون و خۆشحاڵ بوون.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. ئەویش هاتە قسان:

- من، تاقە کەس بووم کە شایستەی تەخت و تاجەکە بێ، من دوا زوڕیەتی شابانۆ ئەحعەموس بووم کە لە ژیانا مابووم و خوێنم، خوێنێکی خوایی و شاهانە بوو، ڕێک بە پێچەوانەی تحوتمسی برامەوە، کە کوڕی ژنێکی نامەشروع بوو بەنێوی "موت نفرت " براکەی دیکەم تحوتمسی سێیەم، ئەویش کوڕی کەنیزەکێک بوو بە نێوی " ئیزیس " جا من وەکو ڕێز و حورمەت لە داب و نەریتێکی کۆن کە فەرمانڕەوایی ژنانی پێ پەسند نەبوو، ناچار بووم، شوو بە زڕ براکەم بکەم. ئەمە کاهین و ڕەبەن بوو لە پەرستگەی ئاموون، بۆ ئەوەی بگاتە تەخت و تاج لە هیچ فەند و فێڵێک نەدەپرینگایەوە، کاهین و ڕەبەنەکانی دیکەی پەرستگەی " ئاموون " ش هاوکاریان دەکرد. ئەو تەخت و تاجی پاشایەتیەکەی لە من سەندەوە، ئیدی تحوتمسی دووەمی برام، بە پشتیوانی حیزبەکەی گەییە دەسەڵات. وەختایەک ئەو مرد، دووبارە فەرمانڕەوایی بۆ من گەڕایەوە. تحوتمسی سێیەمیشم لە گەڵ بوو. ئیدی سانسۆرێکی وەهامان خستەسەری، کە هەموو

فەندەڵ فێڵەکانیمان بەتاڵ کردەوە. ئیدی بە جۆرێ گۆشەگیر بوو و کەوتە بەر سێبەرەوە کە هیچ دەور و بایەخێکی نەما، ئیدی تەگبیر و ڕا وشیرەتم بە پیاوانی زۆر گەورە دەکرا، لەوانە: سنموت، سنمن، حاپوسنب، ئیدی سەردەمێکی زێڕینی ئەمن و ئەمان و ئاشتی و خۆشگوزەرانی ئەوتۆم بۆ خەڵکی ڕەخساند، کە باوەڕیان بە توانای ژن، لە فەرمانڕەواییدا هێنا.

ئەبنوم گوتی:

- لە سەردەم و دەورانی ئێمەشا، کە ئێوە لە چاڵی تاریکیتان نا، دوو شابانووی گەورە حوکمڕانیان دەکرد..

حەکیم ئەمنحوتب گوتی:

- باشە بۆچی، بە شەریک کردنی براکەت، تەخت و تاجەکەت مکووم نەکرد؟

حتشپسووت گوتی:

- ئەو وەکو من لە خانەدانی هەتاو ( رع ) نەبوو. پێشینەی وی لە فێڵ و تەڵەکەبازیا، وای ئیجاب دەکرد سڵی لێ بکەمەوە، تەنانەت خەڵکانێک پێشنیازیان بۆ کردم تیرۆری بکەم، بەڵام من ڕقم لە فێڵ و دەهۆ وخوێنڕشتن بوو.

حەکیم بتاح حوتب پرسی:

- باشە، بە قسەکانتا وادیارە کە شووکردنی تۆ بە براکەت، تەنیا پەیوەندیەکی ڕواڵەتی و فەرمی بووە؟!

لە وەڵاما گوتی: - بەڵێ.

دووبارە لێی پرسییەوە:

- یانی هەموو تەمەنت بە کچێتی بردەسەر؟

ئوزوریس گوتی:

- مافی ئەو پرسیارەت نییە، شابانوو بۆی هەیە وەڵام نەداتەوە.

ئیزیس گوتی:

- کیژێکە کە هەر دایکێک شانازی پێوە بکات، بۆیە پێویستی بەوە نییە، داکۆکی لە خۆی بکات.

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ، لە سەر کورسیەکەی خۆت، لە نێو نەمراندا ڕونە.

**

پەراوێز:

١- حتشپسووت ( بە مانای سەرئامەدی خانمانی ئازادە ) پێنجەمین فیرعەونی بنەماڵە و خانەدانی هەژدەیەمی پاشایی میسری کۆن بوو. لە کتێبی فیرعەونانی میسرا هاتووە، کە جلێکی پیاوانەی لەبەر بووە کە کلکی شێرێکی پێوە بووە، هەروەها ڕدێنێکی زێڕینی دەستکردی داناوە تا سام وهەیبەتی سەڵتەنەتەکەی بپارێزێ. لە ماوەی بیست و یەک ساڵەی حوکمڕانی خۆیدا، زیاتر گرینگی و بایەخی بە بازرگانی داوە تا بەشەڕ و جەنگان.
٢- مورڕ: درەختێکە گوڵی سوور دەگرێ، میوەیەکیهێلکەیی دەدا کە لە سەرانسەری هیند وعەرەبستان و کیشوەری ئەفریقا دەڕوێ، ئەم درەختە، مادەیەکی زەردی کەتیرە ئاسا دەردەدا کە بۆ دەرمان بەکار دەبرێ.

حورس بانگی کرد:

- شا تحوتمسی سێیەم:

پیاوێکی کورتە باڵای تۆکمە کە شوێنەواری جەلال و شکۆ و سام و هەیبەت، بە سەر و سیما ورِوخساریەوە دیار بوو، وەژوورکەوت. بە خۆی و کفنەکەیەوە ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا بە ملکەچی ڕاوەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- پشتی مردنی حتشپسووت، فەرمانڕەوایی وڵاتی گرتە دەست، دەوڵەتی لە هەڤرِک و نەیارەکانی پاککردەوە، بە دەستی پۆڵایین فەرمانڕەوایی دەکرد. ڕێزی کاهینانی ئاموونی دەگرت و بە سەر هەموو کاهێنان و ڕوحانیانی دیدا پەسندی دەدان. سوپا و هێزێکی دەریایی ئەوتۆی ئامادە کرد، کە وڵات هەرگیز، هێزی وەهای بە خۆوە نەبینی بوو، چەندین شەڕی کرد، ئەنجام گەورەترین ئیمپراتۆریەتی دنیای تا ئەو کاتەی دروستکرد، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی گەییە نزیکی ئاسیای بچووک و سەرووی فورات و دوڕگەکانی دەریاو، زەلکاوەکانی بابیل ولیبیا وسەوزەڵانانی سارا و هەر دوو بانەکانی سومالْ و سولاڤەکانی نیلی سەروو، بەمجۆرە میسر بوو بە مەکۆی یەکانگیری خەڵکی میللەتانی جیاواز ومەڵبەندی خێر وبەرەکەت و بازاڕی گەرم وبە ڕەونەق، پەرستگا و قوللە و قەڵات و ستوونە بەردانی لە میسر ولە هەموو دەڤەرەکانی سەر بە میسری، دامەزراند، ئەنجام وڵاتێکی لە دوای خۆی بە جێهێشت، لە لوتکەی شکۆداری و شارستانیەتدا بوو.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- لە سەرەتای ژیانما، جەورێکم کێشا کە هیچ پاشایەک جەور وستەمی وای نەکێشاوە. من بە حوکمی ئەو هێز و توانایەی خواوەند پێی بەخشی بووم، بە هۆی ئەو زانیاریەوە کە لە مەڕ دین ودنیا هەمبوو، لە هەموو برایەکانم، پتر شایستەی پاشایەتی بووم. بەڵام لەبەر هۆیەکی پووچ، لە بەر ئەسڵ وفەسڵی دایکم، لەو مافە مەحرووم کرام. من، وەکو باس دەکرێ، بە حیلە و نێرەنگ، حەقی خۆمم بە دەست نەهێناوەتەوە. تەنانەت جارێک ئاموونی مەزن، لە جەژنێکا کە لە سەردانی کاهین و ڕوحانیەکانا بوو، منیش لەوێ بووم، بە ئاشکرا منی بۆ پاشایەتی کاندید و ناوزەد کرد، لە حوزووری ئەوا کڕنووشم برد وسوپاسی لوتف و میهری ویم کرد. بەڵام حیزب و هەوادارەکانی شابانوو حتشپسووت، بە تۆپزی دەوریان گرتم و هەموو دەسەڵاتێکیان لێسەندمەوە. ئیدی لەوە بە دواوە، وەکو پیاوێک بە بێ هیچ نرخ و فەرێک لە سێبەردا دەژیام کە لە دوای مردنی شابانوو، جڵەوی دەسەڵاتم گرتە دەست، تۆڵەم لە هەموو ئەو پیاوانە کردەوە کە دەسەڵاتی شەرعییان لێ داگیر کردبووم و ژیانی خێزانداریان لەکەدار کردبووم. فەرمانڕەوایی ئەو ژنە، وەکو پێشبینی و چاوەڕواندەکرا، جگە لە لاوازی وزەبوونی هیچی لێ سەوز نەبوو. سوپا هەڵوەشایەوە، ڕاپەڕینو یاخیبوون لە دەڤەر و هەرێمەکانی دەرەوە بەرپا بوو، ڕێز و هەیبەتی میسر و خواوەندە گەورەکەی، ئاموون، تیاچوو. ئیدی هەموو خەون وخولیای من بوو بە بوژاندنەوەو ژیاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی میسر. هەڵبەتە نەک لە بەر شەڕ دۆستی یان تەماعی سەروەت وسامان، بەڵکو بۆ ئەوەی ڕوناکی شارستانیەتی میسر گەلانی دەوروبەریش بگرێتەوە و، تا ئاموون، پێگەی بەرزی خۆی لە نێو هەموو خواوەندەکانا بگرێ.

ئەحمەس گوتی:

- شایەتی ئەوەت بۆ دەدەم کە تۆ خەونی هەموومانت هێنایەدی. تۆ ئەوەندەت بەسە کە دەیان سەرکەوتنت بە دەست هێنا و تاقە جارێک شکستت نەخوارد.

ئەبنووم لێی پرسی:

- باشە چێت بۆ جووتیارانکرد؟

تحوتمسی سێیەم بەرسڤی دایەوە:

- هەندێکیان سەرباز و ئەفسەر وفەرماندە بوون لە دەف من. من شێواز و ئەوزارێن ئاودێریم چاک کرد، پێداویستیەکانی جووتیارانم، جێبەجێ کرد، هەژاریم لە دیارو دەڤەرێن وان بنبڕ کرد. ژمارەیەکیان بۆ شار چوون، تا بە کاری پیشەسازی و پیشەێن جۆراوجۆرو بازرگانیەوە مژوول بن.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- بەڵام ئیمپراتۆریاکەیتۆ لە سەر هەزاران کەللە سەری میسریان و غەیرە میسریان ڕۆنرابوو.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- مردن برا گەورەیە، کەس لە مردن ناخەلەسێ، ئینسان بە دەم ڕۆنانی جەلال و شکۆیەکەوە بمرێ، زۆر لەوە باشترە بە نەخۆشی بمرێ، یان مارێک پێوەی بدات و بمرێت، ئەوەی ڕاستی بێت من نە کەسێکی ستەمکار بووم نە کەسێکی تینووی خوێن ڕشتن.نەخشە وبەرنامەی من ئەوە بوو بە کەمترین زیانی گیانی خێراترین دەسکەوت و سەرکەوتن بە دەست بێنم، دوای

گەمارۆی " مجدو " هەموو دژمنەکانم لە سەرباز و پاشا و فەرماندە، کەوتنە بەردەستی من، ئیدی ژیان و مانیان کەوتبووە دەستی من، بەڵام من دڵم پێیان سووتا ولە گیانیان خۆش بووم. کوڕەکانیانم بۆ تیبە نارد، تا بە سەلامەتی و شارستانیانە بژین. تا ئەو ڕۆژەی شایستەیی ئەوە پەیدا بکەن، خۆیان لە جیاتی میسریەکان، حوکمی خۆیان بکەن، ئەمە سیاسەتێکی مرۆڤانی بوو کە لە پێش منا پەیڕەو نەکرابوو.

شابانوو حتشپسووت گوتی:

- ئەگەر ئەو سەروەت وسامانە نەبووایە کە من بۆم بە جێهێشتبوویت، نەتدەتوانی تاقە یەک هێرش لەو هێرشانەی بۆ سەر ئاسیات کردن، ئەنجام بدەیت.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- ڕاستە سەروەت وسامانێکی فرەت بۆ بە جێ هێشتم. بەڵام ئەو سوپایەی بە جێت هیشتبوو، مایەی بەزەیی بوو، گەندەڵی تەنانەت لە ناو نزیکترین، دەست و پێوەندەکانتا بڵاو بوو..

حتشپسووت گوتی:

- تۆ تا ئێستاش هەر دڵڕەش و بە گومانی. تا ئێستاش بە بێ هیچ بەڵگەیەک ڕژدی لە سەر تۆمەتبار کردنی من، لە سەر تۆمەتبار کردنی نامووسی..

ئوزوریس گوتی:

- واز لەم قسە سووکانە بێنن، بەسە!

ئیزیس، لێرەدا هەڵیدایە وگوتی:

- کوڕی خۆم، تۆ ئەوت خۆشدەویست؟

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- ئەو گاڵتەی بە باڵای کورتی من دەکرد. ئەم باڵایەی کە پاشا و سەروەرانی هەموو میللەتان کڕنووشیان بۆ دەبرد.

ئیزیس گوتی:

- ئەمە کوڕێکی گەورەیە و شایستەی ئەوەیە میسر بۆ هەتاهەتایە شانازی پێوە بکات.

ئۆزوریس گوتی:

- بڕۆ، لە لای نەمران و لە سەر کورسیەکەی خۆت ڕونە.

**

پەراوێز:

١- تحوتمسی سێیەم: هێرشی کردە سەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەموو ناوچە لە دەست چووەکانی لە فەلەستین، دووبارە هینایەوە ژێر ڕکێفی خۆی. بەڵام لە سوریادا بە پێچەوانەوە، نەیتوانی ناوچە داگیرکراوەکان تا ماوەیەکی زۆر بپارێزێت. لە مێژوودا بە سوپاسالاری گەورەی میسر دەژمێردرێ. قەڵەمڕەوی تحوتمس لە فوراتەوە تا ناو جەرگەی سودان درێژ بووەوە. میسر لە زەمانی ئەودا یەکەم ئیمپراتۆریای جیهان بوو.

حورس هاواریکرد:

- شا ئەمنحوتبی دووەم.

پیاوێکی زەلامی کەتە، کە سام و هەیبەت لە سەراپای دەباری وەژوورکەوت، بە خۆ و کفنەکەیەوە ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- تەختی پاشایەتی میسر، بە عەمراتی پیاوێکی بە هێزی وەکو ئەوی بە خۆوە نەبینی بوو. سەردەمی ئەو سەردەمی ئاشتی بوو، خووی دابووە بیناسازی و نۆژەن کردنەوە و ئاوەدانی.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. هاتە قسە وگوتی:

- من کەسێکی بەکەلەش و بەهێز بووم، دەوروبەرەکەم لێم دەترسان، هەرکەسە و بە جۆرێ ئەرکی خۆی ئەنجام دەدا وەکو ئەوەی من هەمیشە بەدیار سەریەوە بم. کەوانێکم هەبوو، جگە لە من کوڕ نەبوو بتوانێ ژێیەکەی ڕاکێشیت و بیهێنێتە سەرپێ. ئەو ئارامییەی وڵاتی گرتبووەوە، کردیە کارێک، هەموو هەوڵ وکۆششی خۆم خۆ بۆ بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات تەرخان بکەم و هەر واشم کرد.

حەکیم ئەمنحوتب پرسی:

- هەڵوێستت دەربارەی گەورەیی ئەوانەی پێش خۆت چ بوو؟

ئەمنحوتبی دووەم بەرسڤی دایەوە:

- هەر یەکێکیان بۆ من سەرمەشق و نموونەیەکی باڵا بوون. بەڵام هەندێجار، لە هەنبەر ئەواندا هەستم بە بچووکی خۆم دەکرد، ئەمە خەمباری دەکردم..

ئیزیس گوتی:

- بە هەرحاڵ فەرمانڕەوایی خۆت کرد، دنیات ئاوەدان کردەوە، زەمانی تۆش، لەوە زیاتری هەڵنەدەگرت کە کردت..

ئۆزوریس گوتی:

- هەڕە، لە نێو نەمرانا ڕونە.

( ١٩ )

حورس هاواریکرد:

- شا تحوتمسی چوارەم.

پیاوێکی درێژ داهۆڵ وەژوورکەوت. ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا. تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- بە هۆی مردنی وەلیعادەوە، تەخت وتاجی پاشایەتی وەرگرت. لە سەرزەمینانی ئاسیاییدا، ڕاپەڕین ویاخی بوونێک بەرپا بوو، بەڵام یاخی بووەکانی سەرکوتکرد، پاشانلە گەڵ موت ئویای فرزەندی پاشای میتانیدا زەماوەندی کرد.

ئۆزوریس داوای لێکرد قسە بکات. هاتە قسان وگوتی:

- من نە چاوم لە تەخت وتاج بوو و نە کاندیدی تەخت و تاج بووم، ڕۆژێک بە سەفەر چووم بۆ ئەبول هول، لە ژێر سێبەری ئەو پەیکەرەدا ڕۆنیشتم تا کەمێک پشوو بدەم، خەوە نووچکەم پێکەوت، بە دەم خەوە کوتکێوە گوێم لێی بوو داوای لێکردم، کە خاک و خۆڵ و قوم و لمەکەی دەوروبەری پاک بکەمەوە، بەڵێنی دامێ کە ئەگەر ئەو کارەی بۆ بکەم، دەمگەیەنێتە تەخت و تاج. یەکسەر کرێکارانم بانگ کرد وئەمرم پێکردن کە خاک وخۆڵەکەی دەوروبەری پاک بکەنەوە وبە خۆم چوومە ژێر باری مەسئولیەتی هەموو کارەکە. لە ناکاوا بویەرێ ڕوویدا، کە کەس چاوەڕوانی نەدەکرد. ئیدی وەلیعاد هەر لە خۆیەوە مرد و، من بە بێ هیچ ڕکابەرێک، لە سەر تەخت دانیشتم. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بۆم دەرکەوت ئەرکی من تەنیا ئەوەیە ئەو جەلال و شکۆیە بپارێزم کە بە میرات بۆ من مابووەوە. ئیدی کەوتمە تاقیب کرن وسەرکوتکردنی یاخییەکان، بۆ دروستکردنی پەیوەندی و خزمایەتی دەگەڵ میللەتانی دیکەدا، زەماوەندم دەگەڵ کیژی پاشای میتانیدا کرد.

شابانوو حتشپسووت گوتی:

- هەڵبەتە ئەم کارەت تا ڕادەیەک لە لاوازیەوە بوو..

تحوتمسی چوارەم گوتی:

- من ئەم کارەم بە سیاسەتێکی ئاقڵانە دەزانی..

خوفو گوتی:

- خواستنی شابانوویەکی بیانی، لە مەترسی بەدەر نییە!

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- منیش هاوڕای پاشام کە ئەمە سیاسەتێکی حەکیمانە بووە.

تحوتمسی چوارەم گوتی:

- ئەمە جگە لەوەی کە حەرەمسەرای پاشایان هەرگیز لە ژنانی بیانی خاڵی نەبوون..

ئیزیس گوتی:

- ئەم کوڕە چ لە ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوە ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە.

ئۆزوریس گوتی:

- بڕۆ، لە سەر کورسیەکەی خۆت، لە نێو نەمراندا ڕونە.

( ٢٠ )

حورس هاواریکرد:

- شا ئەمنحوتبی سێیەم و شابانوو تیی.

شا و شابانوو بە دوو قۆڵی وەژوورکەوتن، بە کفنەکانی بەریانەوە چوونە پێشێ و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستاو.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- بۆیە شابانوو "تیی" م لە گەڵ شا ئەمنحوتبی سێیەمدا بانگ کرد، چونکە هەردووکیان لە فەرمانڕانیدا شەریک وهاوبەش بوون. دەورانی وان دەوران و سەردەمی پڕ خۆشگوزەرانی و عیزەت وسەربەرزییەکی بێ وێنە بوو، کە تا ئەو کاتە نموونەی نەبوو.

میسر لەو دەوران و سەردەمەدا، مەڵبەندی یەکانگیری سەروەت وسامانی هەموو میللەتان بوو. بەوپەڕی هۆشمەندی و شایستەییەوە توانی ئیمپراتۆریاکەی خۆی ئیدارە بدات و بەڕێوەی بەرێ.

هەر ڕاپەڕینێک لە هەر شوێنێک ڕوویدابا و هەرکەسێک ڕابەری بکردبایە، بێ چەند و چوون ودوو دڵی سەرکوتی دەکرد. بە جۆرێ دەژیا و مومارەسەی ژیانی دەکرد، کە هیچ پاشایەکی دی بە جۆرە لە ژیان بەرخوردار نەبوو بوو. لە سەردەمی ئەودا، کۆشک وپەرستگایان دروستکران. حەزی لە خواردن و خواردنەوە و ژنان بوو، لە ئاخر و ئۆخری فەرمانڕەواییەکەی خۆیدا، کیژی پاشای میتانی خواست کە لە تەمەنی نەوەی خۆیدا بوو، ئەمەش کردیە کارێ کە زووتر بمرێت..

داوا لە پاشا کرا قسە بکات، پاشا گوتی:

- من ئیمپراتۆریاکەم لە باپیرە مەزنەکەمەوە، واتە تحوتمسی سێیەمەوە بە میرات بۆ مابووەوە. بڕیارم دا، منیش هەمان میراتی و بەهەمان گەورەیی و شکۆوە بۆ خەڵکانی دوای خۆم بە جێ بێڵم. چونکە هیچ دەرفەتێک بۆ فراوانکردنەوەی ئەم ئیمپراتۆریایە نەبوو. بۆیە کەوتمە مکووم کردنی پایەکانی و سەرکوتکردنی یاخییەکانی، ئەوجا ئەم شکۆ وعەزەمەتەم گواستەوە بۆ کارێن بیناسازی وئاوەدانکردنەوە ودابینکردنی خۆشگوزەرانی گشتی، ئیدی تەحەدای داب ونەریتانم کرد، هەڵسام کچێکی ڕەمەکیم خواست، کە بە زەبری هۆشمەندی خۆم، کردم بە باشترین شەریکی ژیانی دەورانی پاشایەتیم. ئیدی دەور وزەمانێکم لە دوای خۆم بە جێهێشت، کە بۆ هەمیشە وەکو ڕەمزی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی دەمێنێتەوەو باس دەکرێت.

شابانوو حتشپسووت گوتی:

- زۆرم پێخۆشە کە بەو شایستەییەوە باسی شابانووەکەی خۆت کرد، ئەوە شایەدیەکی گەورەیە بۆ ژن و بەرپەرچ دانەوەیەکی ئاشکرای دژمنانی ژنە.

ئەمنحوتبی سێیەم گوتی:

- تیی، بە شایەدی دژمنان بەر لە دۆستان، شابانوویەکی گەورەیە.

ئەبنووم گوتی:

- بەڵام تۆ، بە خووی مێبازی خۆت، خراپترین پاداشتت دایەوە.

ئەمنحوتبی سێیەم گوتی:

- هەر پاشایەک حەرەمسەرای تایبەتی خۆی هەیە. ئەوە هەوەسڕانیەکی ڕەوتەنی و زوو گوزەرە، لە پایەی بەرزی شابانوو کەم ناکاتەوە..

ئەبنوم گوتی:

- تۆ بەو تەمەنە پیرەتەوە، کچێکت خواست کە لەتەمەنی نەوەکەتدا بوو؟

شا گوتی:

- ویستم پەیوەندییەکانی میسر ومیتانیان بە هێز بکەم.

ئوزوریس گوتی:

- نابێ لەم هۆڵە  پیرۆزەدا درۆ بکرێت.

ئەمنحوتبی سێیەم بە دەنگێکی تەوازی ئامێزەوە گوتی:

- ئەوەی ڕاستی بێ من ناوبانگی جوانیە ڕادەبەدەرکەیم بیستبوو وخۆیشم بە تەبیعەت شیفتە وشەیدای جوانی ژنان بووم، وێڕای پیری ونەخۆشی، لە جوانی پەرستیدا زیادەڕۆییم دەکرد و هەر ئەمەش بووە مایەی مردنم.

حەکیم بتاح حوتب پرسی:

- یانی ئەوە لوتکەی حیکمەتی عومرت بوو؟

ئەمنحوتبی سێیەم گوتی:

- مردن لە ڕای ئەشقا، باشترە لە مردنی ناو جێگا.

***

ئۆزوریس، داوای لە شابانوو تیی کرد قسە بکات. تیی گوتی:

- پاشا، منی بە خۆشەویستی خواست. منیش شیفتەی ئەو بووم و ڕێزم دەگرت، ئەم ئەشقەمان تا کۆتایی تەمەن بەردەوام بوو.

جارێکیان دەربارەی یەکێک لە کاروبارەکانی وڵات ڕاوێژی پێکردم ومنیش ڕاوبۆچوونی خۆم پێگوت کە زۆری پێ پەسند بوو. پێی گوتم: " تیی، تۆ چەندمێینەیەکی خۆشیت، ئەوەندەش ئاقڵ و زیرەکی. "

ئیدی لەوە بە دواوە هیچ کاێکی بەبێ پرس و شیرەتی من نەدەکرد. ئێمە بە دوو قۆڵی و پێکڤە پێشوازی وەزیران و بەرپرسانمان دەکرد. کە باسی مەسەلەیەک دەهاتە پێشەوە، ڕاوبۆچوونی خۆم دەردەبڕی، هەموو بەرپرسێکی وڵات دانی بە توانا و حیکمەتی مندا دەنا. لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەئۆلیەکەدا، کە بەهۆی بانگەوازی ئەخناتونی کوڕمەوە چی بووبوو، کاهین و ڕۆحانیەکان بۆلای من هاتن. منیش هەموو هەوڵ

وکۆششێکی خۆم خستە کار تا پێشگیری لەم قەیرانە بکەم وبەلای کەمەوە نەیەڵم ببێتە مایەی سەرهەڵدانی شەڕێکی ناوخۆ.

بەڵام سەبارەت بە مێبازی مێردەکەم، ئەوا هەر فیرعەونێک حەرەمسەرای خۆی هەیە، هیچ ژنێک چاوی لەوە نەبووە تۆڵە لە پاشا بکاتەوە، بگرە هیچ لەبەرم گران نەبوو کە ژنانی جوانی بۆ تاو بکەم. تا دەروونی ئاسوودە ببێت، هەنگێ دەیتوانی ئەو ئەمانەتەی کە خستبوویانە ئەستۆی، بە باشترین شێوە ئەنجام بدات. ئیدی خۆم بەوە ڕاهێنابوو کە شابانوو ژنێکی ئاساییینییە، بەڵکو بەرپرسی سیاسەتی یەک وڵاتە.

حتشپسووت لێی پرسی:

- باشە بۆ تاقە جارێکیش شابانوو لە هەنبەر ژنێک وەکو کەو نەچوو؟

تیی گوتی:

- من جگە لەو شکستەی لە هەنبەر کوڕەکەم چەشتم، ئیدی هەستم بە هیچ شکستێکی دیکە نەکردووە.

حوکیم بتاح حوتب گوتی:

- بەڵام ژن، هەر ژنە..

تیی گوتی:

- بەڵام تیی نموونەیەک بوو کە دووبارە نابێتەوە.

ئیزیس گوتی:

- ئەم خانمە توانای ژنی لە واری حکومەتداریدا، لە خودی " حتشپسووت " ش زیاتر نواندووە. مێردەکەی پاشایەکی گەورە بوو، هەرگیز ژنبازی

وڕابواردن دەگەڵ ژناندا، لە پێگە وپایەی ئەوی کەم نەکردووەتەوە. ئەو کاتێ لە نیعمەتا غەرق بووە، کە میللەتەکەشی لە نیعمەت و خۆشگوزەرانیدا بووە. خەنی لە خۆم کە خاوەنی کچ و کوڕێکی وام، درودیان لێ بێ.

ئۆزوریس گوتی:

- بڕۆن بۆ ناو نەمران.

**

پەراوێز:

١- ئەمنحوتبی سێیەم ( ١٣٨٨ – پ . ز ) یەکێک بوو لە فیرعەونە زۆر بە هێزەکانی میسر. لە نیوان " ٦ – ١٢ " ساڵی دا بووە بە پاشا، ساڵانی فەرمانڕەوایی بە ئاشتی و بەختەوەری وجەلال وشکۆی بیناسازی بەسەر بردووە. یەکێک بووە لەو فیرعەونانەی کە میسری جوان کردووە. هاوسەرە ئازیزەکەی ناوی تیی بوو کە پەرستگەیەکی بەناوی ئەوەوە دروستکردووە. دەڵێن تیی ژنێکی زۆر ئاقڵ بووە، گوایە دایکی ئەمنحوتبی چوارەم یان هەمان ئەخناتونە. بەناوبانگترین بینایەک کە لە زەمانی ئەم فیرعەونە دامەزراوە، پەرستگەی ئاموونە کە ئەمڕۆکە شوێنەوارەکانی، بووە بە شوێنی گەشتیاران. نزیکەی دووسەد و پەنجا پەیکەرۆکەی ئەمنحوتبی سێیەم ماوە کە هەر یەکێکیان، قۆناغێکی جیاوازی ژیانی ئەو دەگێڕیتەوە.



حورس بانگی کرد:

- شا ئەخناتونو شابانوو نفرتیتی.

پیاوێک کە مێیاتی و نێراتی بە ڕوخسار و سیمایەوە دیار بوو، لە گەڵ ژنێکی جواندا وەژوور کەوتن. بە خۆوکفنەکانیانەوە چوونە پێشێ و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستان.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- ئەم دووانە بە شەریکی تەخت و تاجیان بۆ مایەوە، بە دوو قۆڵی و بە ئەمانەتەوە وڵاتیان بەڕێوە بردووە. لە سەردەمی ئەماندا شۆڕشێکی ئایینی بەرپا بوو، کە خوازیاری پەرستنی خوایەکی تازە و تاق و تەنیا بوو. ئاینە کۆنەکە و خواوەندانی ئەو ئاینەی ڕەتکردەوە. ئەم ئاینە جاڕی خۆشەویستی و ئاشتی و یەکسانی لە نێو تیرەی بەشەرا، دەدا. وڵات لە ناوخۆدا دووچاری  هەرەس وداڕوخان وگەندەڵی بوو، ئیمپراتۆریەتی میسر بەرەو لێکدابڕان و پارچەپارچە بوون و نابووتی ڕۆیی. وڵات ڕۆژبەڕۆژ لە جەنگی ناوخۆ نزیک دەبووەوە. شا سەرنگون بوو، شۆڕشیکی دیکە، دژی شۆڕشەکەی ئەو هەڵگیرسا، دیرۆکنووسان وپاشایان، سەردەمی مێژوویی ئەویان بە یەکیک لە خراپترین سەردەم و دەورانی شارستانیەتی میسر، لە قەڵەم داوە. چیوای نەمابوو ئەم ئیمپراتۆریەتە بە تەواوەتی لە مێژوودا کوێر ببێتەوە.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. ئەخناتون گوتی:

- من لە منداڵییەوە هەمیشە لە دووی ئەوە بووم کە ڕۆحم لە مەعریفەت و حیکمەتی خوایی تەژی بکەم، ئەوە بوو سروشی ئاسمانی کەوتە دڵم و، نوور و ڕوناکی خودای یەکتا ڕۆشنی کردەوەو داوای یەکتاپەرستیم کرد و هەموو ژیانم بۆ ئەوە تەرخان کرد، پاشان کە هاتمە سەر تەخت، تەخت و

تاجەکەشم بۆ خزمەتی هەمان ئارمانج تەرخان کرد. بەڵام زۆری پێنەچوو کە کێشماکێش وململانێیەکی تووند وهۆڤیانە کەوتە نێوان بانگەوازە نورانیەکەی من و تاریکستانی جەهل و نەزانی و داب ونەریتی کۆن وتەماعکاری ڕوحانیان وفەرمانڕەوایانی تینووی شۆرەت ودەسەڵات کە دەیانویست جووتیاران ومیللەتانی ئیمپراتۆریەتەکە بکەن بە کۆیکە. بەڵام وێڕای ئەوەش هەرگیز لە هەوڵ وکۆششی ڕۆحی خۆم سارد نەبوومەوە. دڵم نەدەهات پەنا بەرمە بەر توندوتیژی و سەرکوتکرن، ئیدی بۆ چەند ساڵێک تامی سەرکەوتنم کرد، خێر وبەرەکەت باڵی بە سەر هەموو لایەکا کێشا. بەڵام ئەنجام هەورێن حیلە و حەواڵە و نێرەنگ یەکیان گرت، سوپایانی تاریکی پێشڕەویان کرد، لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دام، لە ئەنجاما هێزم لە بەر بڕا، تووشی شکست بووم، بەڵام متمانەم بە سەرکەوتنی یەکجارەکی هەرگیز لەق نەبوو، هیچ پاشایەک ژیانێکی بە شکۆتر لە من و ئاقیبەتێکی لە من خراپتری نەبووە.

شابانوو نفرتیتی گوتی:

- سەروەرم، هەرچیەکی گوت، ڕاستە، ئێمە پاڵەوانانە بە گژ هێزی نەهەقیدا چووین، بەڵام ئەنجام هێزی شەڕ ڕایمالین و ئەو بینا بەرزە هەرەسی هێنا و پایەکانی ڕوخا.

حەکیم ئەمنحوتبی یەکەم سەبارەت بە ڕاڤەی ئەم بویەرە گوتی:

- ئێمەش هەستمان بە بوونی هێزێکی خوایی یەکتایی دەکرد کە لەو دیوی خواوەندان ئاموون و ڕع و بتاح و خواوەندەکانی دیکەوە هەبوو، بەڵام سەیرمان کرد خەڵکەکە زۆر پابەندی ئەو ڕەمزە بەرجەستانەن، لە هەموو شوێنێکا بە دەوریانا دەسووڕێنەوە و هێز وعیزەتی خۆیان لەوانەوە

هەڵدەهێنجن، بۆیە ڕێگەمان دا کارەکان بە دەقی خۆیانەوە بەردەوام بن. چونکە دڵمان بە باوەڕداران دەسووتا ونەماندەویست دووچاری نیگەرانی وگومڕایی ببن..

ئەخناتون گوتی:

- سەیرم کرد، خەڵکەکە لە گومڕاییدان وکاتی ئەوە هاتووە، ڕووبەڕووی حەقیقەتەکان بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە ببنەوە.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- پاشا، مامەڵە کردن لە گەڵ خەڵکیدا هونەرە، کەسێک نەیزانێ، نیاز پاکیەکانی خۆی ناکامی دەکەن، تەنانەت جاری وا هەیە خەڵکی ئەو کەسە دەکوژن، کە ئەوانی خۆش دەوێ و بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە هەوڵی ڕزگارکردنیان دەدات.

ئەخناتون گوتی:

- ئەگەر بوغزن و غەرەزداران نەبوونایە، دەمانتوانی ئەو خۆشەویستانە ڕزگار بکەین.

ئەبنوم پرسی:

- باشە، چیت لە گەڵ غەرەزداران و نەیاراندا کرد؟

- هەر لە سەرەتاوە بەڵێنم بە خۆم دابوو، ڕەفتارم باش بێ و نە کەس ئازار بدەم و نە کەس سەرکوت بکەم.

ئەبنوم هاواریکرد:

- سەبارەت بە شەڕانیان جگە لە دار و شمشێران هیچ شتێک فایدەی نییە!

ئەخناتون گوتی:

- من سەبارەت بە دۆست و دژمن، باوەڕم بە خۆشەویستی هەبوو.

ئەبنوم گوتی:

- تۆ بە هۆی ساویلکەیی خۆتەوە پەیامەکەی خۆت لەبەین برد. پیاوی خێر و چاکە دەبێ شۆڕشگێڕ و جەنگاوەر بێ!

تحوتمسی سێیەم هەڵیدایە:

- تۆ گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژووت بۆ مابووەوە، ئاخر چۆن لە سەردەمی تۆدا و لە ژێر فەرمانی تۆدا، ئەو سوپا هەرە بە هێزەی دنیا تیا چوو؟!

ئەخناتون گوتی:

- من باوەڕم بە خۆشەویستی و ئاشتی هەبوو..

ئۆزوریس گوتی:

- بە ئەرک نەبێ ڕوونکردنەوەی پترم وێدە.

- من بانگەوازم بۆ خوایەکی یەکتا دەکرد کە دایک و باوکی هەموو تیرەی بەشەربن و هەموو بە یەکسانی لە سایە وسێبەری ئەودا بژین، داوام دەکرد، لە نێو خەڵکیدا خۆشەویستی شوێنی شمشێر بگرێتەوە..

تحوتمسی سێیەم بە تووڕەییەوە گوتی:

- هەڵبەتە ئاساییە، ئیمپراتۆریەتێک لە ئەنجامی ئەم شێوە هزرینەدا تیا بچێت. تۆ کابرایەکی شێتی!

ئوزوریس گوتی:

- ڕێگە نادەم لە گفتوگۆیاندا، ئەتەکێت و ئەدەب بن پێ بنرێ، داوای بوردن بکە!

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- داوای بوردن دەکەم، لێ حەیف و مخابن بۆ ئەو تەمەنەی کە بە بێهودە لە دەستم دا!.

شا مینا گوتی:

- یەکێتی و یەکپارچەیی میسر، بە زەبری شمشێر و لە سەر چیایەک لە کاسەسەران ڕۆنراوە، دەبوایە بە هەمان شێوە، یەکێتی ئیمپراتۆریەتەکە بەردەوام بوایە. لێ لە بەد شانسی خۆمانا دژمنێک بە سەرمانا زاڵ بوو کە بیر وئەندێشەی ناوە. لە ناوەوە غەزووی کردین و شکۆی مێژوویی شکاندین و کردینی بە گەپچاڕ..

ئەخناتون گوتی:

- ئەم گفتوگۆ و گەنگەشەیەی ئێوە فایدەی نییە، مەسەلەکە بە کورتی ئەوە بوو کە من گوێم لە دەنگی خوا بوو. ئەمە نیعمەتێکی خوایی بوو کە بەر گوێی ئێوە نەکەوت.

شابانوو نفرتیتی گوتی:

- هەمیشە ئەم جۆرە ڕاوبۆچوونانەمان لە لایەن دۆست ودژمنەوە ئاراستە کراوە، دنیا بە هەموو جەبەروت وهێزی خۆیەوە پلیشاندینیەوە، لێ، خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ لە بەردەم خوایەکی دادپەروەرا وەستاوین.

هەنگێ شابانوو حتشپسووت لێی پرسی:

- ئەدی بۆ لە هەرەتی ئەو قەیرانەدا، دەست لە مێردەکەت بەردا؟

نفرتیتی بەرسڤی دایەوە:

- هیچ بەد گومانی ودرِدۆنگیەکم لا دروست نەبووبوو، بەڵام وام وێنا دەکرد، ئەگەر دەستبەرداری بم، لە کوشتن رِزگاری دەکەم.

ئیزیس لێرەدا هەڵیدایە:

- ئەم کورە باوەرِی بە پەیامێک بوو، دەیویست لە رِێگەیەوە تیرەی بەشەر رِزگار بکات، بەڵام هیچ کەسێک نەبوو ئامادە بێ لێی حاڵی بێ و لە گەڵیا بسازێ و هاوسۆزیدەگەڵدا بکات، بۆیە ئەو کارەساتەی بەسەردا هات، من تا هەتاهەتایە شانازی بەم کورەوە دەکەم..

ئۆزوریس گوتی:

- برِۆ خۆت و ژنەکەت لە نێو نەمراندا رِونن.

**

پەراوێز:

١- لە ساڵی ١٣٥٣ پ . ز دا ئەمنحوتبی چوارەم یان هەمان ئەخناتون هاتە سەر تەخت، ئەو بە پێچەوانەی پێشینیانی خۆیەوە نە جەنگاوەرێکی گەورە بوو، نە فەرمانرِەوایەکی بەهێز بوو، بەڵکو زانا و هزرڤانێکی بە پارێز بوو کە لە منداڵی رِا باوەرِی بە فرە خوایی نەبوو، تەنیا یەک خوای ( ئاتون، خوای خۆر )ی دەپەرست. بەمجۆرە ئاینێکی تازەی داهێنا. پەرستگەی خواوەندانی پێشینی داخست و ناویان لە هەموو شوێنێک سرِدرایەوە. ئەگەرچی ئەخناتون خۆی بە شایەکی خوا ئاسا دەزانی، بەڵام لە هەندێ

فیرعەونانی پێش خۆی میللیانەتر ڕەفتاری دەکرد. نفرتیتی هاوسەری بوو، کە بە جوانی بەنێوبانگ بوو. دوای مردنی ئەخناتون، میسرییەکان دووبارە ڕوویان کردەوە خواوەندە کۆنەکانیان.

( ٢٢ )

حورس بانگی کرد:

- شا ساکرع، شا توت عنخ ئامون. شا ئای.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- ساکرع، چوار دانە ساڵ حوکمڕانی کرد، توت عنخ ئامون شەش ساڵ، و ئای چوار ساڵ. سەردەمی وان، سەردەمی ئاژاوە و پەرێشانی و گەندەڵی بوو، هەر هەموویان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکاندا ناکام بوون.

ئوزوریس داوای لێکردن ئیفادەی خۆ بدەن. ساکرع گوتی:

- من بە شەریکایەتی ئەخناتون دەستم بە حوکمڕانی کرد، بەڵام هەرچیم کرد و کۆشا، نەمتوانی هەیبەت و سامی جاران بۆ سەڵتەنەتی میسر بگێڕمەوە.

توت عنخ ئامون گوتی:

- دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە دەست کاهینان و ڕوحانیانی پەرستگەی ئامونەوە بوو.

ئای گوتی:

- لە سەردەمی منا دەسەڵاتی روحانیەکان دای لە زیادی. بەڵام چونکە تەمەنم زۆر هەڵکشابوو، نەمتوانی هیچ ڕیفۆرمێک بکەم..

ئەخناتون لە ئای پرسی:

- چۆن دەست بەرداری من بوویت، لە کاتێکا نزیکترین کەس بووی لە منەوە، ئەمە جگە لەوەی خەزوورم بوویت؟

ئای گوتی:

- بۆیە دەستبەردارت بووم تا وڵات لە شەڕی ناوخۆ دوور بخەمەوە.

ئەخناتون گوتی:

- هەرچەندە لە حوزوری منا باوەڕی خۆت بە خوای یەکتا ڕاگەیاندبوو، کە چی دوایی هەڵگەڕایتەوە.

ئای بێدەنگ بوو.

ئیزیس گوتی:

- ئەم سێ کوڕەم شایستەی پاشایەتی نەبوون، خۆ ئەگەر یاسای کوێرانەی میرات و میراتگری نەبوایە، شتاقیان لە سەر تەختی پاشایەتی دانەدەنیشتن. بەڵام وێڕای ئەوەش، شایستەی بەزەیین.

ئوزوریس گوتی:

- بەرەو دەرگای چەپ بڕۆن کە بە سەر جێگای هیچ و پووچاندا دەکرێتەوە.

**

پەراوێز:

١- دوای مردنی ئەخناتون، میسرییەکان دووبارە بایاندایەوە سەر خواوەندانی کۆن. لە دوای حکومەتەکەی ساکرع، توت عنخ ئامون، هاتەسەر تەخت. ئەو دووبارە ڕەواجی بە ئاینی کۆن و باوەڕ بە خوای ئەسڵی، ئامون و خواوەندانی دی دایەوە و ناوی خۆی بۆ توت عنخ ئامون گۆڕی. بەو جۆرە تۆفانێک لە میسر ڕابوو، " عەمارنە "ی پایتەختی ئەخناتونی وێران کرد و لە گەڵ خاکا تەختی کرد. پەیکەرەکانی ئەخناتون لە نێو چوون و دووبارە مەمفیس کرایەوە بە پایتەختی وڵات.

( ٢٣ )

حورس هاواریکرد:

- شا حورمحب.

پیاوێکی دەستەباڵای تۆکمەی ڕوخسار درشت وەژوورکەوت، بە کفنەکەی بەرییەوە ڕۆیی، تا لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- بێئەوەی لە بنەماڵەی پاشایان بێ، هاتە سەر تەخت، هەرچەندە پیربوو، بەڵام " موت نجمت "ی خواست، تا شەرعیەت ورەوایی بە دەسەڵاتەکەی خۆی ببەخشیت. یەکسەر و بەو پەڕی تواناوە کەوتە هەوڵ وتەقەللا تا بە سەر ئاژاوەو فەرتەنە وهەرا و هەنگامەو گەندەڵیدا زاڵ بێت. بە هەوڵ وکۆششی خۆی ئەمن وئاسایش و زاکونیناوخۆیی لە وڵاتا بەرقەرار کرد. بەڵام ئیمپراتۆریەتەکە، چەند ناوچەیەکی کەمی نەبێ، بە تەواوەتی تیاچوو.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. هاتە قسە وگوتی:

- ڕاستە من لە ماڵبات وبنەماڵەی پاشایان نەبووم، بەڵام لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و کۆنی خەڵکی سەرووی میسر بووم. من پەروەردەیەکی سوپاییانەی باشم هەبوو و لە دەورانی شا ئەمنحوتبی سێیەمدا، خزمەتێکی زۆرم کردبوو. کاتێ ئەخناتون، هاتە سەر تەخت لە خۆی نزیک کردمەوە ومتمانەی تەواوی پێ بەخشیم. لێ مخابن سەبارەت بە سزادانی گەندەڵانی ناوخۆ و ناردنی سوپا بۆ سەرکوتکردنی یاخییانی دیار و دەڤەرە جیاوازەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکە، بە گوێی منی نەکرد. کاتێ قەیرانەکە گەییە لوتکە و تاپۆ و تارمایی شەڕی ناوخۆ لە ئاسۆوە بەدیارکەوت، ئیدی دەستم دەگەڵ کاهینان و ڕوحانیانی ئاموندا تیکەڵ کرد، تا لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای خاک وخەڵکا، دەستبەرداری هەموو سۆز و گودازێک ببم و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەخناتون بێنم. ڕاو بۆچوونی گشتی ئەوە بوو کە من توانا و شایستەگی ئەوەم هەیە هەموو ئەو پەشێوی و ئاژاوانەی لە سەرانسەری وڵاتا بەرپا بوون، سەرکوت و بن بڕ بکەم، بەڵام ڕای من وابوو کە دەبێ ڕێزی قانوون بگیرێ. بۆیە هەرسێک پاشا، واتە ساکرع و توت عنخ ئامون و ئای دوابەدوای یەک دەسەڵاتیان گرتە دەست. پشتی مردنی ئای، شۆڕشێک بەرپا بوو، گۆڕستانەکان تاڵان کران، بۆیە هیچ چارێک نەما و دەبوا بچمە ژێر باری مەسئولیەتی وڵات. ئەوە بوو " موت نجمت " ی خوشکی " نفرتیتی " م خواست، چونکە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانە بوو کە لە ئاینی ئەخناتون هەڵگەڕابوونەوەو هەستیکرد، دەبێ لە پێناوی ڕزگاری نیشتماندا پەنا ببرێتە بەر کاهین و ڕوحانیەکان. هەستمکرد، مەسئولیەتێکی قورس و چەند لایەنەم لە ئەستۆیە، هەڵبەتە لە ڕووی هێز و جورئەتیشەوە لە خۆم ڕادەبینی، شۆڕشەکەم دامرکاندەوە، سوپا و هێزی

پۆلیس و ئیدارەی وڵاتم ڕێک خستەوە. کەوتمە چاودێری فەرمانبەران و کارمەندان، چاوپۆشیم لە هیچ سەرپێچییەک نەدەکرد. پاشان پەرستگەکانم ئاوا ونۆژەن کردەوە، ئەوقافم ڕێک خستەوە، بێ دەسەڵاتانم لە دەسەڵاتداران پاراست، ئەگەر تەمەن مەودای بداما و زیاتر ژیابام، هەر هەموو ئەوەی لە زەمانی ئیمپراتۆری تحوتمسی سێیەما، لە دەست چووبوو، هەموویم دەگێڕایەوە ژێر ڕکێفی خۆم.

شا خوفو هاتە قسە وگوتی:

- ئەی پاشا، کارێکی گەورەت کردووە.

ئەبنوم گوتی:

- بە ڕاستی کارێکی گەورەت کردووە، هیچ گلەییەکت لە سەر نییە کە بۆچی دەسەڵاتت بۆ گەل نەگێڕاوەتەوە، لە کاتێکا خۆت لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی کۆن بوویت، دیارە تەرجەمەی وردی ئەم سیفەتە، دەکاتە ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی کۆنی تالانچی بوویت!

ئوزوریس گوتی:

- ئەم شێوازە قسەکردنە قەبووڵ نییە، داوای بوردن بکە.

ئەبنوم، ڕووی گرژ کرد وگوتی:

- داوای بوردن دەکەم.

تحوتمسی سێیەم بە کەسەرەوە گوتی:

- تۆ شایستەگی ئەوەت هەبوو کە ئیمپراتۆریەتەکە بگەڕێنیتەوە بۆ ئاستی شکۆداری جارانی خۆی.

حورمحب گوتی:

- ولات لە بەر یەک هەڵوەشابووەوە. گەندەڵی و ئاژاوەیەکی لە خەیاڵ بەدەر، لە ئارادا بوو.

ئەخناتون هاتە قسە وگوتی:

- حورمحب، هیچ هەوادارێکی خۆمم بە ئەندازەی تۆ خۆش نەدەویست و ڕێزی هیچ کەسێکم بە قەد تۆ نەگرتووە. بەوە چاکەت دامەوە کە خیانەتت لێکردم و پەیوەندیت بە دژمنانی گەل و منەوە کرد؟ پاشان هەستای شار و پەرستگەکەت وێران کردم و ناوی منت سڕییەوەو نەفرەتت لێکردم..

حورمحب گوتی:

- حاشام لەو قسانەت نییە. منیش تۆم لە هەموو کەسێک خۆشتر دەویست، بەڵام لە هەمان کاتدا میسرم لە تۆ خۆشتر دەویست.

شابانوو تیی گوتی:

- تۆ لە سڕینەوەی پەرستنی خوای یەکتا گێڕانەوەی خواوەندی بێ ئیحتوبار بۆ شوێنەکەی خۆی بەشداریت کردووە..

حورمحب گوتی:

- شابانوو، لەم هۆڵەدا کە درۆ کردن تیایدا جایز نییە، بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز دەڵێم کە هیچ کاتێک هیچ ژنێک دڵی منی نەبردووە، بۆیە شەڕی من لە گەڵ ئێوەدا شەڕی نیشتمانی بووە نەک شەڕی ئاشقێنی!

ئیزیس، لێرەدا هەڵیدایە:

- کوڕەکەم، ئەمە بەڵگەیەکی هێندە بەهێزە، کە پێویستی بە هیچ جۆرە داکۆکییەک نییە.

ئۆزوریس گوتی:

- بڕۆ، کورسییەکەت وەدۆزەو لە نێو نەمراندا ڕونە.

**

پەراوێز:

١- حورمحب: دوا فیرعەونی زنجیرەی خانەدانی هەژدەیەمە و فەرماندەی سوپای ئەخناتون بوو کە پاشان گەییە وەزارەتی توت عنخ ئامون. دەڵێن توت عنخ ئامون، دوو وەزیری هەبوو، یەکێکیان حورمحب و ئەویتریان " ئای " بوو. بۆیە لە دوای ئەو، هەوەڵجار ئای و پاشان حورمحب هاتنە سەر حوکم. لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێ مردنی توت عنخ ئامون، مردنێکی ئاسایی یان ئەنجامی نەخۆشی نەبووە، بەڵکو بە تەڕن کوژراوە. دیارە لەمەدا، پەنجەی تۆمەت بۆ حورمحب درێژ کراوە و هەندێک سەرچاوە ئەو بە سەبەبکاری مردنی توت عنخ ئامون دەزانن. حورمحب، لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیدا ڕیفۆرمی فراوانی لە واری سیاسی و ئابووری و بە تایبەتی لە واری دادڤانیدا ئەنجام داوە.

( ٢٤ )

حورس هاواریکرد:

- شا ڕەمسیسی یەکەم.

پیاوێکی بەتەمەنی درێژ داهۆڵ وەژوورکەوت. بە کفنەکەیەوە ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- بە گەورەیی دەسەڵاتی گرتە دەست. لە پەرستگەی "کەڕنەک" دا چەند پایە و هۆڵێکی گەورەی دامەزراند، کە بەر لەوەی تەواو بێ بە سەریا مرد.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. ئەویش کەوتە قسە وگوتی:

- کە حورمحب مرد، ئیدی هیچ میراتگرێکی شەرعی تەخت و تاجی وڵات لە ئارادا نەبوو. من لە پەرستگەی ئاموندا، کاهینی سروودێن ئاینی بووم. بە حیکمەت و دروست ئەندێشی و پارسایی وخواناسی بەنێو بانگ بووم. ئیدی خوای میسر لەم ڕوانگە وپێودانگەوە منی بۆ تەخت وتاج کاندید کرد. هەڵبەتە ژیاندنەوەی ئەو ئیمپراتۆرەم لە زەین و هزرا نەسڕدرابووەوە، بەڵام وڵات لە حاڵ و بارێکا نەبوو، کە بەرگەی هێرش و شەڕێن درێژخایەن بگرێت. بۆیە ئەمرم کرد کە بایەخ بە زەوی و زار و ئەوزارێن ئاودێری بدرێ، تا سەروەت و سامان زیاد بکات، ئیدی دەستم بە دروستکردنی پایە وهۆڵی پەرستگە کرد، بەڵام تەمەن مەودای تەواو کردنی ئەو پرۆژەیەی نەدام.

ئیزیس گوتی:

- ڕەنگە ئەم هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو نەبووبێ، بەڵام میسر لەو کاتەدا پیاوی لە بار وشایستەی خۆی نەبووە. بەهەر حاڵ ئەم کوڕە هەموو توانا و هەولێکی خۆی خستووەتە گەڕ و هیچ گلەییەکی لە سەر نییە.

ئوزوریس گوتی:

- هەڕە لە نێو نەمراندا، لە جێی خۆت ڕونە.

**

پەراوێز:

١- ڕەمسیسی یەکەم، یەکەمین پاشای زنجیرەی نۆزدەیەمی خانەدانی فیرعەونەکانی میسرە. ئەم زنجیرەیە، بە هەژدە پاشاوە، لە ساڵی ١٣٥٠ تا ١٢٠٥ پ.ز بۆ ماوەی سەد و چل وپێنج ساڵ حوکمڕانیان کردووە. لە دوای ڕەمسیسی یەکەمەوە، " ستی یەکەمی " کوڕی هاتە سەر حوکم کە لە فیرعەونە گەورەکان بوو. ئەو بابل و ئاشووری کەناری فوراتی، خستە سەر قەڵەمڕەوی فەرمانڕەواییەکەی خۆی، پەرستگەی " ئەپیدوس " و " هۆڵی ئەستوونانی " لە پەرستگەی کەڕنەک و گۆڕستانەکەی خۆی دروست کرد. دوای ئەو " ڕەمسیسی دووەم " ی کوڕی هاتە سەر حوکم و شەست و حەوت ساڵ حوکمڕانی کرد و سی کوڕی هەبوو. گرینگترین کاری وی بونیاتنان و ڕۆنانی پەرستگەکەی خۆی بوو لە " ئەبو سمبل ". لە گەڵ هاتنی ڕەمسیسی سێیەما، زنجیرەی خانەدانی بیستەم دەستی پێکرد کە سی دانە ساڵ فەرمانڕەواییان کرد.

( ٢٥ )

حورس بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- شا سیتی یەکەم.

پیاوێکی باڵابەرزی تێکسمراو خۆی وەژوورا کرد، بە کفنەکەی بەرێوە ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- دوای مردنی بابی هاتەسەر تەخت، پەلاماری نوبەی دا، فەلەستینی وەرگرتەوە، پاشان دەستی بە بونیاتنان و ئاوەدان کردنەوە کرد.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسان بکات. گوتی:

- هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست بە کار بوونمەوە، بە گوێرەی بەرنامەیەکی پێشوەختە داڕێژراو کەوتمە کار. نەزم و نیزام و زاکونی ناوخۆم بەرقەرار کرد، پاشان کەوتمە شەڕی باشوور و تا دوورترین سنووری پێشڕەویم کرد. سەرکەوتوانە فەلەستینم لە حیتییەکانوەرگرتەوە، پاشان پەیمانێکی ئاشتیم لە گەڵدا بەستن، پاشان کۆڵەکە و پایەکانی پەرستگەی " کەڕنەک "م تەواو کرد. ئەو پەرستگایانەم، کە لە مێژ بوو نۆژەن نەکرابوونەوە نۆژەن کردەوە. لە سەردەمی منا ئەمن و ئاسایش و زاکونی بەرقەرار بوو، عەدالەت وخۆشگوزەرانی بڵاوبووەوە، ئەدەب و هونەر گەشەی کرد و ژیایەوە، من ژیانێکی باشم بردە سەر، تەنیا دوا دواییەکەی نەبێ کە کێشە کەوتە نێوان وەلیعاد و براکەیەوە.

تحوتمسی سێیەم لێی پرسی:

- بۆچی درێژەت بە شەڕی حیتییەکان نەدا؟

سیتی یەکەم گوتی:

- هەستم کرد سوپاکەم تەواو ماندوو بووە، هێزی لەبەر بڕاوە، ئەمە جگە لەوەی کە حیتییەکان قەومێکی سەرسەخت و جەنگاوەر بوون.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- تەنیا کاری پەسند دەگەڵ دژمنی بەهێزا ئەوەیە لە نێوی بەری نەک پەیمانی ئاشتی لەگەڵدا ببەستی!

سیتی یەکەم گوتی:

- پەیمانی ئاشتی زۆر باشترە لە جەنگێکی بێهودەی دۆڕاو.

ئەخناتون پرسی:

- باشە ئێوە بۆ قانوونی خوایی ناجەڕەبێنن، قانوونی خۆشەویستی و ئاشتی؟!

حورمحب بە تووندی گوتی:

- ئەمە ئەو کەسەیە کە بە بەرگری نەکردن ئیمپراتۆریەتەکەی لەناو برد؟

خوفو لێی پرسی:

- ئایا تۆ ڕەگ و ڕەچەلەکت دەچێتەوە سەر خوای میسر، یانی بە ڕاستی لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەوی؟

سیتی یەکەم گوتی:

- ئەوە لە پەرستگەی ئامون و بۆ ژنکەم ڕوویدا، ڕێوڕەسمی ئەو زەمانە وابوو.

ئیزیس گوتی:

- من، شانازی بەم کوڕە ورەبەرزەوە دەکەم!

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ، لە نێو نەمرانا، لە جێگاکەی خۆت ڕونە.

**

پەراوێز:

١- حیتییەکان: ئەمانە خەڵکانێکی کۆنن بە زمانی هیند و ئەوروپایی قسەیان کردووە، سەڵتەنەتێکیان لە ناوەندی شاری کەونارای هاتوشا، لە باکووری ئاناتولی ئەمڕۆ، لە سەدەی هەژدەیەمی پ.ز دا دامەزراند. مێژووی شارستانیەتی حیتییەکان، زیاتر لەو دەقانەوە دەرهێنراوە کە بە خەتی بزماری نووسراوە. ئەمانە لە تەلارکاری و بیناسازی و بە کار هێنانی گالیسکاندا، زۆر کارامە بوون، لە پێشەنگانی سەردەمی ئاسن و دروستکەرانی کەرەستەی کانزایی بوون. هەندێک سەرچاوە باوەڕیان وایە کە کوردانی ئەمڕۆ، پاشماوەی ئەم شارستانیەتەن.

( ٢٦ )

حورس بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- شا ڕەمسیسی دووەم.

پیاوێکی بالآبەرزی قەد باریک وەژوورکەوت، بە کفنەکەیەوە ڕۆیی تا لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد.

- لە دوای مردنی بابی هاتە سەر تەخت، دەسەڵاتی میسری لە نوبە و ئاسیا چەسپاند، شەڕی حیتییەکانی کرد، پاشان پەیمانی ئاشتی لە گەڵدا بەستن. پاشان تەمەنی درێژی خۆی، بە شێوەیەکی بێ وێنە، بۆ ئاواکردنەوەی وڵات

تەرخانکرد. سەردەمی ئەو سەردەمی ئاوەدانکردەوە وگەشەکردنی هونەر وئەدەب وخۆشگوزەرانی بوو. تەمەنێکی زۆری کرد، نزیکەی سەد ساڵ ژیا، زۆر بە خۆشی ئەو تەمەنەی بوارد، بێ دڵی خۆی نەدەکرد، نزیکەی سێ سەد منداڵی خستەوە.

ئوزوریس داوای لێکرد قسان بکات. گوتی:

- ئەوەی ڕاستی بێ، من تەخت و تاجەکەم، لە برایەکەم کە وەلیعاد بوو، داگیر کرد. چونکە دڵنیا بووم، کات کاتێکی لەبارە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرمە دەست، براکەم کەسێکی لاواز بوو، ئەگەر جڵەوی دەسەڵاتی بگرتبایە دەست، وڵاتی تووشی بەڵایەکی گەورە دەکرد. من کابرایەکی بەرزە خەیاڵ و چاو نەترس بووم. لێبڕام ئەوپەڕی ئەمن و ئەمان و نەزم و نیزام و خۆشگوزەرانی لە ناوخۆی وڵاتەکەما بەرقەرار بکەم و ئیمپراتۆریەتی میسر دووبارە بۆ هەمان جەلال و شکۆی جارانی بگێڕمەوە. دەسەڵاتی خۆم لە باشووردا قایم کرد. پاشان دەسەڵاتم بەسەر فەلەستین و سوریا و لوبناندا کێشا. حاکم ومیران و سەرانی ویلایەت و ناوچە و هەرێمەکان، بە هەشتاو بۆ لام دەهاتن، تا ملکەچی و گوێڕایەڵی خۆیانم  بۆ ڕابگەیەنن. پاشان بە خۆ و سوپاکەمەوە بەرەو قادش جووڵام، تا جەزرەبەیەکی توند و کوشندە بە دژمنە بەهێزەکەم بگەیەنم کە سەردار و پاشای حیتییەکان بوو. لێ لە بەدشانسی خۆما، کەوتمە گەمارۆوە، دژمن ئابلۆقەی دام، پاشماوەی سوپاکەم لە باشوور ولە منەوە دوور بوو. زۆر تووڕە بووم، سەبارەت بە کەرامەت و ئابڕووی میسر، کە ئەمانەت بوو لە دەستی منا، زۆر ترسام. ماوەیەکی زۆر لە دەرگای خوا پاڕامەوە. لە بەری پاڕامەوە وگوتم تەنیا تۆ دەزانی کە من تەنیا بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ناوی وڵاتەکەم و چەسپاندنی جەلال و شکۆی ئەو لە ماڵ وەدەرکەوتووم. پاشان هێرشم بۆ

دژمن برد، ژمارەیەک پاسەوانی کەمم بە دەورەوە بوون. وەکو تەشبریق دام بەسەریاندا، ڕوناکی و نووری جەلال و شکۆی من، دڵی دالەرزاندن، ئەوەندەم گوشار بۆ بردن و چنگ لە سەر شان تاقیبم کردن، تا درزێکیان تێکەوت، سوپاکەم لەو درزەوە بۆیان چوون، و بە جۆرێ سەرکوت و تەنگەتاومان کردن کە لە ترسانا خۆیان بە ڕوبارەکەدا دەدا، ئەنجام بە سەریاندا سەرکەوتین. " قادش "م گەمارۆ دا. شای حیتییەکان پێشنیازی سوڵح و ئاشتی کرد، منیش پێم خراپ نەبوو، بە تایبەتی پشتی ئەوەی ئیمپراتۆریەتی میسرم، جگە لە هەندێ بەشی کەمی، بۆ دۆخ و دەورانی جارانی گێڕایەوە. پاشان سەیرم کرد باشتر وایە ژیانم بۆ ئاوەدانی وئاوەدانکردنەوە تەرخانبکەم. بە مەبەستی بەردەوامانندنی پەیمانی ئاشتی، کیژی شای حیتییەکانم خواست. کۆمەڵێک بینا و کۆشکم ڕونان و بەرز کردەوە، کە هیچ فیرعەونێکی پێش من شتی وەهای نەکردبوو. بەختەوەریەکی ئەوتۆم بۆ خەڵکی میسر هێنایە ئاراوە کە پێشتر شتی وایان بەخۆوە نەبینی بوو و باوەڕ ناکەم دواتریش شتی وایان بینی بێ.

سیتی یەکەم، هەوەڵ کەس بوو هاتە قسە وگوتی:

- بەڵام تۆ ژیانی خۆت بە داگیرکردنی مافی برایەکەت، کە وەلیعادی شەرعی بوو، دەست پێکردووە.

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- من ڕێزی قانوونێک ناگرم، کە تەخت وتاج بە میراتگرێکی بێ دەسەڵات و ناشایستە ڕەوا بدینێ.

ئەخناتون گوتی:

- باشە تۆ ئەم عیلمی غەیبەت لە کوێ بوو؟ خۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەمان ئەو شتانەی تۆ دەربارەی براکەت دەیڵێی، بە منیش دەگوترا، بەڵام من یەکەم پاشا بووم، کە بۆ خوای یەکتا، مەملەکەتێکی پیرۆزم لە سەر ڕووی زەوی دامەزراند.

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- ئەوە بەڵایەک بوو کە بەسەر نیشتمان و ئیمپراتۆریەتەکەدا هات..

تحوتمسی سێیەم لێی پرسی:

- باشە تۆ پێم بڵێ، سەرکردەیەکی سەرکەوتوو، چۆن قایبل بوو پەیمانی ئاشتی لە گەڵ دژمنەکەیا ببەستێ و پاشان کیژەکەی بخوازێ؟

- ئەو پێشنیازی ئاشتەوایی کرد، منیش شتەکەم بە قازانجی هەردوولا زانی.

- جەنابی پاشا، چۆن کەوتیتە گەمارۆوە؟

- دژمن، جاسووسی لە نێو ئێمەدا هەبوون، کە پاشان ئیعترافیان کرد بە درۆ گوتبوویان دژمن لە باکوری قادش کەمینیان داناوە. ئیدی بە لەشکری یەکەوە، بە هەشتاو بۆ ئەوێندەر چووم تا باشووری قادش بگرم، بەڵام دژمن لە ڕۆژهەڵاتی قادش دا کەمینی دانابوو، بەوجۆرە پشتیان لە سوپاکە گرتەوەو گەمارۆیان دا.

- تۆ پەلەت کردووە، دەبوایە چاوەڕوان بکەی، تا سوپاکەت لە باشوورەوە دەگەیی. تۆ پیاوێکی عەگیدی، گومان لەوەدا نییە، بەڵام فەرماندەیەکی بێ ئەزموونی، کارامە نیت.

- من بازنەی گەمارۆکەم شکاند و بە پاشماوەی سوپاکەمەوە پەلاماری دژمنم دا، بە خۆی کەوتە ئەو داوەوە کە بۆ منی نابووەوە. ئیدی تێک وپێکم شکاند و سەرکەوتنی یەکجارەکیم بە دەست هێنا.

تحوتمسی سێیەم درێژەی بەم گەنگەشەیە دا وگوتی:

- ئامانجی تۆ بە دەست هێنانی سەرکەوتن نەبوو. هەڵبەتە خۆیایە تۆ ویستووتە، دەست بە سەر قادشدا بگریت، وەکو منیش ئەمەم کرد، بەو حیسابە قادش کلیلی هەموو ڕێگاکانە. بۆیە تۆ بۆت نییە، لافی سەرکەوتن لێبدەی، تا ئامانجی هێرشەکەت نەیەتە دی.

ڕەمسیسی دووەم لێی پرسی:

- خۆ من بە سەر سوپای دژمنا سەرکەوتم. ئەدی بەمە دەڵێی چی؟

تحوتمسی سێیەم بەرسڤی دایەوە:

- دەڵێم شەڕەکەت بردەوە، بەڵام جەنگەکەت دۆڕاند، دژمنەکەت بە پێچەوانەوە شەڕەکەی دۆڕاند، لێ جەنگەکەی بردەوە. چونکە توانی بۆ سوڵح و ئاشتیت ڕابکێشێت تا ڕیزەکانی خۆی ڕێک بخاتەوە. بۆیە بەوە ڕازی بووە کیژەکەیت بداتێ، تا لە تۆ دڵنیا بێت وهیچ زیان وخەسارەتێکی شەڕەکە نەبژێریتەوە. بەوە ڕازی بوو قادشی لە دەستا بمێنێتەوە، تا لە ئایندەدا، هەرکاتێ بیەوێ بتوانێ ئیمپراتۆریەتی میسر بخاتە بەر هەڕەشە.

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- بە درێژایی حوکمڕانیە دوور ودرێژەکەم، ئەمن و ئەمانی ناوخۆ بۆ تاقە سەعاتێکیش نەشێواوە، تاقە یەک ڕاپەڕین و بزاڤی یاخیگەری لە

سەرانسەری ئیمپراتۆریەتە پان و بەرینەکەما ڕووی نەداوە، هیچ دژمنێک، بە خەویش بیری لەوە نەکردووەتەوە چاوی تەماع ببڕێتە سنوورەکانم.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- من نکۆڵی لە فەزڵ وچاکەی تۆ ناکەم. بەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆریەتەکەی میسرت گێڕایەوە، پیاوێکی مەرد و ڕەند، ئازا وبە غیرەت بووی، ئازایەتیەکی ئەوتۆ کە ترسی دەخستە دڵانەوە.

- ئەوەشت بیر نەچێت کە سەردەمی من سەردەمی ئاوەدان کردنەوەی گەورە بوو.

خوفو لێی پرسی:

- باشە تۆ تاقە هەرەمێکت ڕۆناوە؟

وەڵامی دایەوە:

- نەخێر. بەڵام ئاوەدانکردنەوە تەنیا ڕۆنانی هەرەمان نییە. یەک ناوچەی میسر نییە، پەرەستگەیەک یان بەردە نووسێک، یان پەیکەرێکی تیا ڕۆنەنرابێ و جێ پەنجەی منی پێوە نەبێ.

ئەخناتون گوتی:

- تۆ بە نەهەق دەستت بە سەر کۆڵەکە و پایەی پەرستگە ڕوخاوەکەی مندا گرت و بە کەرەستەی پەرستگەکەی من، مەرقەدە تایبەتیەکەی خۆت بینا کرد. ئیدی بەوجۆرە دەستت بە سەر شوێنەواری پێشینانی خۆتا گرت. وەکو چۆن بە نەهەق ناوی خۆت لە سەر بەرهەم و شوێنەواری خەڵکانی دی هەڵکۆڵی و نەخشاند، لە پلە و پایە و شان و شەوکەتی هەموو ئەوانەی

پێش خۆت کەمکردەوە، وەکو ئەوەی خوا جگە لە تۆ هیچ ئینسانێکی دیکەی نەخوڵقاندبێ.

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- لەم هۆڵە پیرۆزەدا، نکۆڵی لەو هەڵانە ناکەم کە کردوومن. داکۆکی لە هەواو هەوەسەکانم ناکەم. بەڵام با کەسێک ئەو تۆمەتانەم بە ڕووا بداتەوە، کە خۆی لە هەر هەڵە و خەتا و بێناموسیەک بە دوور بێ، نەک تۆ!

ئوزوریس گوتی:

- ئەی پاسا، ئاگات لە دەمت بێ کە تۆ لە گەڵ پیاوێکا قسە دەکەی کە دادگایی کردنەکەی تەواو بووەو نەمری پەیدا کردووە، کەواتە تەوازی بۆ بێنەوە.

ڕەمسیسی دووەم لە بن لێوانەوەو بە هێوری گوتی:

- ببورە. داوای بوردن دەکەم!

هەنگێ شابانوو حتشپسووت لێی پرسی:

- باشە کێشەت لەگەڵ ژناندا چ بوو؟.. باشە کاتی ئەوەت هەبوو بە سێ سەد منداڵەکەی خۆتا ڕابگەی؟!

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- کەس وەکو من بە خۆشی نەژیاوە. خواوەند تەمەنێکی درێژ ولەشێکی ساغ و توانایەکی بێ سنووری ئاشقێنی و کوڕێنی دابوومێ. توانای سێکسیم تا کۆتایی تەمەن نەیدایە کزی. وێڕای ئەمەش ڕێزی تایبەتیم بۆ نفرتاری

هاوسەرم هەبوو، پەیوەندییەکی تایبەتیم لە گەڵیا هەبوو. بەڵام سەبارەت بە منداڵەکانم، ژمارەیەکی کەمیان نەبێ، ئیدی کەسیانم نەدەناسی!

ئەمنحوتبی سێیەم لێی پرسی:

- بۆ پاراستنی ئەم هەموو ڕابواردنە قورسە، سوودت لە جادوو وەردەگرت؟

- جادووی من بە دەستی خۆم بوو. لە تەمەنی نەوەتساڵیدا، لە هۆڵێکی گەورەدا ڕادەوەستام، گالیسکەێن جەنگی بە ڕیز وەژووردەکەوتن، هەر گالیسکەیەک ژنێکی ڕووت لێیدەخوڕی، کەنیزەکێکی ڕووت و قووت تیایدا پاڵدەکەوت، گالیسکەکان ئەوەندە بە دەورما دەسووڕانەوە تا دەماری پیاوەتیم دەجولا، خوێنی گەنجایەتیم تیا دەهاتە جۆش!

حەکیم بتاح حوتب لێی پرسی:

- ئەمانە هەمان ئەو گالیسکانە بوون کە سەرکەوتنەکانت پێیان بەدەست هێنا؟

ڕەمسیسی دووەم بەرسڤی دایەوە:

- نەخێر، گالیسکەی ئاشقێنی، لە زێڕی خالیسە بوون ولە بوونی ژنان هەڵکێشرابوون.

ئەبنوم گوتی:

- پاشا، ژیانی تۆ تێکەڵەیەک بووە لە جدیەت بە هەموو مانایەکیەوەو لە بەرەڵڵایی بە هەموو خوڵیاکانیەوە. بۆیە حوکمدان سەبارەت بە تۆ هەم ئینسافی دەوێ و هەم سەختگیری.

ئوزوریس، نیگایەکی کرد وگوتی:

- دادگا پێویستی بە ئامۆژگاری تۆ نییە. وادیارە بە نیازی لەم دنیاش شۆڕشێک بەرپا بکەی، پێ بە قەد بەڕەی خۆت ڕاکێشە و عوزرخوایی بکە!

ئەبنوم گوتی:

- داوای بوردن دەکەم سەروەرم.

ئیزیس گوتی:

- ئەم کوڕە میسری گەڕاندەوە بۆ شکۆی جارانی خۆی، لە سەردەمی ئەودا خۆشگوزەرانی باڵی بە سەر هەموو کۆشک وماڵ وکوختەکاندا کێشا. ئەگەر، هەڵەکانی، بە پێی تەمەنە درێژەکەی حیساب بکەین، ناکەنە هیچ.

ئۆزوریس گوتی:

- بڕۆ لە نێو نەمرانا لە سەر کورسیەکەی خۆت ڕونە.

**

پەراوێز:

١- ڕەمسیسی دووەم یان ڕەمسیسی گەورە ( ١٢٧٩ تا ١٢١٣ پ.ز )بە بەهێزترین فیرعەونی مێژووی میسری کۆن دەژمێردرێ. سیتی یەکەم، باوکی، کاتێ کە ئەو چواردەساڵان بوو کردی بە جێگری خۆی. ئەو بەو منداڵیە لە گەڵ بابیا بەشداری شەڕی دژی نوبیەکان و لیبیاییەکانی دەکرد. ڕەمسیس نزیکەی نەوەد و شەش ساڵ ژیاوە. پایتەختی لە شاری تبسەوە بۆ ڕەمسیس گواستەوەو لە شەڕی دژی ئیمپراتۆریەتی حیتییەکاندا توانی دەست بە سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بگرێت. هەندێ کەس ئەو بەو فیرعەونەی سەردەمی حەزرەتی موسا دەزانن کە لە دەریادا غەرق بوو.

بە هەرحاڵ مومیاکەی ئەو ماوەو ئەوە نیشاندەدات کە ئەو لە هیچ شەڕێکا نەکوژراوە. میسرییەکان باوەڕیان وابووە کە ئەگەر هەر فیرعەونێک پتر لە سی ساڵ حوکمڕانی بکات، دەبێتە نیمچە خودا، جا ڕەمسیسی دووەم، یەکێک بووە لەو فیرعەونانە.

( ٢٧ )

حورس هاواریکرد:

- شا منفتاح.

پیاوێکی باڵابەرزی پیر وەژوورکەوت. بەو سەر و سیما دیارەی خۆیەوە ڕۆیی تا لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- ماوەی حوکمڕانیەکەی خۆی کە دە دانە ساڵ بوو، بۆ بەرگری لە ئیمپراتۆریەتەکەی تەرخان کرد و لەو ماوەیەدا هیچ ئاسیوێک بە وڵات نەگەیی.

ئوزوریس، داوای لێکرد کە قسان بکات. گوتی:

- تەمەنی بابم ئەوەندە درێژ بوو، کە هیچ یەکێک لە کوڕەکانی ئومێدی ئەوەی نەبوو، بگاتە دەسەڵات. دە برای من لە پیر و جەوان، بەو ئاواتەوە مردن، نا نۆرەی وەلیعادی گەییە سەر من. کە هاتمە سەر تەخت تەمەنم شەست و چەند ساڵێک بوو. بە نەمانی گەورەکان، سەرانی ئاژاوە وفیتنە کەوتنە جم وجوڵ. منیش سەرباری پیریم، دەستم دایە شمشێر و یاخیانی

ئاسیام سەرکوتکرد. هێرشێکی نامەردانەم لە قۆڵی ڕۆژئاواوە کرایە سەر، ئەویشم سەرکوتکرد. ئیدی بە ورەیەکی پۆڵاییینەوە، کاروبارم گرتە دەست. ئاقڵانە نەزم ونیزامی ناوخۆم بەرقەرار کرد و ئەمن و ئەمانم لە سەرانسەری وڵاتا بڵاو کردەوە.

ئەخناتون گوتی:

- تۆ بە نەهەق دەستت بە سەر شوێنەوارە مێژووییەکاندا گرت، تا بە کەرەستە و دار و پەردووی ئەو شوێنەوارانە، وەکو بابت کۆشک وپەرستگایان بە نێوی خۆتەوە ڕۆبنەیت!

منفتاح بەرسڤی دایەوە:

- من هەموو تەمەنم لە مەیدانی شەڕا بەسەر برد، نەمپەرژایە سەر بیناسازی.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- بەین و بەینەڵڵا فەرماندەیەکی کارامە بووی.

ئیزیس گوتی:

- سوپاس بۆ قارەمانیەتی و دڵسۆزیت کوڕی خۆم.

ئوزوریس گوتی:

- هەڕە، لە نێو نەمرانا، لە شوێنی خۆت ڕونە.

حورس بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

-شا ئەمنمسس، شا سبتاح و شا سیتی.

سێ کەس وەژوورکەوتن و بە کفنەکانیانەوە ڕۆیشتن تا لە بەردەم عەرشەکەدا وەستان.

تحوت کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- مودەتێک خەریکی شەڕە کورسی بوون، ئیدی گەندەڵی و هەلپەرستی یەکێتی وڵاتی نەهێشت، کوشت و کوشتار و تاڵان و بڕۆ، ڕاو وڕووت هەموو وڵاتی گرتەوە.

ئۆزوریس داوای لێکردن قسە بکەن. ئەمنمسس گوتی:

- من لە هەمووان پتر شایستەی پاشایەتی بووم، بەڵام دەسیسە و پیلان چواردەوری تەنیم و دوای ساڵێک سەرنگون بووم.

سبتاح گوتی:

- من بۆ پاشایەتی شایستەتر بووم، بەڵام لێیان داگیر کردم، لە سەر ناکۆکییەک کە لە ئاخر و ئۆخری حوکمی منفتاحەوە، کەوتە نێوان من و ئەوەوە. ئیدی من بە هۆی ئەوەوە مژوولی تاقیبکرنی پیلان و پیلانگێڕەکان بووم، لە کاروباری دەوڵەتڕانی غافڵ بووم و لە ئەنجاما ناچار دەستبەرداری تەخت و تاج بووم.

سیتی گوتی:

- من ئەوەندەم توانا هەبوو کە حوکمڕانیەکی باش بکەم، بەڵام گەندەڵی بەجۆرێ تەشەنەی کردبوو، کە هەرەسم هێنا.

حەکیم ئەمنحوتبی وەزیری شا زوسەر گوتی:

- گەندەڵی چەند خێرا دڕ بە جەلال و شکۆ دەدات، بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی یەک فەرمانڕەوا، کاری نەرێنی لە سەرپاکی ژیار وشارستانیەتێک دەکات..

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- ڕەنگە کێشەکە لەوەدابێ کە چۆن پیاوی بە توانای گونجاو لە کاتی گونجاوا پەیدا بکرێ.

حورمحب گوتی:

- وا لەو خانەوادەیەدا پیاوێکی بە توانا و کارامە نەبوو، باشە لەم وڵاتە پان و بەرینەدا پیاوێکی بە توانا نەبوو، قاتی پیاو بوو؟

ئیزیس گوتی:

- ئیدی قانوون وایە، کێ ئامادە بوو ئەوە کاندیدە، کەس بەدووی یەکێکی خوازراوی کارامەدا ناگەڕێ، ئەوەی لەبەر چاوانە لە بەردڵانە.. بەهەر حاڵ ئەمانە هەر ئەوەندەیان لە بارا بووە..لەوە زیاتریان پێنەکراوە..

ئوزوریس گوتی:

- دەیسا بڕۆن بۆ مەقام وجێگەی پڕ وپووچان.



حورس هاواریکرد:

- شا ستنخت.

پیاوێکی کورتە باڵای خڕە پیاو وەژوورکەوت، بە کفنەکەی بەڕێوە ڕۆیی، تا لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- قانوونی بۆ جێگای بەرزی خۆی گێڕایەوە.

ئوزوریس داوای لێکرد قسان بکات. گوتی:

- من زەمانێ حوکمڕانیم دەکرد، کە ئاژاوە و فەرەتەنە بوو. جارێکیان کە بە نیلدا سەفەرم دەکرد لەزگ بوو بکوژرێم، ئیدی بە پەرچوو ڕزگار بووم. من خزمایەتیەکی دوورم لە گەڵ شا منفتاحدا هەبوو، بۆیە بە پشتیوانی و کۆمەکی ڕوحانی و کاهینەکان هەوڵمدا بگەمە دەسەڵات. هیچ کەسێک لە فەرمانڕەوا لۆکاڵیە گەندەڵەکان ئیعترافی پێ نەکردم. هەرچەندە توانا و هێزی ئەوەم نەبوو بە خۆرتی ملکەچیان بکەم، بەڵام مەرد و مەردانە پەلاماری هەرێمی " ئەخنوم "م دا وگرتم، هەرێمی ئەخنوم لە هەموو هەرێمەکانی دی بەهێزتر ومکوومتر بوو، ئیدی یاخییەکانم سەرکوتکرد وکردمن بە پۆڕی خوراو، دوای ئەوە بەرەو تیبە چووم. یەکسەر ترسنۆکەکان، کەوتنە ڕوپامایی و ملکەچی وگوێڕایەڵی خۆیان بۆ ڕاگەیاندم. ئەوسا سوپا وپۆلیسم ڕێکخستەوە. هەوڵێکی زۆرم دا، تا سەروەریم بۆ یاسا گێڕایەوە، بەمجۆرە جووتیار لە سەر زەوی و زاری خۆی ئاسوودە بوو وئەمن و ئەمانی پەیدا کرد وسەر لە نوێ دەستی بە کار و کاسبی خۆی کردەوە. لێ مخابن، بەرلەوەی هاوڵاتیانی مە لە ئیمپراتۆریەتی میسردا هەست بە هێز و توانای ئیمپراتۆریەتەکەیان بکەن، من ماڵاواییم لە ژیان کرد.

شا خوفو گوتی:

- ئەو کارەی تۆ کە دەکرێت لە دوو پەیڤدا چڕ بکرێتەوە، بەلای منەوە، لە ڕۆنانی هەرەمێکی گەورە قورسترە.

شا مینا گوتی:

- دووبارە دڵت بوژاندمەوە.

ئیزیس گوتی:

- ئەمە کوڕێکی گەورەیە، ویستی خۆی لە دڵاندا نواندووە نەک لە بەرداندا.

ئۆزوریس گوتی:

- هەڕە لە نێو نەمراندا ڕونە.

( ٣٠ )

حورس بانگی کرد:

- شا ڕەمسیسی سێیەم.

پیاوێکی باڵابەرزی زەلام وەژوورکەوت، بەکفنەکەیەوە ڕۆیی و لەبەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- لە ئاسیا وڕۆژئاوادا بەسەر دژمناندا سەرکەوت، ئەوانەشی کە لە دەریاوە هاتبوون، سەرکوتکرد. ئەمن و ئەمانی لە وڵاتا بەرپا کرد.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- بەهۆی ناتەبایی ناوخۆییەوە، میران لە ئاسیادا یاخی بوون. لیبیاییەکانیش تەماعی هێرش و پەلامار گرتنی. پاشان لە قۆڵی دەریای باکوورەوە، خەڵکانێک بە خۆ وژن و منداڵیانەوە، هێرشیان بۆ هێنایین، بەتەما بوون لە ئاخی(خاک) میسرا ئاکنجی ببن، یەکسەر بە گژیانا چوومەوە، لیبیاییەکانم ڕاونان و دەرمکردن، باکووریەکانم تێک و پێک شکاندن و ژن و منداڵەکانیانم بە دیلی گرت. پاشان هێرشم بۆ ئاسیا برد، بێ هیچ ڕەحم وبەزەییەک یاخییەکانم سەرکوتکرد. وڵات لە سەردەمی مندا، ئارامی گرت و ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بوو، زۆر کۆشک وباڵاخانە و پەرستگام دروستکرد. لە بەد شانسی خۆما، لە تەمەنی پیریدا، لەناو حەرەمسەراکەی خۆمەوە پیلانم لێکرا. خەڵکانێک دەیانویست تەخت وتاجەکەم لێزەوت بکەن، بەڕێکەوت لە مردن خەلەسیم. پاشان بۆ دادگایی کردنی تۆمەتباران، دادگایەکی باڵام پێکهێنا و ئەمرم کرد عەدالەت بە جۆرێ پیادە بکەن کە نە هیچ تاوانبارێک بخەلەسێت و نە هیچ بێ تاوانێک ئاسیوی پێ بگات. لێ مخابن دووان لە قازیەکان کەوتبوونە داوی ئاشقێنیەوە لە گەڵ هەندێک لە ژنانی حەرەمسەراکەمەوە، وەختایەک دەستەکەیان کەوتەڕوو، خۆیان کوشت.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- هەڵوێستەکانت ئەوە نیشاندەدەن کە تۆ بەخۆت یەکێک لە فەرماندە دەگمەن و بێ هاوتاکان بووی.

ڕەمسیسی سێیەم گوتی:

- لە شەڕەکانی ئاسیامدا، لاسایی تۆم کردبووەوە.

ئەخناتون گوتی:

- ڕەفتار و مامەڵەو بەرخوردت لەگەڵ پیلانگێڕەکانداو دانیان بەدادگا، لە جیاتی ئەوەی ڕەمەکیانە بیانکوژێت وهەروەها هاندانی دادگا کە پەیڕەوی عەدالەت بکات، هەر هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەیە کە یاسات بە پیرۆز زانیوە وبە ڕادەیەک پابەندی ئەخلاقی بەرز بوویت، وەک ئەوەی یەکێک بیت لە باوەڕداران بە خودای یەکتا..

ڕەمسیسی سێیەم گوتی:

- تۆ یەکێک بووی لەو کەسانەی کە ڕەچاوی پێوەرە ئەخلاقیەکان دەکەن، ئەمەش پەروەردەیەکە کە بابایەکی خواناس لەگەڵیا گەورە بووبێ و ژیابێ.

بتاح حوتب گوتی:

- بەڵام چی وای نەمابوو فێڵ و مەکری ژنان پاشایەکی مەزنی وەکو تۆ لەناو بەرێ، ئەوە بوو سەری دوو قازی خوارد.

شابانوو نفرتیتی گوتی:

- خواوەندی یەکتا، ژنانی بۆیە دروست کرد تا مەعدەنی پیاوان کەشف بکەن و بزانرێ کامیان گرانبەها و کامیان هەرزان بەهان.

ئیزیس گوتی:

- درود لەم کوڕە کە لە هەمان کاتا شکۆ ونەجابەتی هەبووە.

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ بۆ ناو نەمران ولە جێی خۆت ڕونە.

حورس بانگی کرد:

- پاشایان ڕەمسیسی چوارەم وپێنجەم وشەشەم وحەوتەم وهەشتەم ونۆیەم و دەیەم ویازدەیەم ودوازدەیەم.

نۆ پیاو بە هەیکەلی جیاوازەوە وەژوورکەوتن، بە خۆ وکفنەکانیانەوە ڕۆیشتن تا بە ڕێز لە بەردەم عەرشەکەدا وەستان.

تحوت کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- ئەمانە بەڕیز و دوابە دوای یەک وهەریەکەیان ماوەیەکی کورت حوکمڕانی کردووە، هەموو خەم وخولیایەکیان ئەوە بووە پایە و پێگەی خۆ بپارێزن و بە دڵی خۆ بکەن و ئارەزووەکانیان تێر بکەن. ڕەوشی وڵات شێواوەو گەندەڵی تێی داوە، تەنانەت لە سەردەمی دوا کەسیاندا، بەشی دەریایی میسر، واتە میسری خواروو جیابووەوە.

ئوزوریس داوای لێکردن قسە بکەن، لێ شتاقیان فزەی نەکرد.

هەنگێ ڕەمسیسی دووەم هاتە قسە و لە ڕەمسیسی چوارەمی پرسی:

- بۆچی ناوی خۆت بە ناوی منەوە ناوناوە، مەگەر بە خزمایەتی دەمگەیەتێ؟!

ڕەمسیسی چوارەم بەرسڤی دایەوە:

- بۆ تەبەڕوک و شانازی ناوی تۆم هەڵگرتووەتەوە!

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- بەڵام ئێوە قەدری ئەو ناوەتان نەزانیوە وهەقی خۆیتان نەداوە.

ئیزیس گوتی:

- ناتوانم پاکانەیان بۆ بکەم و داوای بەخششیان بۆ بکەم، بەڵام داوای ڕەحم و بەزەییان بۆ دەکەم.

ئۆزوریس گوتی:

- بڕۆن بۆ مەقامی پڕوپوچان.

( ٣٢ )

حورس هاواریکرد:

- فەرمانڕەوا بسوبانبد.

پیاوێکی قەڵەوی دەستە باڵا وەژوورکەوت و ڕۆیی تا لە بەردەم عەرشەکە ڕاوەستا.

تحوت، سکرتێرو کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- لە سەردەمی ڕەمسیسی دوازدەیەمدا، بەشی دەریایی میسری، جیا کردەوە، ڕەوشەکە لە نێوخۆدا زۆر شێواو دەسەلاتی میسر لە دەرەوە دایە کەمی.

ئۆزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من لە پیاو ماقوول وئەشرافانی تانیس بووم، ئەو ئاژاوە و پەشێویەی میسرم لەبەر گران بوو، نەمدەتوانی تەختی پاشایەتی داگیر بکەم، ئیدی بەناچاری بەشی دەریاییم جیا کردەوە بەو ئومێدەی ئەمن وئەمانی بۆ دابین بکەم، هەموو هەوڵێکی خۆم لە ڕای ئەو مەبەستەدا بەکار برد.

ئەبنوم گوتی:

- من لە هەموو کەس باشتر لە زمانی ئەشرافان تێدەگەم. ڕاستە ئارەزووی ئەمن و ئەمان دەکەن، بەڵام تەنیا بۆ خۆیان و لە سەر حیسابی جووتیاران و داماوان.

شا مینا گوتی:

- تۆ بەم کارەت یەکێتی نیشتمانت لە بەین برد، ئەو یەکێتییەی کە من هەموو ژیانم لە قەبەڵی کرد.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- داخی من بۆ ئەو خەڵکە عەوامەیە کە لە سەردەمی تۆدا ژیاون!

ئیزیس گوتی:

- نازانم، چ داکۆکیەک لەم کوڕە بکەم.

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ بۆ ئەو دەرگایەی بە سەر دۆزەخا دەکرێتەوە.

ئوزوريس، ئاماژەی بۆ تحوت، كاتبی خواوەندان كرد. ئەويش دەستی بە خوێندنەوە كرد:

- ئیرادەی خواوەند، وابوو كە لیبیا هێرش بكاتە سەر میسر وبە جیابوونەوەی چەند ناوچەیەكی جیاواز یەكێتی ویەكپارچەیی ئەم وڵاتە كۆتایی بێت وبگەرێتەوە بۆ هەمان بارودۆخی پێش سەردەمی شا مینا. دوای ئەوە ئاشوورییەكان هێرشیان بۆ هیناو ئیدی ئەم خەم وپەژارەیە بەردەوام بوو.

**

پەراوێز:

١- رەمسیسی دوازدەیەم، دوا ئیمپراتۆری میسری كۆنە. دوای ئەو لیبیاییەكان هێرش دەكەنە سەر میسر وبۆ ساڵانێكی زۆر داگیری دەكەن. یەكەم لیبیایی كە هاتە سەر تەختی پاشایی فیرعەونان، توانی دووبارە وڵات یەكبخاتەوە، بەڵام ئەم یەكێتییە ماوەیەكی كەم دەوامی كرد. دوای ئەوە داگیركەرانێك لە نوبەوە هاتن ودوای داگیركردنی میسر، خستیانە سەر حكومەتەكەی خۆیان. فەرمانرەوایانی سودانی وەكو جێگری فیرعەونان لە تیوە حوكمرانیان دەكرد. سەرەنجام لە ساڵی ٦٧٠ پ.ز دا سوریەكانیش ئەم مەرز وبۆیەیان داگیركرد ولە دەستی سودانەكانیان ئازاد كرد. دوای ئازادیەكی كورتخایەن، لە ساڵی ٥٢٥ پ.ز دا، ئێرانیەكان میسریان داگیركردو كەمبوجیەی پاشای بەنێو بانگی ئێرانی تەختی فیرعەونەكانی داگیركرد و ئەم ولاتەی كرد بە هەرێمێكی سەر بە ئێران. ئەمە كۆتایی

فەرمانڕەوایی سەربەخۆی فیرعەونەکان بوو، لە لاپەڕەکانی دواترو لە ناو دەقی کتێبەکەدا، ڕوونکردنەوەو داخۆیانی پتر لەمبارەیەوە دەدرێ.

( ٣٤ )

حورس بانگی کرد:

- شا بسماتیک.

پیاوێکی لاوازی درێژ داهۆڵ وەژوورکەوت، بە کفنەکەیەوە ڕۆیی ولە هەنبەر تەختەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- خۆی کرد بە پاشای میسر، یەکێتی میسری گێڕایەوە، پایەکانی نیزامی قایم کرد. سوپایەکی بەهێزی لە بە کرێگیراوانی بیانی دروست کرد، دووبارە دەسەڵاتی میسری لە خاکی فەلەستیندا ژیانەوە.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من ڕەگ وڕەچەڵەکم دەچێتەوە سەر ستنخت. یەکێک بووم لەو دوازدە میرەی فەرمانڕەوایی بەشی دەریایی میسریانکردووە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکاندا بووە. لەبەر هەندێک هۆکاری دەرەکی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان دایە کەمی وئیدی من لێبڕام میسر یەک بخەمەوەو، سەربەخۆیی ڕابگەیەنم. بە زنجیرەیەک شەڕ، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لۆکاڵیەکانم لەنێو برد وخۆم کرد بە پاشای میسر. نیتقریسی خوشکم، کرد بە سەرپەرشتیاری کاهینەکان، تا بە سەریاندا زاڵ بم. بەمجۆرە یەکێتی

ونەزم و نیزام بۆ وڵات گەڕایەوە. جەختم لە چاکسازی هەل ومەرجی ئابووری کردەوە، سوپایەکم لە یونانیان، کارییان، سورییایان ولیبیاییان پێکهێنا. ئیدی میللەت لە ئەمن وئەمان و ئاقیبەتی خۆش بەرخوردار بوون. ئیدی خۆبەخۆ وبەشێوەیەکی خۆڕسک بەرەو هەمان دەورانی کۆنی خۆیان مەیلیان پەیدا کردەوە، هەمان ڕێوڕەسم و سرووتی عیبادەتی جارانیان، بوژاندەوە. ئەم کارەم بەلاوە ئاسایی بوو. دەسەڵاتی میسرم لە فەلەستین ژیاندەوە، خولاسە میسرم گەڕاندەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە پێنج سەد ساڵ لەوە پێش ولە ڕۆژگاری ڕەمسیسی سێیەمدا تیای بوو.

حەکیم " ئەمنحوتب "ی وەزیری شا زوسەر گوتی:

- کارێکی گەورە وشایستەی ڕێزت کردووە.

شا خوفو گوتی:

- چەند جوانە میللەت ڕووبکاتە کەلەپووری کۆنی خۆی.

ئەخناتون پرسی:

- بەڵام من ئەم بزاڤە بە کاریکی کۆنە پەرستانە دەزانم، تۆ چ دەڵێی جەنابی پاشا؟

بسماتیک گوتی:

- میللەت لە سایەی حوکمی بێگانان‌دا تاڵاوی زۆری چەشت، بێ ڕێزی وسووکایەتی زۆری بینی. بۆیە شۆڕشێکی ئاشتیانەی دژی داب ونەریتی هاوردەکراوی ئەوان بەرپا کرد وئەوجا پەنای بۆ هەمان خوو وخدەی ڕەسەن وسەلەفی ساڵحی خۆی بردەوە.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- تۆ ڕێگەیەکی پێچەوانەی منت گرتووەتەبەر، سوپاکەت لە بە کرێگیراوانی بیانی پێک هێناوە.

بسماتیک گوتی:

- میسر لە هەموو لایەکەوە، لە ڕۆژهەڵات ولە ڕۆژئاواو باشوورەوە، لەبەر گەف و هەڕەشەدا بوو، میسرییەکان، ئاواتە سوپاییەکانی خۆیان لە دەست دابوو وملیان بۆ شکست دابوو، من بەو ئیمکاناتەوە کە هەمبوو، ئەم وەزع وحاڵەم گۆڕی.

هەنگێ ئیزیس هەڵیدایە وگوتی:

- بڕواننە ئەو خزمەتانەی کە ئەو لەو هەل ومەرجە نالەبارەدا پێشکەش بە وڵاتەکەی کردووە.

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ جێگەی خۆت لە نێو نەمراندا بدۆزەرەوە.

( ٣٥ )

حورس هاواریکرد:

- شا نیخاو.

کابرایەکی باڵابەرزی زەلام، بەخۆ وکفنەکەیەوە وەژوورکەوت. چوو لە بەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا.

تحوت کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- دەسەڵاتی ئەو گەییە سوریا، بە سەر ئاشووری و یەهودیەکاندا سەرکەوت. بەڵام ئەمە ڕێکەوتی پەیدابوونی بابل بوو کە بە سەر سوریا وفەلەستینیشدا زاڵ بوو. سنوور و قوللەکانی، بۆ داکۆکی لە وڵات قایم کرد، کار وباری بازرگانی ڕێک خست، شاندێکی لە فینیقییەکان ( خەڵکی لوبنان ) نارد تا کەنارەکانی ئەفریقیا کەشف بکەن.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من هەرگیز لە کاری خۆمدا درێغیم نەکردووە. هەر لە هەوەڵی تەمەنمەوە بەخت یارم بوو، بەڵام لە ئاخر وئۆخری تەمەنما دووچاری شکست بووم. بەڵام لە ئاستی ناوخۆدا، ئەمن و ئاسایش وتەناهی وبوژانەوە وگەشانەوە بەرقەرار بوو.

تحوتمسی سێیەم هاتە قسە وگوتی:

- دەبوایە بتزانیبا کە بەرزەفڕی میللەتانی جەوان سنوور ومەرزان ناناسێت، بۆیە دەبوایە میللەتەکەت بۆ جەنگ ئامادە بکەی.

نیخاو گوتی:

- بە داخەوە میللەت دەستی لەخۆ بەردابوو.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- تۆ دەستت لەخۆ بەردابوو، بۆیە پشتت بە سەربازانی بێگانە بەست!

ئیزیس گوتی:

- بەڵام ئەو چ لە مەیدانی شەڕا و چ لە سەوزەزارا (ناوچەیەکی ئاو وهەوا خۆشی کەناری نیلە) درێغی نەکردووە.

ئوزوریس گوتی:

- هەرە جێی خۆت لە نێو نەمرەکاندا بدۆزەرەوە.

( ٣٦ )

حورس هاواریکرد:

- بسماتیکی دووەم.

پیاوێکی ئامال قەڵەوی کورتەباڵا وەژوورکەوت. چوو لەبەر دەم عەرشەکە ڕاوەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- نەزم ونیزامی ناوخۆیی بەرقەرار کرد. لەبەر ئەوە " ئەحنس رع " ی کیژی خۆی، لە جیاتی پوورە پیرەکەی، نیتقریس، کرد بە سەرپەرشتیاری کاهینانی (ڕوحانی) ئامون، پەیوەندی خۆی لە گەڵ یوناندا تووند کرد.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من تەنیا ئەوەندەم پێیە کە بیڵێم، سەردەمی من بە ئەمن و ئەمان و ئاشتی بووری.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- پێدەچێ، لە بیرت چووبێ کە میسر ڕۆژێ لە ڕۆژان ئیمپراتۆریەتێک بوو لەو گۆڕەی!

بسماتیکی سێیەم گوتی:

- وەبیر هێنانەوەی گەنجایەتی لەدەست چوو، فایدەی چییە؟

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- باشە ئەوەت بیر چووەوە، کە بابل لە سەر سنووری مە بوو؟

شا ئەحمس لێی پرسی:

- چیت کرد بۆ ئەوەی میللەت بۆ شەڕ جۆش بدەی؟

وەختێ هیچ قسەیەکی نەکرد، ئیزیس هەڵیدایە وگوتی:

- سەردەمی ئەو بە ئاشتی و ئاسایش تێپەڕی!

ئوزوریس گوتی:

- جێگای تۆ ناو هیچ و پووچانە.

( ٣٧ )

حورس هاواریکرد:

- شا ئەبریس.

پیاوێکی چوارشانە وەژوورکەوت، بە کفنەکەیەوە ڕۆیی ولە بەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- ئیسرائیلی لە بابل هاندا. بەشداری شەڕی کرد، بە هێزی دەریایی چوو بەگژ فینیقیادا، بەڵام شکستی خوارد. ئیدی فەرمانڕەوا ئەمازیس لێی یاخی بوو، شەڕێکیان لە بەینا چێ بوو کە لەو شەڕەدا کوژرا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- بابل، خولیای شەو وڕۆژی من بوو. نەخشەیەکم دانا کە بریتی بوو لە هاندانی ئیسرائیل دژ بە بابل. تا لە کاتی شەڕی ئەواندا هێرش بکەمە سەر فینیقیا وپاشان بکەومە تاقیبی بابلیەکان، لێ نەخشەکە سەری نەگرت وئێمە شکستمان هێنا.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- نەخشەی تۆ عەیبی نەبوو، بەڵام دەستانێک نەبوو کە جێبەجی بکەن.

ئیزیس گوتی:

- داوای بەخشینی بۆ دەکەم.

ئوزوریس گوتی:

- بۆ شوێنی هیچ و پووچان.

( ٣٨ )

حورس بانگی کرد:

- شا ئەمازیس.

پیاوێکی لاوازی درێژ داهۆڵ وەژوورکەوت، ڕۆیی تا گەییە بەردەم عەرش.

تحوت، کاتبی خواوەندان دەستی بە خوێندنەوە کرد.

- نەزم و نیزامی ناوخۆیی بەرقەرار کرد. زیاد لە پێویست پشتی بە یونانییەکان بەست. خجڵی، نەوسڕانی ودەعوەت ودەعوەتکاری وڕابواردن بوو. لە سەردەمی ئەودا دەوڵەتی فارسان (هەخامەنشیان) پەیدا بوو، هەوڵیدا هاوپەیمانیەک لە میسر وبابل و یونان، لە هەنبەر ئێران دروست بکات. لێ بابل لە لایەن ئێرانەوە گیرا.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من شا " ئەبرس "م بە بەرپرسی شکستی خۆمان لە هەنبەر بابل دا دەزانی. بەڕای من، ئەو لەوە بێ تواناتر بوو، بتوانێ ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێستە ئاڵۆزە ببێتەوە، بۆیە لێی هەڵگەڕامەوەو دەستم بەسەر تەخت وتاجی پاشایەتیدا گرتو هاوپەیمانییەکم دژی فارسەکان دروستکرد، بەڵام فارسەکان، دایان بە سەر بەهێزترین باڵی ئەم هاوپەیمانیەدا وگرتیان، دوای ئەوە ژیانم لە قەبەڵی ڕیفۆرمێن ناوخۆیی کرد.

شابانوو حتشپسووت لێی پرسی:

- چیت بۆ ناوخۆ کرد؟

ئەمازیس بەرسڤی دایەوە:

- خۆشگوزەرانیەکی بەرچاو وڵاتی گرتەوە. یاسای مەدەنیم چاک کرد، ئەوەندە بەسە ئاماژە بۆ ئەو مادەیە بکەم، کە هەر دەوڵەمەندێکی وادار

دەکرد سەرچاوەی دارایی و دەرامەتی خۆی بۆ سەرۆکی شارەکەی ئاشکرا بکات.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- چیت کرد بۆ ئەوەی میللەت ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کەسانە بکەی، کە سەر لە نوێ چاوی تەماعیان تێبڕی بووین؟

- میللەتی مە، جگە لە کشت وکاڵ و ژیانی تایبەتی خۆیان گوێ بە هیچی دی نادەن.

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- تۆ خۆت پێشەنگی وان بووی، بەردەوام خجلّی نەوسڕانی ودەعوەت ودەعوەتکاری و ڕابواردن وبەد ڕەوشتی بوویت. من دژی دەعوەتکاری وڕابوردن نیم ئەگەر لە چوارچێوەی ڕێز وحورمەتی وڵاتەکەم دەرنەچێت!

ئیزیس گوتی:

- ڕیفۆرمەکانی گاڵتەیان پێناکرێ، نەخشەیەکی ئاقڵانەی دانابوو ئەگەر شکستی نەهێنابا.

ئوزوریس، کەمێک لە فکران ڕاچوو وئەوسا گوتی:

- بۆ ماوەی هەزار ساڵ لە مەقامی هیچ وپووچان دەمێنیتەوە، پاشان بۆ بەهەشت دەڕۆیت، هەڵبەتە بە پایەیەکی نزم کە شایستەی تۆ بێ.

حورس بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- بسماتیکی سێیەم.

پیاوێکی دەستەباڵای تۆکمە وەژوورکەوت، بە خۆ وکفنەکەیەوە ڕۆیی، تا لەبەردەم عەرشەکەدا گیرسایەوە.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- سێ دانە مانگ حوکمڕانی کرد، پاشان بە سوپاکەیەوە لە پێناوی بەرگری لە میسر، ڕووبە ڕووی سوپای قەمبیزی (کەمبوجیە) شای فارس بووەوە. سوپاکەی شکا و خۆی بە دیلی گیرا، قەمبیز کوشتی ودەستی بە سەر وڵاتا گرت.

ئوزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من لە کاتێکا هاتمە سەرتەخت، سوپا ولەشکرێن فارس هاتبوونە ناو ئاسیا و خەریک بوو بەرەو میسر دەهات. ئیدی بە هەشتاو هێزە یونانیەکانی ژێر ڕکێفی خۆم ئامادە کرد وبلەز سوپایەکی بچووکم لە میسریەکان پێکهێنا. لە شەڕێکی تووندو سەختا لە گەڵ دژمنا تێگیرام و چەرخی ڕۆژگار بەبەختی من نەگەڕاو، بە دیلی گیرام، قەمبیز ویستی، وەکو پاشکۆیەکی ئەو لە سەر تەخت بمێنمەوە. بەڵام من ژێراوژێر کارم بۆ بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەران دەکرد. کارەکەم لێ کەشف وئاشکرا بوو و گیانی خۆم لە سەر ئەوە دانا.

تحوتمسی سێیەم هاتە قسە وگوتی:

- باسی بەرگری وبەرخودانی یونانی ومیسریەکانم لەم شەڕەدا، بۆ بکە.

بسماتیکی سێیەم گوتی:

- بێگومان بەرەڤانی وبەرخودانی میسریەکان زۆر لەوە توندتر بوو لە گەڵ بەرەڤانی خەڵکانی دیدا بەراورد بکرێ.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- پێشبینی ئەم قسەیەم دەکرد، خۆ لەوەیە ئەگەر سوپاکەت هەر هەمووی میسری بوایە، چارەنووس وئاقیبەتی شەڕەکە بگۆڕایە،بەڵام ئێوە گەلەکەی خۆتان فەرامۆشکرد و پشتتان بە بێگانان بەست. بۆیە مێژووی میسری سەربەخۆ لەسەر دەستی ئێوە کۆتایی هات.

سیکننرع گوتی:

- نابێ ئەوەش لە بیربکەین، کە ئەو ڕازی نەبوو لە سایەی حوکمی بێگانەدا، دەوڵەتڕانی بکات و بەهۆی ئەوەوە گیانی خۆی لە دەست دا. هەمان چارەنووسی منی هەڵبژارد.

ئیزیس گوتی:

- کوڕێکی بەدبەخت لە بەردەمتاندا ڕاوەستاوە. ئازایانە شەڕی کردووە، خۆ ئەگەر مەبەست وئامانجی ئەوە بوایە، بە هەرنرخێ بووە، حوکمڕانی بکات، بە ئاسانی ئەوەی دەستدەکەوت. بەڵام سەربەرز و ئابڕومەندانە کوژرا.

ئوزوریس گوتی:

- هەڕە کورسیەکەی خۆت بدۆزەرەوەو لە نێو نەمراندا ڕونە.

ئوزوریس گوتی:

- بەڕێزینە، دەوروسەردەمانی فیرعەونەکانی میسر تەواو بوو. لێپێچینەوە لە فەرمانڕەوایانی بێگانە، کار وپسپۆڕی ئەم دادگایە نییە، چونکە ئەم دادگایە، هەموو ئەوانە بە بێگانەی مەلعوون دەزانێ. هەرچەندە جیاوازی لە نێوان فەرمانڕەوای چاکەخوازو فەرمانڕەوای گەندەڵیش هەیە. ئیدی بەم زووانە دێینەوە سەر فەرمانڕەوایانی میسری، چە ئەوانەی بابەل باب میسری بوون و چ ئەوانەی لە ڕێگەی ئیقامەوەو بەدڵ بوون بە میسری. داوەری ئێمە دەربارەی ئەوانەی کە ئاینێکی تازەیان هەڵبژاردووە چ موسوڵمان بن و چ مەسیحی، حوکم و داوەری یەکجارەکی نییە، بەڵکو جۆرە هەڵسەنگاندنێکی مێژووییە، کە ئومێدەوارم کاتێ دەبرێتە بەردەم دادگای ئاینی ئەو دنیا، ئەم حاڵەتە ڕەچاو بکرێ. ئێستاش، با تحوت، کاتبی خواوەندان قسە بکات.

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

- دەورانی میسری خواوەندان و ئەهرامان و پەرستگا و ویژدانی نورانی بەسەرچوو، کۆتایی هات. فارسان وەکو پاشا لە سەر تەختی زێڕینی میسر دانیشتوون. خواوەندەکانی مە دەپەرستن، ڕێگەی ئەوەیان داوە داب ونەریت وخوو وخدەێن مە ڕەواجی خۆی هەبێ. بەڵام  میسرییەکان، بوغزاندیانن، لێیان یاخی بوون، ڕاپەڕین و خۆیان ڕزگارکرد، بە گژیاندا چوونەوەو تێک وپێکیان شکاندن. دوای ئەوە ئەسکەندەر، بە ناوی فریاڕەس ورزگارکەرەوە، هێرشی بۆسەر وڵاتەکەمان هێنا. پاشان میسری وەکو میراتی بە یەکێک لە فەرماندەکانی سپارد کە دەوڵەت و شارستانیەتێکی بەناوی بنەماڵەکەی خۆیەوە دامەزراند وهەموو چالاکی وکارە جەوهەرییەکانی بە بێگانەکان سپارد ومیسرییەکانیش لە پەراوێزا مانەوەو خەریکی کاروباری جووتیاری و

کشتوکاڵی بوون. بەو ژیانە نزمەی خۆیان قایيل بوون، تەنیا کاهین وڕۆحانیەکان نەبێ کە کاروباری ئاینی لە دەستی ئەواندا مایەوە. پاشان بزوتنەوەێن بەرخودان لە شێوەی کۆچی بە کۆمەڵدا دەستی پێکرد، کە زۆر بە توونادی سەرکوتکران وخوێنێکی زۆر هاتە ڕشتن. سەردەمی حوکم وفەرمانڕەوایی بنەماڵەی یونانیانیش لە سەردەمی شابانوو کلیوپاترادا تەواو بوو. ئیدی میسر کەوتە ژێر دەستی حکومەتێکی بێگانەی تازەوە کە حوکمی ڕۆمانیان بوو، ئیدی میسر بوو بە عەمارێک بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە و خوراک و ئازووقەی پێویست بۆ ڕۆما. ڕەوشی میسرییەکان ڕۆژبەڕۆژ خراتر بوو، هەرجارێ دژی زوڵم وستەم و نەهەقیەک ڕاپەڕی بان، سەرکوت دەکران و ڕاپەڕینەکەیان غەرقی خاک وخوێن دەکرا. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕۆمانی، نیروندا مەسحییەت هاتە میسرەوە وخەڵکانێکی میسری ئاینی خۆیان گۆڕی. بەڵام ئەمە ئائینێک نەبوو، وەکو ئاینەکەی سەردەمی ئەخناتون لەناو میسرەوە هەڵقولابێ، بەڵکو ئاینێک بوو لە دەرەوە هاتبوو. ئیدی پەیڕەوان و شوێن کەوتوانی ئاینە تازەکە، زوهد و پارساییان کرد بە پیشە. زۆریان، بۆ ئەوەی لە زوڵم وستەمی فەرمانڕەوایان و گەندەڵی دنیا بخەلەسن، ڕوویان کردە غار وشکەفتانی دەرودەشتەکان. دەوڵەتی ڕۆمانی دژی ئەم ئاینە تازەیە وەستایەوە و بە جۆرێ بە شیروتیران کەوتە سوراخ و تاقیبی شوێنکەوتووانی ئاینە تازەکە وسەرکوتکردنیان، کە دەورانی ئیمپراتۆر دقلدیانوس "دەقیانوس" بە سەردەمی شەهیدان ناوی دەرکرد.لە سەردەمی تیودوسیس دا، ئیمپراتۆر بڕیاری دا مەسیحییەت قبووڵ بکرێ، خەڵکەکەی وادارکرد ئەو ئاینە قبووڵ بکەن. هەڵبەتە ئاینە کۆنەکەش شەهیدانی خۆیان هەبوو، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە ئاینی مەسیحییەتیان قبووڵ کرد، بەڵام لە مەسیحییەتدا، مەزەبی تایبەتی خۆیان هێنایە ئاراوە، ڕۆحی ئاینی وڕۆحی نیشتمانیان ئاوێتە کردو بە کردەوە دەستیان دایە

شۆڕش وهەوڵی ڕزگاری و سەربەخۆییان دا، ئیدی تووشی کوشت و بڕ وسەربڕین وئاسیوی بێ سنوور بوون. ئەم کێشماکێش وململانییە پاشان شێوەی شەڕێکی ئاینی لە نێوان کلێسای میسری وکلێسای ڕۆمانیا وەرگرت و، ئیدی ئەم شەڕە بەردەوام بوو وخەڵکەکە لەو سۆنگەیەوە جۆرەها زوڵم وستەم و چەوساندنەوەیان بینی.

***

دوای ئەو بێدەنگیە قورسەی کە بەهۆی قسەکانی تحوتەوە دروست بوو، ئۆزوریس ئاماژەی بۆ حورس کرد، حورس هاواریکرد:

- مقوقسی فەرمانڕەوای میسر.

پیاوێکی قەڵەوی کەمێک کورتەبالا وەژوورکەوت، بە خۆی وکفنەکەیەوە ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

تحوت، کاتبی خواوەندان، کەوتە خوێندنەوە:

- لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمانیەوە، کرا بە فەرمانڕەوای میسر، قبتییەکان بە میسرییان دەزانی، لە سەردەمی ئەوا عەرەب دایان بەسەر میسرا، دەگەڵ عەرەبدا ڕێککەوت، تابتوانێ لە چنگی ڕۆمانیەکان ڕزگار بێ، بەوجۆرە میسر چووە قۆناغێکی تازەوە. لە سایەی حوکمی عەرەبدا.

ئۆزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من لە لایەن ئیمپراتۆرەوە، بە فەرمانڕەوای میسر دانرام، هەرچەندە من بە ئەسڵ یونانی بووم، بەڵام باوەڕم بە مەزەبی یەعقووبی میسری هێنا، قبتییەکان لێم ڕازی بوون، بەیەکێک لە خۆیانیان دەزانیم. وام هات بە

ئەقلا، بۆ ئەوەی لە ڕۆمانەکان ڕزگار بم، دەبێ لە گەڵ عەرەبا پێک بێم، هەل ومەرجێکی باشم بۆ هەڵکەوت.

ئەبنوم پرسی:

- باشە چۆن، متمانەت کرد دەگەڵ داگیرکەرانا ڕێک بکەوی؟

مقوقس بەرسڤی دایەوە:

- شایەتی دەدەم کە ئەوانە داگیرکەری ئابڕوومەند بوون، عەمروبن عاسی فەرماندەیان وڵاتەکەی ئێمەی کرد بە چەند هەرێمێکەوە، بۆ هەر هەرێمێک فەرمانڕەوایەکی قبتی دانا. خەڵکەکە هەستیان بە ئاسوودەییەکی ئەوتۆ کرد، کە سەدان ساڵ بوو ئاسوودەیی وایان بەخۆوە نەبینی بوو. هەموو قەید وبەندێکی لە سەر عیبادەت هەڵگرت، قبتییەکان، بە شێوازی خۆیان خوای خۆیان دەپەرست..

ڕەمسیسی دووەم لێی پرسی:

- کەواتە بۆچی زەحمەتی داگیرکاریان بەخۆ دابوو؟

مقوقس گوتی:

- جارێ جەزا و سەرانەیەکی زۆریان لە خەڵکی دەسەند وبۆ وڵاتی خۆیان دەناردەوە، بەڵام مەبەستی سەرەکی ئەم داگیرکاریە وەکو پاشان بۆم ڕوون بووەوە، بانگەواز بوو بۆ ئاینێکی تازە کە ئیسلامیان پێ دەگوت.

ئەبنوم گوتی:

- یانی میسر جارێکی دی، چووە قۆناغ و سەردەمێکی تازەی شەهیدانەوە؟

مقوس گوتی:

- ئەوان بە بێ هیچ زۆرێک بانگەوازیان بۆ ئاینەکەیان دەکرد، کەسیان بە خۆرتی وادار نەدەکرد بچێتە سەر ئاینی وان، بەڵام هەر کەسێک بیویستبا لە سەر ئاینی خۆی بمێنێتەوە دەبوایە جزیە و سەرانە بدات.

خوفو لێی پرسی:

- جیاوازی نێوان ئەم ئاینە و ئاینە کۆنەکەمان چ بوو؟

- ئەوان تەکەزیان لە سەر یەکتایی خوا دەکردەوە.

ئەخناتون هاواریکرد:

- خۆ ئەمە هەمان ئاین وهەمان خواکەی من بووە. هەڵبەتە من قەناعەتم وابوو، لە ئەنجاما هەر سەردەکەوم. پێم بڵێ خەڵکی چۆن پێشوازییان لەم ئایینە کرد؟

- لەژیانی منا، تەنیا کەمینەیەکی زۆر کەم بایەخ، باوەڕیان پێ هێنا.

ئەبنوم گوتی:

- با واز لە باسی خواوەندان بێنین. پێم بڵێ جووتیارانی زەحمەتکێش چ خێرێکیان بینی؟

- عەمری کوڕی عاس، زۆر باجی زاڵمانەی هەڵگرت و ڕەوشی نەدار و هەژاران باش بوو.

ئیزیس گوتی:

-سیاسەتەکانی ئەم پیاوە خێر وبەرەکەتێکی زۆری بۆ ڕۆڵەکانم هەبووە کە نکۆڵی لێ نایەتە کرن.

ئوزوریس گوتی:

- بەڵگەنامەی پالاوتنی دەدرێتێ، بەڵکو لە دادگاییە ئاینییەکەیدا شەفاعەتێکی بۆ بکات و بەکەڵکی بێت.

**

پەراوێز:

١- مقوقس، لە زەمانی پەیامبەری ئیسلاما، نازناوی فەرمانڕەوای میسر بووە. ئەم پیاوە، لە لایەن ڕۆمیانەوە بە فەرمانڕەوای میسر دانرابوو وبەڵێنی دابوو، لە جیاتی ئەوە، سالانە نۆزدە ملیۆن دینار بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بدات. پەیامبەری ئیسلام، لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا نامەی بۆ پاشایانی ئەو سەردەمەی جیهان نارد، کە یەکێک لەوانە "مقوقس" ی فەرمانڕەوای میسر بوو و ئەوەی بە مەزنی " قیبت " ناو بردبوو. پاشان نامەکەی دابوو بە " حاطب بن ابی بلتعه " تا بیگەیەنێتە دەست مقوقس.. ئەو کە نامەکەی پەیامبەر وەردەگرێ، هەرچەندە نابێ بە ئیسلام، بەڵام کۆمەڵێ دیاری و سەوقاتی بۆ دەنێرێ. دوو کەنیزەکی قیبتی بە ناوێن ماریە و شیرین، لە ناو ئەو دیاریانەدا دەبن. ماریە پاشان دەبێ بە ژنی پەیامبەرو، شیرینیش، پێغەمبەر خۆی بە حەسانی کوڕی سابتی دەبەخشێت. پێغەمبەر، سەبارەت بە هەڵوێستەکەی مقوقس فەرموویەتی: " لە ترسی نەمانی حکومەتەکەی خۆی ئیسلامی قبووڵ نەکردووە. بەڵام دەسەڵات و سەرکردایەتی ئەو بەو زووانە لە ناو دەچێ. " پاشان لە زەمانی خەلافەتی عومەرا، عەمری کوڕی عاس بە خۆ ولەشکرێکەوە، بە بێ پرسی خەلیفە هێرشی بۆ سەر میسر برد و داگیری کرد. شەڕی موسوڵمانان دەگەڵ سوپاییانی مقوقس دا، دوو دانە ساڵ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا زۆر دەڤەر

وناوچه گیران وموسوڵمانان توانیان شار ودیار ودەڤەرێکی زۆر کۆنترۆڵ بکەن. خاڵی گرنگ لە گرتنی میسردا، ناکۆکی و دژبەری نێوان میسری وقیبتیەکان بوو کە لە واری پراکتیکیدا یارمەتیەکی زۆری سەرکەوتن موسوڵمانەکانی دا. سەبارەت بەم بابەتەی کە میسر بە تۆبزی گیراوە یان بە ئاشتی، هێشتا بۆچوونی جیاواز لە نێو پسپۆڕاندا هەیە. (لە دانشنامەی روشدەوە وەرگیراوە ).

( ٤١ )

حورس بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- پەتریارک بەنیامین.

پیاوێکی لاوازی دەستەباڵا وەژووردەکەوێ، دەڕوات ولەبەردەم عەرشەکەدا دەوەستێ

تحوت، کاتبی خواوەندان، دەست بە خوێندنەوە دەکات:

- ئەمە پەتریارکی قبتیەکان بوو. چەوسانەوە وستەمکاری ناچاری کرد پەنا بەرێتە بەر دەشت ودەر. عەمری کوڕی عاس بە ناوی ئازادی عیبادەتەوە، ئازادی کردو ڕەهەنەی ڕۆمای کرد.

ئوزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- باوەڕ، شەرەف وکەرامەت وعیزەتی مرۆڤە وهەروەها ڕێگەیە بۆ لای خواو گەیشتن بە خوا. من ستەم و زۆری ڕۆمانیانم تەحەمول کرد، بەڵام بە قەد نووکە دەرزیەکیش باوەڕم لەق نەبوو. پاشان وەکو ناڕەزاییەک سەبارەت

بەو زوڵم و زۆرەی بەشەری تێکەوتووە پەنام بردە بەر دێر، تا ئەوە بوو خوا کردی ومیسر کەوتە دەستی فەرزەندانی ئیسماعیل. ئەوانە ئازادی عیبادەت و پەرستگاریان بۆ خەڵکی فەراهەم کرد، منیش بۆ کورسی پاپەویەت لە ئەسکەندەریە گەڕامەوەو رابەڕایەتی مەعنەوی و ڕۆحی قیبتییەکانم لە ئەستۆ گرتەوە.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- ئیدیی هەموو ئاواتێکیی میسرییان هاتە سەر ئەوەی بە هاتنی داگیرکەرێکی دادپەروەر مەمنوون بێ!

پەتریارک بەنیامین گوتی:

- نزیکەی یەک هەزار ساڵ بە سەر گوندیانماندا بووری، کە بنەماڵانی بێگانە، بە زەبری چەک حوکمیان دەکردن.

ئەبنوم لێی پرسی:

- باشە تۆ دەسەڵاتی ڕۆحی ومەعنەوی خۆت بۆ بێدارکردنەوەی گەل بەکار نەبرد؟

پەتریارک گوتی:

- من لە سەردەمی داگیرکەرێکی تازەدا دەژیام کە ئازادی باوەڕی لێ نەدەگرتین، باری سەر شانی هەژارانی سووک دەکرد، هەرگیز بە تۆپزی ئاینەکەی خۆی بە سەرماندا نەدەسەپاند، بەهەرحاڵ هەلومەرج بۆ هاندانی ڕاپەڕین وشۆڕش لەبار نەبوو.

ئیزیس گوتی:

- ئەم پیاوە گلەیی لێناکرێ، چونکە لە زەمانێکا دەژیا کە بە قازانجی مە نەبوو.

- لە دادگاکەی مەدا هیچ بەڵگەیەک نییە کە تۆی پێ مەحکووم بکەین.

## ( ٤٢ )

حورس هاواریکرد:

- " ئیتناسیوس " میسری.

پیاوێکی لاوازی دەستەبالا وەژوورکەوت بە خۆ وکفنەکەیەوە ڕۆیی ولە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس گوتی:

- ئەم دادگایە بۆ دادگایی کردنی فەرمانڕەوایانی میسری دامەزراوە. بەڵام ئەم پیاوە فەرمانڕەوا نەبوو. بەڵکو ڕەمزی گەڕانەوەی میسرییەکانە بۆ حوکمداری. بۆیە گەواهی و شایەدی ئەو بایەخی مێژوویی خۆی هەیە.

پاشان، داوای لە ئیتناسیوس کرد قسەبکات. گوتی:

- من کاری پاچڤەوانیم لە قبتییەوە بۆ عەرەبی دەکرد. چونکە لەو سەردەمەدا، قیبتی زمانی فەرمی دەوڵەت بوو. میسر تا سەردەمی خەلیفە عوسمان، لە ئارامی و ئاسایشدا دەژیا، ئیدی لە سەردەمی ئەوا موسوڵمانان، سەبارەت بە سیاسەتی ئەو بوون بە چەند دەستەیەکەوە، ئیدی شەڕێک هەڵگیرسا، بوو بە باعیسی کوشتنی ئەو. عەرەبێن ئاکنجی میسریش بوون بە دوو بەشەوە. بەشێک پشتیوانیان لێدەکردو بەشێک

دژایەتیان دەکرد. ئیدی زنجیرەیەک شەڕ لە نێوان ئەم دوو گروپەدا هەڵگیرسا کە میسریەکان بە هۆیەوە ڕەنج وعەزابێکی زۆریان کێشا. ئەم کێشەیە وەختایەک عەرەب لە سەر خەلافەت چوون بە گژ یەکا، هێندەی دی زیاد بوو، تا ئەوە بوو کەسێک بە ناوی معاویە جڵەوی خەلافەتی گرتە دەست، ئیدی فەرمانڕەوایانی سەر بە معاویە، حوکمداری میسریان گرتە دەست. بەهەرحاڵ، ئێمە هیچ فەرمانڕەوایەکی میهرەبانتر لە عەمری کوڕی عاسمان بە خۆوە نەبینی. لە سەردەمی عومەر عەبدولعەزیزی کوڕی مەرواندا، بڕێک ڕیفۆرمان کرا. بەڵام ئەویش باجی دینارێکی لە سەر هەر کاهینێک دانا، لە کاتێکا جاران لە هەر باجێ مەعاف بوون. هەروەها باجێکی ساڵانەی سێ هەزار دیناری بەسەر پەتریارکاندا سەپاند.

حەکیم ئەمنحوتب پرسی:

- ئەدی پەرچەکرداری کاهینان و پەتریارکان چ بوو؟

- پەرچەکردارێکی مەسیحیانە بوو، زیاتر خۆشەویستی وئاشتی وڕۆحیانە بوو، دنیایی نەبوو.

ئەخناتون گوتی:

- وەکو باپیرانیان لە زەمانی مندا، شۆڕشیان بەرپا نەکرد.

ئیتناسیوس گوتی:

- وێڕای هەموو ئەمانەش، ڕەوشەکە لە چاو دەورانی ڕۆمانیەوە زۆر باش بوو. بەڵام ئێمە وەکو قیبتیان، وەختێ زانیمان هەندێک لە خەڵکانی خۆمان، بوون بە ئیسلام، لەبەرمان گران بوو. بە بۆچوونی مە ئەوانە بۆ ئەوەی سەرانە و جزیە نەدەن، لە دینی خۆ هەڵگەڕابوونەوەو بووبوون بە

ئیسلام. بەڵام ئەوان دەیانگوت ئیسلامیش هەر مەزەبێکی مەسیحیە و بۆیە بوونە ئیسلام کوفر نییە.

شا خوفو گوتی:

- ئێوە خۆتان بە گۆڕینی ئاینی هەوەڵی خۆتان ڕێگەتان بۆ گۆڕینی دووەمی ئاینەکەتان خۆشکرد، خۆتان ئەم گەمەی دینەگۆڕکێیەتان کرد بە باو..

ئەخناتون گوتی:

- مرۆڤ ئەگەر ئاین و باوەڕی خۆی بە مەبەستی نزیک بوونەوەی زیاتر لە خوای جەلال وڕوناکی بێ، مایەی گلەیی نییە. بەڵام من سەیرم لەمە دێ، کە چۆن عەرەب ڕوویان کردە خوایەکەی من، کەچی قەوم و میللەتەکەی خۆم، نەوە لە دووی نەوە ڕەتیان کردەوە.

ئیزیس گوتی:

- مادامێکی هیچ کەسێک پەنجەی تۆمەتی بۆ ئەم کوڕە ڕانەکێشاوە، بە پێویستی نازانم هیچ داکۆکییەکی لێبکەم.

ئۆزوریس گوتی:

- ئەی ئیتناسیوس، هیوای ئەنجامێکی باشت لە بەردەم دادگاییە مەسیحیەتەکەدا بۆ دەخوازین..

( ٤٣ )

حورس بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- مامۆستا ئەنتناش.

پیاوێکی چوارشانە وەژوورکەوت، ڕۆیی و لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من کاروباری نووسینم بە قیبتی گرتە ئەستۆ، چونکە لەو زمانەدا مەلەوان بووم. لە سەردەمی عەبدۆڵڵای برای خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکدا بڕیارێک دەرچوو کە زمانی عەرەبی خرایە شوێن زمانی قیبتی. بەو جۆرە من لە کارەکەم دوور خرامەوەو کابرایەکی خەڵکی "حمص" شوێنەکەی گرتمەوە. پاشان بۆمان دەرکەوت کە فەرمانڕەواکەمان، هەرچەندە بەرتیل لە ئاینەکەی ویدا حەرام بوو، بەرتیلی وەردەگرت و ئەو کابرایەش بۆ ئەو کارە بەرتیلی دابوو. دوای ئەو " قرەبن شریک " هات کە ئەمە فەرمانڕەوا و حوکمدارێکی زۆر زاڵم و ستەمکار بوو، ئەمە سووکایەتی و بێ ڕێزی بە ئاین و باوەڕی مە دەکرد، هەندێجار لە ناکاوا خۆی بە کڵێساکاندا دەکرد ونوێژو نزاکانی پێ دەبڕین.

ئەبنوم پرسی:

- ئەدی ئەو ڕێکەوتن وسازانەی لە گەڵ عەمری کوڕی عاسدا کرا کێوە چوو؟

ئەنتناش گوتی:

- حوکمداران، زۆر زوو سۆز و بەڵێنی خۆ فەرامۆش دەکەن!

ئەبنوم پرسی:

- ئەدی میللەت چی کرد؟

- ئێمە توانای بەگژا چوونەوەی دەسەڵاتی حوکمدارمان نەبوو.

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- سەد حەیف و مخابن بۆ حوکم و دەسەڵاتی فیرعەونەکان!

ئەبنوم پێی گوت:

- سەد حەیف ومخابن بۆ ئەو میللەتەی کە ئێوە لە مێژوودا سڕیتانەوە، سەبارەت بە فیرعەونەکان، زۆربەیان دەرهەق بە میللەت لە بێگانان خراتر وزاڵمتر بوون، وەک دەڵێن هەزار خۆزگە بە کفن دز!

ڕەمسیسی دووەم گوی:

- من قەبووڵ ناکەم..

لێ ئوزوریس قسەکەی پێبڕی وگوتی:

- قبووڵ کردن و قبووڵ نەکردن ئیشی منە نەک تۆ.

بێدەنگی بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو. ئەوجا ئوزوریس ڕووی لە ئەنتیناش گوتی:

- ئومێدەوارم لە بەردەم دادگای مەسیحیاندا بێ تاوان دەربچیت.

( ٤٤ )

حورس بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- دمیانە السویفیە.

ژنێکی دەستەباڵا وەژوورکەوت، چووە پێشێ و لە بەردەم عەرشدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من جووتیارێکی "بەنی سویف "م. کە بێوەژن کەوتم کوڕێکی چکۆلەم هەبوو. لەو سەردەمەدا بەرپرسی باج وخەراج ئوسامەی کوڕی یەزید بوو، کە بە زوڵم و ستەمکاری بەنێوبانگ بوو. دەستووری دابوو هەر کاهین وڕوحانیەک، موستیلەیەکی ئاسن لە قامکی بکات کە ناوی ئەوی لە سەر هەڵکۆڵرابێ، کە وەکو نیشانەی چاوپاکی لە باجگر وەرگیرابێ، هەڕەشەی ئەوەشی کردبوو، هەرکەسێک سەرپێچی ئەو دەستوورە بکات، دەستی ببڕنەوە. هەوەڵجار باجی دە دیناری بۆ هەرکەسێک بڕی بووەوە کە بە نیلدا سەفەربکات. هەل ومەرجی سەختی ژیان ناچاری کردم بە بەلەمێکی چارۆکەدار سەفەربکەم. ئیدی کوڕەکەم بە ڕێکەوت دانەوییەوە تا ئاو بخواتەوە، کە نەهەنگێک ڕفاندی وبلیتی سەفەرەکەشم بەو بوو، کە گەییمە مەزڵ، داوای بلیتیان لێکردم، سەرباری گەواهی شایەدانیش، بەریان نەدام، تا ناچار بووم هەموو دارو نەداری خۆم بفرۆشم..

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- ئاین ئیسلام و حکوم ڕومانی.

ئەبنوم گوتی:

- مەگەر چۆنها، دەنا جووتیار لە هەموو سەردەمانی تاریکیدا، جگە لە زوڵم هیچی دی نەدیتوە، ئیدی زاڵمەکە هەر ناوێکی بووبێ یان هەر نەژادێک بووبێ..

دمیانە گوتی:

- خەڵکی سەبریان سوا، بۆیە خەڵکی ڕاپەڕین، سۆڕشیان بەرپا کرد ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی خەلیفە لە دیمەشق مرد، هەنگێ ڕەوشەکە بەو ئومێدەی ئەم سیاسەتە بگۆڕێ، کەمێک هێور بووەوە.

ئەبنوم گوتی:

- خوا بە خۆشترین خەبەری خۆش جەزات بداتەوە.خوا لەزارت بنوڕێ.

ئوزوریس گوتی:

- هیوادارم لە کاتی دادگاییەکەتدا، بێ ئینسافیتلەگەڵ نەکرێ و بێ تاوان دەربچیت.

( ٤٥ )

حورس هاواریکرد:

- حاجی ئەحمەدی منیاوی.

پیاوێکی باڵابەرزی زەلام وتۆکمە وەژوورکەوت، ڕۆیی ولە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من بەڕەگ وڕەچەڵەک دەچمەوە سەرماڵباتی مخائیل منیاوی، خواوەند هیدایەتی دامو بووم بە موسوڵمان، فێری زمانی عەرەبی بووم و قورئانی پیرۆزم خەتم کرد، ئیدی خۆم بە دەرس گوتنەوەوە خەریک کرد، پاشان خواوەند دەرفەتی ئەنجامدانی فەرزی حەجی بۆ ڕەخساندم.. لەو سەروبەندەدا عومەری کوڕی عەبدولعزیز بوو بە خەلیفە. کە وەکو

خەلیفەکانی سەرەتای ئیسلام، واتە خەلیفانی ڕاشدین، ڕەفتاری دەکرد. قبتییەکان چوونە لای و سکاڵایان لە ئوسامەی کوڕی یەزید کرد، دەستووری لابردنی دا، ئەوسا گرتیان وبە قۆڵبەستراوی بۆ لای خەلیفەیان برد. بەڵام لە ڕێگەدا مرد. لە جیاتی ئەو ئەیوبی کوڕی شەرەحبیلیان دانا، کە مرۆڤێکی خواناس وبە ئینساف بوو، تۆڵەی ئەو ستەمەی بۆ قبتییەکان کردەوە کە لێیان کرابوو.

ئەخناتون لێی پرسی:

- بۆچی بوویت بە موسوڵمان؟

- ئیمان، لە ناکاوا، بێ هیچ پێشەکییەک لە دڵا دەتەقێتەوە.

ئەخناتون گوتی:

- ڕاست دەکەی، ئەوەی دەیڵێی وایە، بەڵام ئایا سروودەکانی من لەم ڕووەوە هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو؟

ئوزوریس گوتی:

- دوای هەزار ساڵ، ئەوجا ناوی تۆی بەر گوێ کەوتووە.

شا خوفو، ڕوو لە ئەحمەد گوتی:

- ڕەنگە تۆش ویستبێتت لە جزیە وسەرانە بخەلەسی!

ئەحمەد گوتی:

- هەرگیز، حەیانی کوڕی شەریح کە فەرماندەی سوپا بوو باج و سەرانەی لەوانەش وەردەگرت کە دەبوون بە موسوڵمان. وەختایەک ئەم هەواڵە

گەییە خەلیفە، ئەمری لابردنی دەرکرد وفەرمانی دا کە بیست شەلاخیشی لێبدەن. پێی گوت خوا محەمەدی وەکو ڕێنوێنیێ ناردووە نەک وەکو باجگر..

ئوزوریس گوتی:

- هیوادارم لە دادگای ئیسلامیدا، سەرکەوتوو بیت.

( ٤٦ )

حورس هاواریکرد:

- سەمعان جرجاوی.

پیاوێکی چوارشانە وەژوورکەوت، ڕۆیی و لەبەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من بابایەکی ئاسنگەر ولە بنەماڵەیەکی ئاسنگەرم. لە سەرەتای دەورانی خەلافەتی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکدا بوو کە قبتییەکان شۆڕشیان بەرپا کرد، منیش لەم شۆڕشەدا بەشداریم کرد، لە یەکێک لە شەڕەکانا گیانم لەدەست دا. حەنزەڵەی کوڕی سەفوان، سەروکاری دەکردین کە کابرایەکی ستەمکاری دڵڕەق بوو. ئەمە تەنیا باج و سەرانەی لە بەشەران وەرنەدەگرت، بەڵکو باجی لە سەر گیانلەبەرانیش دانابوو، لەبەر ئەمە دوای دامرکانەوەو تەمراندنی شۆڕشەکە تڕۆ کرا.

ئەبنوم گوتی:

- وەکو شۆڕشگێڕێکی کوڕی میللەتی خۆمان دەست خۆشیت لێدەکەم.بەڵام پرسیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە چ شتێک بووە بایسی ناکامی شۆڕشەکەتان؟

سەمعان جرجاوی بەرسڤی دایەوە:

- هێزی خەلافەت لە شکان نایەت، بەڵام ئێمە میللەتێکی داماوی بێ چەک ودەست بەتاڵ بووین وگیان و ورەی شەڕڤانیمان لەدەست دابوو. هەروەها هەندێک لەو شەڕڤانانەمان لەگەڵ نەمابوون، کە بووبوون بە موسوڵمان و بەدڵ خەلیفەیان خۆش دەویست..

ئەبنوم گوتی:

- ئەمە شەڕێک بووە لە ناوەوە، کە لەوەپێش نموونەی نەبووە.

ئۆزوریس گوتی:

- بڕۆ بۆ دادگا مەسیحیەتەکەت، بەلای ئێمەوە لە پەڕەی گوڵ پاکتری.

( ٤٧ )

حورس بانگی کرد:

- حەلیم ئەسوانی.

پیاوێکی درێژ داهۆڵ، بە خۆ وکفنەکەیەوە ڕۆیی ولەبەردەم عەرشەکە وەستا. ئۆزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من بازرگانی دانەوێڵە (عەلاف) ولە بنەماڵەیەکی گەورە بووم کە نیوەیان بووبوون بە موسوڵمان. لەو سەروبەندەدا خەلافەت کەوتە دەست بنەماڵەیەکی تازە. من هاوعەسری خەلیفەیەک بووم پێیان دەگوت ئەبو جەعفەری مەنسور، والییانی میسر لێکدا لێکدا دەگۆڕان. هیچ والییەک لە ساڵێک یان لە ساڵ وهەندێک پتر دەوامی نەدەکرد. هیچ دەرفەتێکی بیرکردنەوە لە چاکسازی نەدەرەخسا. ئیدی ڕەوشەکە زۆر خراپ بوو، قبتییەکان، لە سخا ڕاپەڕین، ڕەوشەکە هێندەی دی خراپ بوو، ئیدی هەژاری ونەداری وبەڵا وبرسیەتی هەموو کونجێکی وڵاتی گرتەوە. کار گەییە ئەوەی خەڵکی گۆشتی سەگ ومردوویان دەخوارد.

حەکیم ئەمنحوتبی وەزیری شا زوسەر لێی پرسی:

- ئەدی ڕەوشی موسوڵمانەکان چۆن بوو؟

- ئەوانیش هەمان ڕەوشی ئێمەیان هەبوو، هەژاری و نەداری ئەوانیش گەییە لوتکە، وایان لێهاتبوو، والیەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە لە شەریعەت لایانداوە. هەستی ئێمە و موسوڵمانەکان، وێڕای جیاوازی ئۆلیمان، یەکسان بوو. بەڵام هێز ودەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە هەمووان بەهێزتر بوو..

ئەخناتون گوتی:

- ئەگەر هەمووتان باوەڕتان بە خوای یەکتا هێنابا، فریاتان دەکەوت.

ئەبنوم گوتی:

- کێشەکە، کێشەی نان بووە، نەک کێشەی لاهوتی.

ئۆزوریس گوتی:

- هیوادارم تۆش لە دادگای خۆتا، ڕووبەڕووی حوکمێکی عادیلانە ببیتەوە.

( ٤٨ )

حورس بانگی کرد:

- سلێمان تادرس.

پیاوێکی دەستەبالای قەڵەو وەژوورکەوت. ڕۆیی و لەبەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من نیگارکێشێکی بەتوانا بووم، سەردەمی چوار خەلیفەم، واتە مەهدی و هادی و ڕەشید و مەئموونم دیتوە. لەم ماوەیەدا دەیان والیم بەڕێکردوون کە زۆربەیان فاسق وبەرتیل خۆر وستەمکار بوون. لە ڕۆژگار وسەردەمی واندا زۆر ڕاپەڕین بەرپا بوون کە لە هەندێکیاندا قبتیانی مەسیحی وموسوڵمان و عەرەب تێکڕا وبەهەڤڕا دژی زوڵم وەستاونەتەوەو کاریان بۆ لابردنی زوڵم و زۆر کردووە، تا مەئموون بە خۆی هات تا وەزع وحاڵەکە لە نزیکەوەوبەچاوی خۆی بدینێ، ئەو دادپەروەری وعەدالەتی بەرقەرار کرد وڕەوشی خەڵکەکە، سەرباری جیاوازی ئاینیان، چاک بوو.

ئەبنوم لێی پرسی:

- باشە تۆ لە هیچ ڕاپەڕینێکدا بەشداریت کرد؟

- نەخێر، بەڵام لە یەکێکیاندا کوڕێکم لە دەست دا.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- وا هەستدەکەم کە کاروبارەکان ئاراستەیەکی تازەیان وەرگرتبێ.

ئوزوریس گوتی:

- تۆ شایەنی لوتف وڕێزی مەیت. دەیسا بڕۆ بۆ دادگاکەی خۆت، بەخێر وسەلامەت.

( ٤٩ )

حورس بە دەنگی بەرز گوتی:

- موسای سکرتێری ئەحمەدی کوڕی تولون.

پیاوێکی درێژ وەژوور کەوت. چوو و لەبەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. هاتە قسە وگوتی:

- من بابایەکی قیبتی مەسیحیم. خوا بەهرەو زیرەکیەکی دابوومێ بۆیە والی ئەحمەدی کوڕی تولون، کردمی بە ڕازڤان وسکرتێری خۆی، ئەم پیاوە عەرەب نەبوو. لە سەردەمی موعتەمید بن متەوەکیلدا کرا بە والی و فەرمانڕەوای میسر. لە سەرەتادا کەوتە هەوڵدانی قایمکردنی جێ پێی خۆی، کارێکی وەهای کرد وەکو ئەوەی میسر سەربەخۆیی خۆی بە دەست هێنابێتەوە. تەنانەت سوریا وهەندێ بەشی ئاسیاشی خستەسەر حکومەتەکەی خۆی. ئیدی قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵی و دەستی بە ڕیفۆرم و بیناسازی وئاوەدانکردنەوەو چاکە و بەرپاکردنی عەدالەت کرد. ئیدی سێبەر وسایەی بەڕادەیەک بڵاوبووەوە کە هەموو موسوڵمانان ومەسیحیان وجوولەکەی گرتنەوە، هەمووان کەوتنە ستایشی. وەکو خەلیفەکانی

ڕاشدین، هەفتەی دوو ڕۆژی بۆ گوێگرتن لە سکاڵا ودادوبێدادی خەڵکی تەرخانکرد، تا بە دادیان ڕابگات. بۆیە کاتێ نەخۆش کەوت هەموو خەڵکی چوونە سەر کێوی " مقطم " و دوعا و نزای چاکبوونەوەیان بۆ کرد. ئیدی موسوڵمانان بە قورئانەوە، مەسیحیان بە ئینجیلەوە وجوولەکان بە تەوراتەوە.

حەکیم بتاح حوتب لێی پرسی:

- باشە قبتییە مەسیحیەکان، هیچ سوودێکیان لەو پێگەیەی کە تۆ لە لای والی هەتبوو وەرگرت؟

موسا بەرسڤی دایەوە:

- کە منی بە ڕازڤان وسکرتێری خۆی هەڵبژارد ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوە بوو کە قەناعەتی بە یەکسانی نێوان هەموو گروپ و ئاینەکان بوو. منیش گەییمە ئەو قەناعەتەی، بە دڵ باوەڕی بە یەکسانی هەیە و گومان لەو باوەڕەی نییە. تەنانەت کاتێ کە ئەندازیارانی مەسیحیم بۆ ڕۆنانی قوللە وقەڵات ومزگەوتان، بۆ دەستنیشان دەکرد، بێ لایەنانە وبە گوێرەی توانای ئەو کەسە هەڵمدەبژارد. ئەو فەرمانڕەوا وحوکمدارە دادپەروەرە، بە کۆمەکی یارمەتی دەرەکانی باشترین کەسی بە گوێرەی توانای ئەو کەسە، بۆ هەر کارێک هەڵدەبژارد.

حەکیم ئەمنحوتبی وەزیری شا زوسەر لێی پرسی:

- پەیوەندی نێوان تیرەو ئاینەکان چۆن بوو؟

- زۆر باش بوو، بەوجۆرە بوو کە دەبێت لە سایەی دەسەڵاتی هەر فەرمانڕەوایەکی دادپەروەردا وابێ. لە سەردەمی ئەوا میسر بوو بە یەک

میللەت بە سێ ئاینەوە. ئیسلام برەوی پەیداکرد و ژمارەی شوێن کەوتووانی زیادی کرد.

تحوت، کاتبی خواوەندان، مۆڵەتی خواست کە پرسیارێک بکات، وەختێ ڕێگەی درایە گوتی:

- باشە بۆچی پەتریارک میخائیل، پەتریارکی کلێسای ئەسکەندریە خرایە زیندانەوە؟

موسا، بەرسڤی دایەوە:

- تاوان، تاوانی ئەو نەبوو، ئەمە دەسیسەی مەترانێکی کینەکێش وبوغزن بوو بە نێوی سکا، کە چوو بوو بە کوڕی تولونی گوتبوو کە گوایە پەتریارک سەروەتێکی زۆری کۆکردووەتەوە وزۆر لە پێویستی خۆی زیاترە. ئیدی ئیبن تولون، داوای لێکردبوو هەندێک لە سەروەت و سامانەکەی بە دەوڵەت ببەخشێت. ئەم بویەرە وەختێک ڕوویدا کە والی خۆی بۆ ڕووبە ڕوو بوونەوەی لەشکر وسوپای بێگانە ئامادە دەکرد. پەتریارک، داوای بوردنی کرد وگوتی توانای ئەو کارەی نییە، بۆیە بە تۆمەتی خیانەتەوە لە زیندان توندکرا. بەڵام کاتێ خمارویەی کوڕی هاتە سەر حوکم، حەقیقەتی مەسەلەکەی بۆ دەرکەوت وئازادی کرد وبەڕێز و حورمەتەوە بۆ جێگاکەی خۆی گەڕاندەوە. جێگرەوەکانی ئیبن تولون، شتاقیان دەسەڵات وتوانا ودووربینی ئەویان نەبوو، ئەوانە یەک لە دوای یەک هاتن وڕۆیشتن ومیسر، بە پارێزەوە دەیڕوانیە سبەی.

ئوزوریس گوتی:

- بیوگرافیایەکی پرشنگدارت پێشکەش کرد، بڕۆ بە خێر و سەلامەت.

حورس بەدەنگی بەرز هاواریکرد:

- عەلی سندس.

پیاوێکی تۆکمەی دەستەباڵا وەژوورکەوت و چوو لە بەردەم عەرشەکە وەستا.

ئۆزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من کابرایەکی سەقا بووم. زۆربەی ژیانم لە سایەی دەوڵەتی ئەخشیدیدا بە سەر بردووە. میسر دووبارە گەڕایەوە ژێر ڕکێف ودەسەڵاتی خەلافەتی عەباسیەکان. دەیان والی، یەک لە دووی یەک حوکمداری ئەو وڵاتەیان کردو بەکەیفی دڵی خۆیان زۆڵمیان لە میسر دەکرد وهیچ کەسێکیان جیاوازی لە نێوان مەسیحی و موسوڵماندا نەدەکرد، تا ئەوە بوو کاروباری میسر کەوتە دەست "محەمەد ئەتفەیح" کە لە مەمالیکەکان بوو. لە بنەماڵە وتیرە وتایفەی پاشایانی فرغانا بوو. لە سەردەمی ئەوا میسر سەربەخۆیی خۆی وەرگرت وئەویش نازناوی ئەخشیدی (شاهنشا )ی لە خۆی نا. ئەمە لەنێو پاشایانی فرغانادا باو بوو. ئیدی دەستی ڕەتکردنەوەی بە ڕووی ئەو تەماعکارانەوە نا کە چاویان بڕی بووە میسر، لە هەر هێرشێکا – داوای یارمەتی لە مەسیحیەکان دەکرد. پاشان دەسەڵات کەوتە دەست وەزیرە خەسیوەکەی خۆی، واتە کافور کە ئەویش نازناوی ئەخشیدی لەخۆی نا، لە سەردەمی ئەوا میسر حوکمی حیجاز وشامیشی دەکرد، کافور، فەرمانبەر و

کارمەندە گەندەڵەکانی ترۆ کرد، وەزع و حاڵ لە سەردەمی ئەوا بوژایەوە وباش بوو.

ڕەمسیسی دووەم لێی پرسی:

- باشە چۆن ڕێگەتان دا، کۆمەڵێک مەملوک (کۆیلان) وخەسیوێک حوکمداری وڵاتەکەتان بکات؟

عەلی سندس بەرسڤی دایەوە:

- ئەوەی بۆ ئێمەی موسوڵمان گرینگ بوو، ئەمە بووکە موسوڵمانێکی دادپەروەر حوکممان بکات. کۆیلەیەکی دادپەروەر زۆر باشترە لە میرێکی ستەمکار..

ڕەمسیسی دووەم پرسی:

- لە کوێی دنیا، بینراوە کۆیلەیەک لە میرێک باشتر بێ؟

ئەخناتون بەرسڤی دایەوە:

- بە پەرستنی خوای یەکتادا بە دیاردەکەوێ. منیش لە ژیانی خۆما بانگەوازی یەکسانی نێوان تیرەی بەشەرم کرد، بەڵام بە شێتیان لە قەڵەم دام!

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ بۆ دادگاییە ئیسلامییەکەت، بەخێر چیت.

حورس بە دەنگی بەرز، بانگی کرد:

- ئیبن قەلاقس .

پیاوێکی کورتەباڵای کەمێک قەڵەو وەژوورکەوت، چوو لە بەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا.

ئۆزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من ئەبول فەتح نەسروڵڵای بن عەبدۆڵڵا، ناسراوبە ئیبن قەلاقسی لەخمی ئەسکەندری، ناسراو بە قازی ئەعزەم.

ئۆزوریس گوتی:

- ناوێکی زۆر درێژە، لە ناوی هەموو فیرعەونێک درێژترە. چ کارە بوویت؟

- مۆڵەتدەری ئەو کەشتیانە بووم کە لە میسرەوە دەردەچوون، بەڵام شاعیریش بووم. سەفەری مەراکیش وسەقیلیەم کرد وفەرمانڕەوایانی ئەوێندەرم مەدح کرد، هەروەها ستایشی فاتمیەکان و پاشایانی یەمەنیشم کردووە. میسر وڵاتم و ئیسلام نیشتمانم و مەدحگۆیی سەرچاوەی ڕزق ورۆزیم بوو. یەکێک لەو مەدحنامانە قەسیدەیەکمە کە بۆ یاسر بن تەلاڵم گوتووەو بەمجۆرە دەست پێدەکات:

سەفەر بکە گەر دەتەوێ دنیا ببینی

هەیڤۆک، بە جوڵان دەبێ بە مانگ

ئاویش بە ڕۆیشتنا پاک دەبێتەوە

بۆگەن دەکا گەر لە یەک شوێنا بمێنێتەوە.

ئەم شیعرەشم گوتووە:

تەمەشای هەتاو بکە کە بەسەر نیلا ئاوا دەبێ

پاش ئەوە، سووری ئاسۆیە، کە سەرسامماں دەکا.

ئوزوریس گوتی:

- باسی زەمانی خۆتمان بۆ بکە، چونکە شیعر دادگایەکی دیکەی هەیە.

ئیبن قەلاقس گوتی:

- دەوڵەتی ئەخشیدییەکان کۆتایی هات، فاتمیەکان بەبێ شەڕ دەستیان بەسەر میسردا گرت. ئەمانە قاهیرەو ئەزهەریان دامەزراند ولە سەردەمی ئەواندا، ئیدارەی وڵات باش بوو، ڕزق وڕۆزی فرە بوو. وەختێ معزلدین اللە بۆ میسر هات، گروپێک لە پیاو ماقولان وناودارانی وڵات چوون بۆلای کە یەکێک لەوانە عەبدۆڵلا بن طباطبای ئەدیب و زانای ئەو زەمانە بوو. ئەو لە خەلیفەی پرسی:

- ڕەگ و ڕەچەڵەکی (ئەسڵ و فەسڵ) سەروەرمان دەچێتەوە سەر کێ؟

خەلیفە، شمشێرەکەی تا نیوە هەڵکێشا وگوتی:" ئەمە ئەسڵ وفەسڵی منە! " ئەوسا زێڕ وەشانی کردن وگوتی: " ئەمەش خوو و خدەمە."

هەموو بە هەڤڕا گوتیان:

- فەرمانت لە سەر سەر ولە سەر چاوان.

ئەبنوم لێی پرسی:

- باشه بۆچی دوای هەرەسی دەوڵەتی ئەخشیدیان، سەربەخۆیی وڵاتی خۆتان ڕانەگەیاند؟

ئیبن قەلاقس بەرسڤی دایەوە:

- لە کاتێکا چەندین خەلیفەی موسوڵمان هەبوو وسەربەخۆیی خۆمان ڕانەگەیاند؟! بابایەکی موسوڵمان سەربەخۆیی بەلاوە گرینگ نییە، ئێمە لەو کاتەدا تەنیا فەرمانڕەوایەکی موسوڵمانی بەهێز ودادپەروەرمان دەویست، کە ئەویشمان لەنێو فاتمیەکاندا دۆزییەوە.

- ئیدی لە بەردەم شمشێر وزێڕدا ملتان کەچ کرد و بەیعەتتان داێی؟

- باشە هیچ دەوڵەتێک بەبێ ئەم دوو پایەیە دروستدەکرێ؟ ئەمە جگە لەوەی دەورانی فاتمیەکان، دەورانی گەشە ونەشەی زانست وهونەر وبونیاتنان وئاوەدانی بوو، مەسیحیەکانیش لە ئەمن وئارامی پێویست بەرخودار بوون. تەنیا زەمانی الحاکم بامر الله، لە بیر ناچێتەوە. چونکە ڕەفتار وهەڵوێستی ناکۆک وهەڤدژی هەبوو. جارێ پشتیوانی لە موسوڵمانان دەکرد و ستەمی لە قیبتییەکان دەکرد، جارێکی دی چاکەی لە گەڵ قیبتییەکان دەکرد وموسوڵمانەکانی دەچەوساندەوە. جارێکی دی هەمووانی دەچەوساندەوە. ئەنجام سەردەمی ئەو بە قات وقڕی وبرسیەتی و وێرانیەکی ئەوتۆ شکایەوە کە جەلال وشکۆی میسر بەبا ڕۆیی وخەڵکی تووشی جۆرەها مەینەتی بوون..

ئوزوریس گوتی:

- بڕۆ بۆ دادگاییەکەت، بەخێر بچیت.

حورس هاواریکرد:

- وەزیر قرقاش( قەرەقوش ).

پیاوێکی چوارشانە وەژوورکەوت، ڕۆیی ولەبەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسان بکات. گوتی:

- دەوڵەتی فاتمیەکان کۆتایی هات، دوای ئەوان سەلاحەدینی ئەیوبی هات بۆ میسر تا دەوڵەتێکی تازە بە نێو ئەیوبییان دروستبکات. ئەم دەوڵەتە یەک وەزیری هەبوو. میسر لەم دەورانەدا کۆمەڵێک ڕیفۆرمی ناوخۆیی بەخۆوە بینی. لەوانە ڕێکخستنی ئیدارە، کەم کردنەوەی باج، بەرپاکردنی عەدالەت. لە ئاستی دەرەوەشدا کۆمەڵێ دەسکەوتی فرەی بەخۆوە بینی، لەوانە یەکخستنی عەرەب، جەنگی مەسیحیانی بێگانەو سەرکەوتن بە سەریاندا، وەستانی لە بەینی دوو ئاسپا نیشانەی دلاوەری و شەهامەت ومەردی و پیاوەتی و شکۆداری بوو. سەرلەوحەی هەموو کارەکانم چاکسازی وعەدالەت بوو. بەڵام بە نەهەق ناوم بە ستەمکاری دەرچووبوو. هۆیەکەشی ئەمە بوو، بۆ ئەوەی حەسار وقەڵای قاهیرە دروستبکەم ناچار بووم هەموو ئەو خانووانە بڕوخێنم کە دەهاتنە ڕێگام. هیچ دادپەروەرێک ناناسم وەکو من بە زوڵم وزۆرداری ناوی دەرکردبێت.

تحوت، سکرتێر وکاتبی خواوەندان، دوای ئەوەی مۆلەتی خواست، پرسیارێکی لێکرد:

- ئایا بۆ دروستکردنی ئەو حەسار وقوللە وقەڵاتەی خۆت، بەردەکانی هیچ ئەهرامێکت هەڵنەکەند و بێ ڕێزیت بە پێشینیان نەکرد؟

- من ئەو بەردانەم لە دیواری شوێنەوارانی بت پەرستان هەڵکەند تا کۆمەڵێک بینای لە ڕای خوا و لە پێناوی پەیامبەرا پێ دروست بکەم..

خوفو گوتی:

- نەوەکانی دواتر، ئاینی بابیان لە بیرکرد وخەریکی خەم وخولیای ئەمڕۆی خۆیان بوون.

ئەخناتون گوتی:

- ئەوەندەیان بەسە کە ئیمانیان بە خواکەی من هێناوە.

قەرەقوش گوتی:

- ئەوانەی دوای سەلاحەدین لە ئاستی ئەودا نەبوون. ئیدی مەسیحیانی باکوور هاتن و شکۆی میسریان سڕییەوە. دمیات تیاچوو. ڕەشید ئەشکەنجە درا. پیاوان قەتڵ وعام کران وژنان دەستدرێژیان کرایە سەر. بەلام ئەوان لە ئەنجاما شکستیان خواردو بەزین وبە گوێ پچڕ گوێ پچڕ خۆیان دەربازکردو هەلاتن و ولاتی مەیان بەجێهێشت.

ئیزیس گوتی:

- ئەم دەوڵەتەش بە هەموو خێر و شەڕێکی خۆیەوە ڕۆیی.

ئۆزوریس گوتی:

- سوپاست دەکەین، بڕۆ بۆ دادگای خۆت.

حورس هاواریکرد:

-الشهاب الخفاجی.

پیاوێکی کورتەباڵای زۆر قەڵەو وەژوورکەوت. ڕۆیی تا لە بەردەم عەرشەکە ڕاوەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. کە گوتی:

- من لە سریاقوس لە دایک بووم. ئەوەندەم خوێند تا بووم بە ئەهلی ئەدەب وزمان. ئەمە یەکێکە لە شیعرەکانم:

تا بەکەی دژایەتی من دەکات

درێژەی کێشا سەبر وهەدار

نەشئە و سەرخۆشی هێندە لە من بێ خەمە

وادیارە بەڵێنەکانی وی

ئارەزووی مەحاڵە.

من لە سەردەمی مەمالیکان دەژیام، ئەو مەمالیکانەی ئەیوبیەکان لەبەر جوانی کڕیبویانن وپاشان بە باشی پەروەردەیان کردبوون تا خزمەتی خۆیانیان پێبکەن. کەچی پاشان دەسەڵاتیان بەمیرات لەوانەوە بۆمایەوە. سانانی گەورەیان تیا هەڵکەوت، کە موسوڵمانی چاک بوون. ئەوانە حەزیان لە دادپەروەری وزەبت وڕەبت وزاکونی بوو وکۆشک وتەلاری زۆریان ڕۆنا. هەر ئەوان بوون کە بەگژ تەتاراندا چوونەوەو دنیای ئیسلامیان لە سەلیبیەکان پاک کردەوە، بەڵام وێڕای ئەمەش زۆربەیان خەڵکی فاسیق

وچاوچنۆک بوون، خەڵکی لەسەر دەستی وان تووشی ڕەنج و چەرمەسەری و هەژاری وداماوی بوون.

تحوتمس گوتی:

- تەسەورم نەدەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان مەمالیکش (کۆیلە) سەردەم و ڕۆژگارێکیان هەبێت.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- تۆ دەربارەی ڤیان شیعرت گوتووە، باشە دەرد ورەنجی خەڵکیقەت ویژدانی شیعریتی نەجوڵاند؟

الشهاب الخفاجی گوتی:

- لە نامە ونووسراوێکا دەربارەی خەڵک گوتوومە: " خەڵکانی مەرد وڕەند، بە ورە و هیمەت هەموو ڕۆیشتن، تەنیا ئەوانە ماونەتەوە کە شانازی بە پینە وپەڕۆوە، بە ڕۆحی شووم و بە ئاقیبەتی گازاندە ئامێز و بە خەلیفەی بایەقوشەوە دەکەن، بەڕاستی سەبر وهەدار درێژەی کێشا، ئاسمان زۆر بە سەر زەویدا گریا کە خۆشەویستی لە دەست دابوو، هەوران بە ناڵەناڵ گریان، بەو جۆرە سەدان ساڵ بە دەم دەردو ڕەنجەوە بە سەر میللەتی میسردا تێپەڕی. ئەگەر ئیسلام نەبووایە، هەمووان تیا چووبوون..

ئەبنوم لێی پرسی:

- ئەدی چیت سەبارەت بە مەمالیک گوتووە؟

- توانای ئەوەم نەبوو ملی خۆم بخەمە بەر تیغی وان!

حەکیم ئەمنحوتب لێی پرسی:

- باشە ڕۆڵی ئەو ئیسلامەی کە باستکرد، چ بوو؟

- هەندێک لە پیاوانی ئاینی، ئازا وبوێر، جارجار بە گژ زاڵماندا دەچوونەوە وداکۆکیان لە مەزڵوومان دەکرد وهەندێجار لەم کارەیاندا سەردەکەوتن. ئیدی بێنەوایان جۆرەها هیوا وئومێد و تەسەلایەکیان بە ئاینی وان پەیدا دەکرد..

ئۆزوریس، تەمەشایەکی ئەوانەی کرد کە دادگاییان تەواو بووبوو و لە ڕیزی نەمرانا و لە سەر کورسیەکانیان دانیشتبوون، گوتی:

- بەڕێزینە، من هەست بە خەمینی وتووڕەیی ئەنگۆ دەکەم. حەزدەکەم ئەوەتان پێ بێژم ئەم دادگایە کە لە کارەکانی بووەوە، داوا لە هەر دوو دادگای مەسیحیەت و ئیسلام دەکات، کە توونترین سزا بە سەر هەموو ئەو فەرمانڕەواو حوکمدارانەدا بسەپێنێ کە تەختی پاشایەتی فیرعەونەکانیان گرتووەتە دەست.

ئەوجا، تەمەشایەکی الشهاب الخفاجی کرد وگوتی:

- بڕۆ بۆ دادگاکەی خۆت، تۆ لە لای ئێمە نە مەحکوومی نە تەبرێ و بێتاوان. بەخێر چیت.

( ٥٤ )

تحوت، کاتب وسکرتێری خواوەندان گوتی:

- کاتێ دەوڵەتی مەمالیک کۆتایی هات، میسر وەکو دەسکەوت کەوتە دەستی دەوڵەتی عوسمانیان. دوای ئەوە سەدان پاشا بە ناوی والییەوە

حوکمداری میسریان کرد. سوپای عوسمانی و پاشماوەی مەمالیکەکانیش لەم کارەدا بەشدار بوون. وڵات، جگە لە هەندێک قۆناغی کەم خایەن وڕەوتەنی، ئاسایش وئارامی وپێشکەوتنی بە خۆوە نەبینی. پاشان ناکۆکی ودژایەتی کەوتە نێوان هێزە دەسەڵاتدارەکانەوە، تیرۆرو کینەکێشی بڵاو بووەوە، میللەت لە خەم و پەژارە و نەزانی و ملکەچیا نقووم بوو، ئەم ڕەوشەش چەند سەد ساڵێکی دی بەردەوام بوو.

***

حورس هاواریکرد:

- عەلی بەگی گەورە.

پیاوێکی باڵابەرزی بە گوڕ وتین، وەژوورکەوت. بە خۆ وکفنەکەیەوە ڕۆیی تا لەبەردەم عەرشەکەدا گیرسایەوە.

ئوزوریس گوتی:

- تۆ یەکەمین فەرمانڕەوای بێگانەی کە بۆ دادگەی مە بانگ دەکرێی. چونکە سیاسەتی تۆ ئەنگیزەیەکی میسری ئاشکرای هەبوو، میسرچیاتیەکی ئەوتۆت کردووە کە پێشتر نەبینراوە. بۆیە داوات لێدەکەم قسەی خۆت بکەیت.

عەلی بەگی گەورە گوتی:

- من لە ئەسڵدا لە مەمالیکی ئیبراهیم کخیا بووم. لەبەر ئازایەتی خۆم هەڵبیبژاردم و ئیدی بووم بە یەکێک لە بەگە کەمەکان وپاشان بەرز بوومەوە و بووم بە ڕدێن سپی و گەورەی وڵات، هەنگێ بیرم لەوە کردەوە کە میسر، لە دەوڵەتی عوسمانی جیا بکەمەوە، ئەو کارەم بۆ چووە سەر، خێرا

باجم کەم کردەوە، عەدالەتم بەرپا کرد، بە ئەمانەتەوە حوکمی ئیسلامم جێبەجێ کرد، بەوجۆرە خەڵکی میسر لە نیعمەتی ئیسلام و ئەمن وئەمان بەرخوردار بوو. موسوڵمانان لە گەڵ مەسیحیان و جوولەکاندا بە هەڤڕا دەژیان. بە جۆرێ پەرەم بە دەسەڵاتی خۆم دا، کە نیمچە دوورگەی عەرەبی و شام ونوبەشی گرتەوە. خۆ ئەگەر خیانەتی ئەبو زەهەب، کە یەکێک بوو لە مەمالیکانی نزیکی خۆم، نەبوایە، میسر چارەنووسێکی دیکەی دەبوو. جوامێرانە مردم و جوامێرانە ژیام..

ئەخناتون هاتە زمان ولێی پرسی:

- ئایا، جیاکردنەوەو خۆییبوون کردنی میسر، بە مانای پارچەپارچە کردنی یەکێتی ئیسلام وەکو ئاینی خوای یەکتا، نەبوو؟

عەلی بەگی گەورە گوتی:

- عوسمانیەکان، لە ژێر پەردەی درۆینی ئاینی ئیسلامدا، زوڵم وزۆر وگەندەڵییان دەکرد. بەڕاستی دەرد ورەنجی میسریەکانم لەبەر گران بوو، ئیدی هیچ ڕێگەیەکم بۆ بەختەوەری میسریەکان شک نەدەبرد جگە لە ئیسلامی ڕاستەقینە ورزگاربوون لە چنگی عوسمانیەکان.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- سوپاست دەکەم کە هەندێ بەشی ئیمپراتۆریەتەکەی منت گێڕاوەتەوە.

ئەمنمحعەتی یەکەم گوتی:

- حەیفێ کە سوودت لەو ئامۆژگاریەی من وەرنەگرت کەپشتی پیلانێک تۆمارم کردبوو! ئەم پیلانە لە کۆشکەکەی منا وبە دەستی نزیکترین کەس لە منەوە سازکرا کە زۆری نەمابوو، سەری من بخوات وتیا بچم.

عەلی بەگی گەورە گوتی:

- ئەلهەق من ئەوەم نەبیستبوو، بۆ من ئەوەی لە کتێبی خواو لە سوننەتی پێغەمبەرەکەیا هاتبوو، بەس بوو، بەهەرحاڵ دووربینی و پارێز، قەدەر ناگێڕێتەوە.

ئوزوریس گوتی:

- تۆ لەلای ئێمە شایستەی نەمریت، ئەمە لە تەزکیەکەتا تۆمار دەکەین.

( ٥٥ )

حورس بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- بەڕێز عومەر مکەڕەم.

پیاوێکی میانەباڵای شووش وباریک خۆی وەژووراکرد، بە کفنەکەیەوە ڕۆیی، لەبەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من لە ئەسیوت لە دایک بووم. دەرسی زانست وئەخلاق وئاینم لە لای خەڵکانی بژاردە خوێندووە. پاشان کاری چاودێریم گرتە ئەستۆ، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووم لە هەنبەر بەهێزانا بوەستمەوەو بەرگری وبەرەڤانی لە میللەتی زەحمەتکێشی میسر بکەم. کاتێ فەرەنساییەکان بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەمان هاتن، داوام لە میللەت کرد ئامادەی بەرگری وجەنگ بن، خۆیشم فەرماندەیی کۆمەڵێک شەڕڤانم لە ئەستۆ گرت. بەڵام لەشکرەکەمان شکستی هێنا وفەرەنساییەکان قاهیرەیان گرت. منیان بۆ ئەندامیەتی

بەڕێوەبەرایەتی وڵات هەڵبژارد، بەڵام من ڕەفزم کرد، بۆ سوریا چووم و هەرچی ماڵ و موڵکم هەبوو هەموویم بەجێهێشت کە پاشان هەمووی بە تالان برا.

کاتێ فەرەنساییەکان سوریایان گرت، ناپلیون بەڕێزەوە بۆ میسری گەڕاندمەوە، بەڵام من کونجی ماڵەکەی خۆم گرت و گۆشەگیریم هەڵبژارد.کاتێ قاهیرە ڕاپەڕی من لە ڕیزی پێشەوەی ڕاپەڕینەکەیانەوە بووم.کاتێ ڕاپەڕینەکە بەوپەڕی توندی سەرکوتکرا و دامرکێنرایەوە بۆ جاری دووەم لە میسر ڕۆییم و تا فەرەنسییەکان وڵاتیان بە جێ نەهێشت نەگەڕامەوە. بۆ جاری دووەم ڕابەرایەتی شۆڕشم دژی مەمالیکەکان و دژی والی تورک، لە ئەستۆ گرت. بەیعەتم بە فەرمانڕەوایەکی دیکەدا، کە هەستم کرد دەگەڵ میسرییەکاندا هاوسۆزە ولایەنگری عەدالەت وڕاستیە. پاشان لەم فەرمانڕەوایەش هەڵگەڕامەوە، چونکە قسە وبەڵێنەکانی خۆی نەبردە سەر وژێوان بووەوە. ئەویش منی نەفی کرد و ئیدی ژیانم لە تاراوگە تەواو بوو.

ئەبنوم هاتەگۆ وگوتی:

- تۆ یەکێکی لە ڕۆڵەکانی میللەت، ژیانی خۆت بۆ بەرگری لە میللەت تەرخان کردووە، بۆ یەکەمجار لە دوای شۆڕشە پیرۆزەکەی من، بۆ شۆڕشت هانداون، دژی حوکمدارانی بێگانە هەستاویت، بە پشتیوانی گەل حوکمدارێکی تازەت داناوە. پێم بێژە ئایا ئەم حوکمدارە تازەیە لە ڕۆڵەکانی میللەت بوو؟

بەڕێز عمرمکرم بەرسڤی دایەوە:

- نەخێر. بەڵام موسوڵمان بوو وپێدەچوو دادپەروەر بێ.

- حەیفێ، باشە بۆچی خۆت جڵەوی دەسەڵاتت نەگرتە دەست؟

- دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی قبووڵ نەدەکرد..

- دیسان دەیڵێمەوە، حەیفێ!!..

ئەخناتون گوتی:

- ڕەنگە تۆ یەکپارچەیی ئیسلامت، وەکو ئاینی خوای یەکتا بەلاوە مەبەست وگرینگ بووبێ؟

بەڕێز عمر مکرم بەرسڤی دایەوە:

- بەڵێ من وەکو کەسێکی ئیماندار بە خوا وبە پێغەمبەر، یەکپارچەیی ئیسلامم وەکو ئۆلی خوای یەکتا، مەبەست بوو.

ئیزیس گوتی:

- بەهەرحاڵ من بەم کوڕە خۆشحاڵم.

ئۆزوریس گوتی:

- تۆ شایستەی ئەوەی لە ڕیزی نەمراندا بیت، ئەمەت لە پشتگیرینامەکەماندا بۆ تۆمار دەکەین.

**

پەراوێز:

١- عمر مکرم بن حسین الاسیوطی ( ١٧٥٠ – ١٨٢٢ ): یەکێکە لە ڕێبەرە ڕۆحانی (ئاینی) وخەباتگێڕەکانی میسر کە لە ئەزهەر خوێندوویەتی وچەندین جار دژی ئینگلیز و فەرەنساییەکان ڕاپەڕیوە. دەڵێن ئەو زەمینەی

بۆ حکومەتایەتی محەمەد عەلی پاشا فەراهەم کردووە. بەڵام محەمەد عەلی پاشا پشتی ئەوەی دەگاتە دەسەڵات، ئەوی بۆ دمیات دوور خستووەتەوە. خەبات دژی داگیرکەری بێگانە وزوڵم و زۆرداری ناوخۆ، گرینگترین تایبەتمەندی ژیانی " عمر مکرم " ی شۆڕشگێڕ بوو. دەورێکی زۆر گرینگی لە هاندان ودنەدانی ڕوحانیەکاندا، بە تایبەتی دامەزراوەی ئەزهەر، هەبوو تا دژی هێزە بیانیەکان ڕاپەڕن.

( ٥٦ )

حورس هاواریکرد:

- محەمەد عەلی پاشا.

پیاوێکی تۆکمەی بەژن وباڵا ڕێک وەژوورکەوت، ڕۆیی تا لەبەردەم عەرشەکە وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من لە شاری قولە هاتوومەتە دنیایێ وبە هەتیوی گەورە بووم، کە گەورە بووم، چوومە ڕیزی سوپاوە، پاشان بۆ شەڕی فەرەنسیەکان بۆ میسر چووم. کاتێ فەرەنسیەکان میسریان بەجێهێشت کەوتمە هەڵسەنگاندی بارودۆخەکە وبیرکردنەوە لە ئایندە. ئیدی بێ توانایی عوسمانیەکان وهۆڤیگەری مەمالیکەکانم بۆ ئاشکرا بووبوو. من سەرنجم لە سەر هێزی سێیەم گیرسایەوە، کە کەس حیسابی بۆ نەکردبوو، ئەویش هێزی خەڵکی میسر وڕێبەرەکانیان بوو. بڕیارم دا، پەیوەندیم لە گەڵیاندا باش بکەم، بەو ئومێدەی ببنە ئەو هێم وبناغەیەی کە بتوانم دەوڵەتێکی تازەی لە سەر

ڕۆبنەم، دەوڵەتێک بتوانێ ڕابردووی شکۆداری وڵات ببوژێنێتەوەو زندووی بکاتەوە.

ئەم کارەم زۆر بەچاکی بۆ چووە سەر. بە ڕادەیەک سەرکەوتم کە خەڵکی میسر والییە تورکەکەیان لە سەر تەخت لابردو، لە جیاتی ئەو بەیعەتیان بە من دا. ئیدی بابی عالی (دەرباری عوسمانی) ناچار ملی بۆ واقیع دا و ڕێگا بۆ من تەخت بوو. من دەست بەکار بووم و تا کۆتایی تەمەن دەستبەردار نەبووم. لە مەمالیک وشەڕی مەمالیک خەلەسیم. بابی عالی ئەمریان پێکردم کە بە گژ وەهابیەکانی نیمچە دورگەی عەرەبیدا بچم. بە سەریاندا سەرکەوتم. سوپایەکم لە میسرییەکان دروستکرد وسودانم داگیرکرد. ئیسماعیلی کورم لەم شەڕەدا کوژرا، منیش لە تۆڵەی ئەودا بیست هەزار کەسم لە دژمن کوشت. ئیدی قوتابخانە وکارخانەم بۆ سوپا دامەزراند، بە کۆمەکی پسپۆڕانی فەرەنسی هێزێکی دەریاییم دامەزراند. ڕیفۆرم وچاکسازیشم پشتگوێ نەخست. بەروبوومی تازەی کشتوکاڵیم هێنایە وڵات، وەکو لۆکە و نیلە و ئەفیون، دار ودرەختم ڕواند، باخچەم دامەزراندن. قوتابخانەم بۆ نوژداری دامەزراند، خەستەخانانم کردەوە، گەنجانی وڵاتم بۆ خوێندن بۆ فەرەنسا ڤرێکرد، کاروباری کارگێڕی و ئەمن و ئاسایشم ڕێکخست، یەکێک لە کارە باش وزندووەکانی سەردەمی من، کردنەوەی کەناڵێن گەورەی خێرخوازی بوو. یەکەم چاپخانەم لە ڕۆژهەڵاتا بە ناوی چاپخانەی "بولاق" دامەزراند. بابی عالی داوایان لێکردم لە جیاتی دەوڵەتی عوسمانی لە مورەو شام بجەنگم. سەرکەوتنی ئەوەندەگەورەم بە دەست هێنا کە خودی بابی عالیش ترسی لێنیشت، داوای لێکردم ئەو شەڕانە ڕابگرم، بەڵام من درێژەم بە شەڕ داو خەریک بوو پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بگرم، بەڵام وڵاتانی بیانی کەوتنە بەینەوە، چونکە

دەترسان دەوڵەتێکی ئیسلامی تازە لە سەر دەستی من بێتە دامەزراندن، ئیدی وڵاتان دژی من وەستانەوە. ناچاریان کردم گوێڕایەڵی بابی عالی بکەم، لە هەنبەر ئەوەی میسر بە میرات لە قەبەڵی بنەماڵەی من بکات. ئیدی ناچار بووم، سوپا و زۆرێک لە قوتابخانە و کارخانەکان هەڵوەشێنمەوە. ڕەوشی وڵات ڕۆژبەڕۆژ خراتر دەبوو، چونکە نەمدەتوانی تەحەمولی ئەم ئاقیبەتە بکەم، ئەقڵم لە دەست داو، پاشان ژیانیشم لە دەست دا..

خوفو گوتی:

- هەرچەندە ئەسڵیان بێگانە بوو، بەڵام وەکو ئەوە بوو ماڵباتێکی فیرعەونی تازەیان دامەزراندبێ.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- تۆ ئیمپراتۆریەتەکەی منت ژیاندەوە. من شایەدی ئەوەت بۆ دەدەم،کە ڕابەرایەتیەکی شایستەت کردووە، بەڵام لە ژیانی خۆتا، ئەم شایستەگییەت لە دەستدا، بۆیە ئیمپراتۆریەکەت، یەکێکە لە ئیمپراتۆریەتە هەرە کەم تەمەنەکانی مێژووی میسر. من سەرم لەوە سوڕماوە چۆن بیست هەزار کەست لە تۆڵەی کوڕەکەت کوشتووە. وا دیارە تۆ هیچت دەربارەی سیاسەتی حەکیمانەی من لە سەر میللەتانی داگیرکراو، نەبیستووە؟

محەمەد عەلی گوتی:

- نەخێر، نەم بیستبوو. هەڵبەتە هیچ کەسێک گوێی بەو شوێنەوارانە نەدەدا کە لە دووی تۆ بە جێ مابوون، تا ئەوە بوو زانایانی فەرەنسی هاتن، کەشفیان کردو ڕازەکانیان کردنەوە، ئەوسا خەڵکی ئاوڕیان لێدانەوە.

بەڵام من حیکمەتی تایبەتی خۆم لە مامەڵە و بەرخوردی ڕاستەوخۆم لە گەڵ بەشەراندا، هەڵدەهێنجا..

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- من دان بە گەورەیی تۆدا دەنەم. شایەدیت بۆ دەدەم کە پیاوێکی گەورە بوویت، لە بەر ئەوە لە غرووی تۆ تێدەگەم. ئەگەر ئەو کۆتاییە لەزگین وخەفەتبارەی ئیمپراتۆریەکەت نەبوایە، حەزم دەکرد بتبورم. ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە ئیدراکی تۆ وێڕای هۆشمەندیت نوقسان بووە. لە ڕەهەندەکانی هەڵوێستی نێودەوڵەتی حاڵی نەبوویت، بۆیە بە گژ هێزێکا چوویتەوە کە باریت نەبردووە، دەرەقەتی نەهاتوویت.

- لەو باوەڕەدا بووم کە فەرەنسا تا سەر لەگەڵم دەبێت..

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- ئەمە پاکانەت بۆ ناکات و کورت بینییەکەت ناسڕێتەوە.

محەمەد عەلی گوتی:

- دەرفەتێکی زۆر لە بار هەڵکەوتبوو، تا لە میسری جەوانەوە، دەوڵەتی ئیسلام تازە بکرێتەوە.

ئەخناتون گوتی:

- من لەمە تێدەگەم. من دەست خۆشی ئەوەت لێدەکەم،کە تەماحی ئەوەت هەبووە، دەوڵەتێکی یەکگرتووی یەکپارچە دروستبکەی..

شا خوفو گوتی:

- خۆزگە، هەموو بلیمەتی وخەونەکانت بۆ بەهێز کردنی میسر بەگەڕ بخستبایە و بەوەندە قەناعەتت بکردبایە.

ئەبنوم گوتی:

- باوەڕی تەواوت بە میللەت نەبووە، خۆشەویستیت بۆ خەڵکی بەو ڕادەیە نەبووە، کە هەوڵ وتێکۆشینی ڕاستەقینەی خۆت بۆ پاراستن وژیاندنەوەی میسر تەرخان بکەی. تۆ جووتیارانت لە پێناوی خاک ودەوڵەتا بەکار بردووە، لە کاتێکا دەبوا هەموو دام و دەزگا وئورگانەکانت بخستبایە خزمەتی میللەتەوە، بەڵام هیچ کەسێک بەم شێوەیە بیر ناکاتەوە مەگەر کەسێک وەکو من بێ.. بەڵام بەهەرحاڵ من هەرگیز ئەو فەزڵەی تۆ لە بیرناکەمکە جووتیارانت هێناوەتە مەیدانی کارگێڕی و سیاسەت و سوپا وزانستەوە..

لێرەدا ئیزیس هەڵیدایە وگوتی:

- لەبەر ئەو هۆیانە، من ئەم حوکمدارە بێگانەیە بە یەکێک لە کوڕەکانی خۆم دەزانم.

ئوزوریس گوتی:

- ئەگەر ئەم دادگایە دەسەڵاتی یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی تۆی هەبوایە، بێگومان ڕەخنەیەکی توندی لێدەگرتیت وسەرزەنشتێکی توندی دەکردیت. بەڵام پاشان هەقی ئەوەی دەدایتێ کە جێگات لەناو نەمراندا بێ. بەهەرحاڵ ئێمە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە تۆ بۆ دادگا ئیسلامیەکەت بەرزدەکەینەوەو ئاماژە بۆ کارە شکۆدارەکانت دەکەین و ئەو ڕاپۆرتە دەکاتە پاڵاوتنی تۆ لەلایەن میسر و خواوەندانی میسرەوە.

**

پەراوێز:

١- محەمەد عەلی پاشا ( ١٧٦٩ – ١٨٤٩ ) لە ساڵی ١٨٠٥ وە تا مرد والی میسر بوو. ئەم پیاوە بە دامەزرێنەری میسری نوێ دەژمێردرێ. محەمەد عەلی پاشا، لە داک و بابەوە ئەلبانیە، لە شاری کاڤالای ویلایەتی رومیلی، کە ئەمڕۆکە کەوتووەتە نێوان ستانی مەقدونیای ڕۆژهەلاتی، وتراکیای ولاتی یونانەوە، لە دایک بووە. محەمەد عەلی پاشا لە سوپای عوسمانیدا فەرماندە بوو، کە پلەی والی وەرگرت خۆی کرد بە سوڵتان وخودانی میسر وسودان. شۆرەت ونێوبانگی ئەو لەوەوە پەیدا بوو کە لە وارێن سوپا و ئابووری و کەلتوریدا، ڕیفۆرم و چاکسازییەکی زۆری لە میسرا کرد. جگە لە میسر حوکمڕانی دەڤەری شامیشی دەکرد. ئەو ماڵبات وبنەماڵەیەی ئەو دروستیکرد تا شۆڕشی ساڵی ١٩٥٢ ی میسر، حوکمڕانی ئەو ولاتەی دەکرد.

( ٥٧ )

حورس هاواریکرد:

- ئەحمەد عورابی.

پیاوێکی بالا مەیلەو بەرزی، بەهەیبەت و ویقار وەژوورکەوت. ڕۆیی تا لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- كە منداڵ بووم لە گوندەكەی خۆمانا، "الشرقیە" قورئانم خەتم كرد. لە تەمەنی چواردەساڵیدا، چوومە ڕیزەكانی سوپاوە، ئیدی لە سوپادا مامەوە تا گەییمە پلەو پۆستی یاریدەدەری فەرماندە، من یەكەم میسری بووم كە گەییمە ئەم پلە وپایەیە. لەو سەروبەندەدا پلە وپۆستە گەورەكان زیاتر وەقفیچەركەسەكان بوو. خەڵكی میسر لە وڵاتەكەی خۆشیا قەدری نەبوو، توانیم هەندێك لە هاوڕێكانم بێنمە ڕەدا، كە داوای لادانی وەزیری جەنگ بكەن، چونكە چەركەسی بوو، ئیدی لە سەر ئەم هەڵوێستە گرتیانین. ئیدی سەربازە نیشتمانپەروەرەكان ڕاپەڕین ودەسەڵاتی سوپاییان ناچار كرد ئازادمان بكەن. كە هەستم كرد، میللەت لە سایەی چ زوڵم وزۆرێكا دەژی، سوپام بەرەو كۆشكی عابدین جوڵاند وداوام لە خدیوی میسر كرد كە ئەم كابینەیە هەڵوەشێنێتەوەو ئەنجوومەنی نوێنەران دابمەزرێنێ. پێی گوتم: " وەختێك من ئەم تەخت و تاجەم وەرگرتووە كە ئێوە كۆیلە بوون و ئێمە بەزەییمان پێتاندا هاتووەتەوە و لوتفمان لە گەڵدا كردوون. " منیش پێمگوت: " خوا بە ئازادی دروستی كردووین، ئێمە نە بەشە میرات ونە موڵك وماڵی هیچ كەسێك نین. بەخواداری خواوەندی تاق و تەنیا، لەمڕۆ بە دواوە نە دەبینە بەشە میراتی كەس ونە دەبین بە كۆیلەی هیچ كەسێك. " ئیدی بەسەر دژمنانی گەلدا سەركەوتین وئەنجوومەنی نوێنەران و كابینەیەكی نیشتمانیمان دامەزراند، دوای ئەوە دەولەتانی بیانی هاتنە مەیدان تا بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان، نەیەڵن خەڵكی میسر خۆیان ببن بە خودانی خۆیان و بەخۆیان كاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن. خدیوی میسر و هەندێك لە كاربەدەستانی هەلپەرست خیانەتیان لە نیشتمان كرد، دەگەڵ ئینگلیزی دژمنماندا ڕێكەوتن ودەستیان تێكەل كرد، ئێمەش بە هەموو ئیمكاناتێكی خۆمانەوە داكۆكیمان لە نیشتمانی خۆمان

کرد، بەڵام شکستمان هێنا، گیراین و حوکمدراین و دوور خراینەوەو دەست بەسەر ماڵ وموڵکماندا گیرا.

شا خوفو هاتە قسە وگوتی:

- بەڵام تۆ بەگژ کەسێکا چوویت کە لەسەر تەختی پاشایەتیدا دانیشتبوو و بە زمانێک قسەت لەگەڵدا کردبوو، کە بەو زمانە قسە لەگەڵ پاشادا ناکرێت!

ئوزوریس گوتی:

- پاشا، ڕۆژگار گۆڕاوە، ئەو زەمانە بەسەر چووە کە پاشایان بە نوێنەرایەتی خواوەند حوکم بکەن. حکومەتایەتی ئێستا دەبێ لە گەڵ میللەتا بە شەریکایەتی بێت.

خوفو گوتی:

- شەریکایەتی جووتیاران لە حوکما، دەبێتە مایەی ئاژاوە وهەرا وهەنگامە.

ئەبنوم گوتی:

- ئەمە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە دنیای حوکمڕانیا. مایەی خێرە.

ئەحمەد عورابی گوتی:

- خدێو ودەست وپێوەند وپیاوەکانی هەموو بیانی بوون.

شا مینا گوتی:

- یەکێتی و یەکپارچەیی میسر، بەو خەڵکە جۆراوجۆرانەوەیە کە تێکەڵاوی یەکدی بوون ولەیەک وڵاتا دەژین وهەمووان دڵسۆزانە لە خزمەتی تەخت وتاجی پاشایەتیدان.

ئەحمەد عورابی گوتی:

- من تەنیا دژی ئەوانە بووم کە ئەم تێکەڵاوبوونەیان نەدەویست، بەڵگەشم ئەوەیە حیزبەکەی من پڕە لە نیشتمانپەروەرانی چەرکەسی.

ئەبنوم لێی پرسی:

- باشە بۆچی خدێوت نەکوشت ومالْباتێکی تازەت لە جەماوەری خەڵکی نەهێنایە سەر حوکم؟

- مەبەست وئامانجی من ڕزگارکردنی میللەت وبەشداریکردنی میللەت بوو لەم مەسئولیەتەدا..

ئەبنوم گوتی:

- کوشتنی باشتر بوو، بەڵام بەهەرحاڵ هەر چۆنێ بێ فەزڵی ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە کە داکۆکیت لە مافی میللەت کردووە..

تحوتمسی سێیەم هاتە زمان گوتی:

- ئەو هەڵوێستە پێویستی بە فەرماندەییەکی سوپایی زۆر بلیمەت و کارامە هەبووە کە مخابن، تۆ ئەوەت تیا نەبووە.

ئەحمەد عورابی گوتی:

- من هەموو هەوڵێکی خۆم دا.

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- دەبوایە تا مردن لە گەڵ سەربازەکانتا بجەنگیتایە.

ئەبنوم گوتی:

- دەبوایە، هەموو دژمنەکانت لەنێو ببردایە، بۆ ئەوەی خیانەتت لە بێشکەدا خەفە بکردبایە.

ئەخناتون گوتی:

- تۆ پیاوێکی میهرەبان ودڵپاکی. بۆیە هەمان نسکۆی هەموو دڵپاکانت بەسەر هاتووە.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- تۆ لە پێناوی ئازادی میللەتا شۆڕشت کرد، کەچی لە ئەنجاما، داگیرکەری بێگانەت کرد بە کوێخا بە سەریانەوە..

لێرەدا ئیزیس هەڵیدایە وگوتی:

- ئەمە کوڕێکە، دڵی بە نیاز ونیەتێن باش ئاوا وئاوەدانە، بە هەموو توانایەکی خۆیەوە میللەتی خۆی خۆش ویستووە. دژمنان دژی وەستانەوە، ڕاستە شۆڕشەکەیان دامرکاندەوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی ئەو تۆوە وشک بکەن کە ئەو لەم خاکە پاکەدا دای چاند.

ئوزوریس گوتی:

- من تۆ بەو ڕوناکیە دەزانم لەو تاریکیەدا هەڵاتی کە باڵی بەسەر وڵاتەکەتا کێشابوو. لە ژیانا، سزای ئەوەت کێشا، کە لەگینە بە باج وکەفارەتی هەڵەکانت حیساب بکرێ. هیوادارم لە دادگای ئاخیرەتا، خێر

وبەرەکەتت بێتەڕێ. ئێمە درێغی لە باسکردنی فەزڵ و پیاوەتی تۆ ناکەین، کە بەهەق شایستەی هەر مەدح وستایشێکی.

**

پەراوێز:

١- ئەحمەد عورابی پاشا: (١٨٣٩ – ١٩١١ ) ، یەکێکە لە ڕابەرە نێودار و نەتەوەییەکانی میللەتی میسر، کە ڕابەرایەتی شۆڕش وڕاپەڕینی ئەفسەرانی کردو بۆ یەکەمجار دەوڵەتێکی مودێڕنی لەم وڵاتەدا بە سەرۆکایەتی مەحموود سامی ئەلباردوی هێنایە سەرکار، خۆی لەم حکومەتەدا پۆستی وەزیری بەرگری وەرگرت. پاشان ئینگلیزو فەرەنساییەکان هێزی دەریاییان نارد وخوازیاری لابردنی ئەم دەوڵەتە بوون و شەڕێکی گەورەیان هەڵگیرساند کە بە سەرنگۆنی حکومەتەکەی ئەلبارودی شکایەوە. ئینگلیزەکان لە کۆتاییدا ئەحمەد عورابییان دادگایی کردو بۆ هەتا هەتایە ڕەهەنەی "سیلان " یان کرد. دوای ساڵانێکی زۆر بۆ میسر زڤڕییەوە وئەنجام لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد.

٢-چەرکەس: میللەتێکی قەفقازی هاوڕەگەزی گورجیەکانن، لە کۆماری ئادیغەی ڕووسیا و لە تورکیا ئاکنجین. چەرکەسەکان، بە زمانی چەرکەسی، کە سەر بە گروپی زمانانی قەفقازی باکووری ڕۆژئاوایە، قسە دەکەن وزۆربەیان موسوڵمانی سوننە مەزەب و شوێنکەوتووی ڕێبازی حەنەفین. لە زەمانی عوسمانیا، بە تایبەتی لە سەدەی هەڤدەدا، کۆیلە چەرکەسەکان، گەیینە پۆستی باڵا لە دام ودەزگای حوکمڕانی عوسمانیا. دواتر، نەوەکانی ئەم شەپۆلە موهاجیرە چەرکەسیانە بەرەبەرە بوون بە تورک زمان وئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی تورک زمانی تورکیا، بە ئەسڵ ئاسیایی چەرکەس ولاز وگورجین.

٣- کۆشکی عابدین: بارەگا ونووسینگەی کاری ئەسڵی سەرۆک کۆماری میسرو، یەکێکە لە مەکۆ ئەسڵیەکانی ژیانی سەرۆککۆمار وخانەوادەکەی. تا

پێش کودەتاکەی ١٩٥٢/٧/٢٣ ز کۆشکی عابدین، شوێنی ژیانی خانەدانی سەڵتەنەتی میسر بوو. ئەم کۆشکە یەکێکە لە بینا مێژووییەکانی شاری قاهیرە، لە شەقامی قەسری نیل ولە ناوەندی شاردایە. محەمەد ڕەزا شا پەهلەوی، دوایین پاشای ئێران لە بەرواری ١٩٣٩/٣/١٥ زەماوەندی دەگەڵ فەوزییەی کیژی شای میسرا کردولە ٧/مرداد/ ١٣٥٩ خورشیدی لە هەمان کۆشکا ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەنجام درا.

٤-خدیو: ئەمە نازناوی حوکمدارانی میسری سەردەمی عوسمانی بوو. پۆستی خدیو بالاترین پۆستی حکومەتی و تەقریبەن هاوتای سەرۆک وەزیران بووە. یەکەم کەس کە ئەم پۆست و نازناوەی وەرگرت، خدیو ئیسماعیل بوو، دوای ئەو ئەم نازناوە بۆ بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشا مایەوە.

( ٥٨ )

حورس بەدەنگی بەرز گوتی:

- مستەفا کامیل.

پیاوێکی گەنجی بەژن وبالا ڕێک وڕوخسار جوان وەژوورکەوت، بە سەری کۆت و پێی خاوس ڕۆیی، لە بەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من هێشتا خوێندکاری ئامادەیی بووم، لە سەردەمی داگیرکەرانی ئینگلیزدا، کە تەواو هۆشم کردەوە، زۆرم ڕق لە داگیرکەرانی ئینگلیز بوو، بڕیارم دا دژایەتی داگیرکەر بکەم. هێشتا قوتابی بووم دەستم بەم کارە کرد. جەنابی خدیوی میسر، عەباسی دووەم سەردانی قوتابخانەکەمانی

کرد، من بە وتارێکی نیشتمانپەروەرانەی پڕجۆش و خرۆش پێشوازیم کرد کە دەگەڵ هەستی نیشتمانپەروەرانە وتەمەنی گەنجانەی ئەودا تێکی دەکردەوە.  ئیدی لەو ڕۆژەوە پەیوەندی من وئەو پتەو بوو. ئیدی چ بە هاندان و چ بە پارە دنەی دەدام تا لە چنگی داگیرکەران ڕزگار ببین. پەیوەندی من لەگەڵ خەلیفە وکۆمەڵە و ئەنجوومەنی ئیسلامیشا بەهەمان شێوە باش وپتەو بوو. بەڵام وێڕای هەموو ئەو شتانەش، خەم وخولیا وئامانجی سەرەکی من سەربەخۆیی میسر و ئازادی ئەم وڵاتە بوو. بۆیە کاتێ لە نێوان خدیو وداگیرکەردا، ڕێکەوتننامەیەک واژۆ کرا، ئیدی من لەسەر ئەوە هەڵوێستی خۆم سەبارەت بە خدیو گۆڕی. ڕەوشی میللەت زۆر خواپ بوو. هیچ تروسکەیەکی ئومێد بەدی نەدەکرا. بەڵام من چ بە وتارێن ڕۆژنامەوانی وچ بە خوتبەێن جەماوەری درێغیم لە بێدارکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری جەماوەری خەڵک نەکرد،هەروەها لە هەندەران بانگەشەو پروپاگەندەی زۆرم بۆ دۆزی نیشتمانەکەم کرد، کارێکی وامکرد هەموو ئازادیخوازانی ئەوروپا، بە تایبەتی فەرەنسا، بە دۆزی میسریان زانی. کاتێ ئینگلیزەکان، لە دنشوایدا، تاوانە گەورەکەیان کرد، ئەم کارە دزیوەیان، ئەم هۆڤیگەرییەیان مەحکووم کرد و ئەو حوکمە ڕواڵەتی وکۆمیدییەم مەحکووم کرد کە دەرهەق بە خەڵکە بێتاوانەکەی ئەم گوندە دەرکرا. دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئینگلیز لە میسرا بە ڕادەیەک لاواز بوو، کە لە ئینگلتەراوە داوای لورد کرومەری فەرماندەی ئینگلیزیان کرد. دوای ئەوە حیزبی نیشتمانیمدامەزراند، کە یەکەمین حیزبی سیاسی ڕێکخراوی میسر بوو. بەرنامەی حیزب بریتی بوو لە دەرکردنی بێگانان ونووسینی دەستوور لە سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا. ئیدی چ لە ناوخۆ و چ لە هەندەران درێژەم بە خەبات و تێکۆشینی خۆ دا، تا لە هەرەتی گەنجیدا گیانم سپارد..

بسماتیکی سێیەم هاتە زمان و لێی پرسی:

- یانی ئینگلیزەکان نەیانکوشتیت؟

- نەخێر.

- زۆر سەیرە منیش لە سەردەمی داگیرکاری فارسەکاندا لە میسر دەژیام. یانی ڕێک وەکو چۆن تۆ لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزانا لە میسر دەژیای. منیش وەکو تۆ هەوڵم دەدا هەستی نیشتمانپەروەری لە لای خەڵکی بێدار بکەمەوە، وەختێ قەمبیز پێی زانیم یەکسەر وبێ هیچ دوو دڵییەک کوشتمی، باشە چۆن ئینگلیزەکان بەبێ هیچ سزایەک دەستبەردارت بوون؟!

مستەفا کامیل گوتی:

- داگیرکەران، بە تەواوەتی وڵاتیان کۆنترۆڵ کرد ودەسەڵاتی خۆیان قایم کرد، بۆیە بەلایەوە گرینگ نەبوو سووکە ئازادیەک بە ئۆپۆزیسیونیش بدات، کەلە ڕاستیدا هەم سووکایەتی کردن بوو بە ئۆپۆزیسیون و هەم پروپاگەندەیەک بوو بۆ خۆیان کە گوایە ڕێزی بەها مرۆڤانیەکان دەگرن..

- یانی هیچ ئازارێک نەدرایت؟

- ڕقی خۆیان پەنهان دەکرد وژێراوژێریش دۆستانی خۆیان هاندەدا کە هێرشم بکەنە سەر.

- زەمانی تۆ لەچاو زەمانی ئێمەدا زۆر باش بوو، ئەوەی بۆ تۆ لوا بوو، بۆ ئێمە نەلوا بوو. ئەلهەقی من هیچ تێکۆشەرێکی وەکو تۆ بە شانسم نەدیتووە. خدیو وخەلیفە و ئەنجوومەن و کۆمەڵەی ئیسلامی هەموو پشتیوانیان کردوویت وڕێزیان گرتووی. لە ناوخۆولە هەندەران بەگژ دژمنانتا چوویت، بێئەوەی کەمترین سزا بدرێی، ناو و شۆرەتت پەیدا

کردووه بێئەوەی باجەکەی بدەیت، وەکو من نەکوژرای، وەکو ئەحمەد عورابی دوور نەخرایتەوە..

مستەفا کامیل گوتی:

- ئەحمەد عورابی خائین بوو، وڵاتەکەی بە داگیر کردن دا..

ئەبنوم پێی گوت:

- چۆن ئەو پیاوە بە خیانەت تۆمەتبار دەکەیت، بەتایبەتی کە بە هۆی بەرگری لە میللەتەکەی تۆ شۆڕشی کرد وڕەهەنە ودەربەدەر کرا، دوور خرایەوە؟ لە کاتێکا خاینی گەورە تەنیا بابی برادەر وداژدار ویارمەتی دەرەکەی تۆ بوو. بە شایەتی خۆت خیانەتی لە نیشتمانەکەی کرد، وەکو پێشتر بابیشی خیانەتی کردبوو.

مستەفا کامیل بە ڕژدییەوە گوتی:

- من ئەو بە سەبەبکاری یەکەمی داگیرکاری دەزانم...

ئەبنوم گوتی:

- تۆ گەنجێکی نیشتمانپەروەری بەجۆش وخرۆش ونیازپاک وشانسداری، تۆ لە سەردەمێکا ژیاوی کە خەڵکی شیفتەی تەخت وتاج وخەلافەت وشارستانیەتی فەرەنسی بوون. تۆ بۆنی ئارەقەی خەڵکی ڕەنجبەر و زەحمەتکێشت نەکردووە، ئازاری خەباتی ڕاستەقینەت نەچەشتووە، لە ڕاوە دوونانی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە نەترساوی...

لێرەدا ئیزیس هەڵیدایە وگوتی:

- ئەمە یەکیک بووە لەو کوڕانەی کە هەست و ویژدانی نەتەوەیی لە نێو خەڵکیداجۆشداوە، ئەمەی لە کاتێکا کردووە کە داگیرکەران، ئەم هەستەیان لە دڵی خەڵکیدا کوشتبوو.

ئوزوریس گوتی:

- تۆ لەوە زیاترت لە توانادا نەبووە، بۆیە فەزڵی وشە وپەیڤەکانت نایەتە ژبیر کرن، دەی بڕۆ بۆ دادگاکەی خۆت. دوعای خێرت بۆ دەکەین.

**

پەراوێز:

١- بویەری دنشوای، لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٠٦ دا ڕوویدا، کەبە یەکێک لە دوا ڕیسواییەکانی داگیرکەری ئینگلیستان،لە سەردەمی لوردکرومەر لە میسرا دەژمێردرێ. پوختەی ڕووداوەکە ئەمە بوو کە ژمارەیەک ئەفسەرێن ئینگلیز بۆ ڕاوە کۆتر چووبوون بۆ گوندی دنشوای و لە کاتی تەقە کردندا بە هەڵە ژنێک دەکوژن. ئەم ڕووداوە، خەڵکی گوندەکە تووڕە دەکات و بە سەر ئینگلیزەکاندا دادەڕژێن. لەم هەرا و هەنگامە و پێکادانەدا ئەفسەرێک دەکوژرێ و ئەوانی دی دەرەڤن. پاشان ئینگلیزەکان، ئەم بویەرە دەکەن بە بیانوو ودەستاوێز بۆ دادگایی کردنی پەنجا ودوو کەسی خەڵکی گوندەکە، کە بە زیندانی کردنی درێژخایەن و ئیعدامکردنی چوارکەس دەشکێتەوە. مستەفا کامیل، ئەم بویەرە دەکاتە هەنجەتی مەحکووم کردنی داگیرکاری ئینگلیزان و سەرەنجام بەهۆی خەباتی خەڵکی میسرەوە، ئینگلیستان ناچار بوون لورد کرومەر لە ساڵی ١٩٠٧ دا لەم وڵاتە دوور بخەنەوە.

٢- بە قسەی دکتۆر حەمید عینایەت: " مێژووی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە میسرا، بەناویی مستەفا کامیلەوە دەست پێدەکات. کامیل لە مەسەلە سیاسیەکاندا بیرمەند وخودان بۆچوون نەبوو، تەمەنی کورتی خۆی زیاتر بە کاری ڕێکخراوەیی شەڕ بردووەتە سەر، بەڵام جۆش وخرۆشی لە واری جۆشدانی هەستێن نیشتمانپەروەرانەی خەڵکیدا ومەرگی لە ناکاوی کردیە کارێک کەلە نێو میسریەکاندا زۆر خۆشەویست بێ، لە ساڵی ١٨٧٤ دا لە قاهیرە لە دایکبووە. دوای تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی چووە قوتابخانەی مافی قاهیرە ودوای ئەوەی تاقیکردنەوەکانی ساڵی یەکەمی بەسەرکەوتووی بڕی، لە قوتابخانەی مافی فەرەنسیەکان، کەلە هەمان ساڵی ١٨٩٢دا وەکو لقێکی زانستگەی پاریس لە قاهیرە کرابووەوە وەرگیرا. بەڵام سەرەنجام بۆ تەواوکردنی خوێندن چوو بۆ فەرەنسا و دەورەی بەکالوریوسی مافی لە زانستگەی شاری " تولوز " تەواو کرد. مستەفا کامیل، لە هەیڤی دوازدەی ساڵی ١٨٩٤ دا بۆ میسر زڤڕییەوە ولێبڕا کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خەبات لە پێناوی نیشتماندا تەرخان بکات. لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٠٠دا ڕۆژنامەیەکی بەناوی " اللواء = ئاڵا " بڵاوکردەوە و دوای ماوەیەک، مانگنامەیەکیشی بەهەمان ناوەوە بڵاوکردەوە. بەهەرحاڵ دیارترین کاری وی لە واری ڕێکخستنی بزاڤی نیشتمانپەروەریدا لە میسر، دامەزراندنی " حیزبی نیشتمانی " بوو لە ئوکتوبەری ساڵی ١٩٠٧دا. حیزبێک بوو کە گرینگترین وبگرە تاقە ئامانجی وەدەرنانی ئینگلیز بوو لە وڵاتی میسر.



حورس، بەدەنگی بەرز هاواریکرد:

- محەمەد فەرید.

پیاوێکی چوارشانەی دەستەبالای، ڕووخۆش وەژوورکەوت و بەسەری کۆت وپێی خاوس ڕۆیی تا لەبەردەم عەرشەکەدا وەستایەوە.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من لە بنەماڵەیەکی ئەرستوکراتی کۆنم. لە سەرەتاوە، لە واری خەباتی نیشتمانیدا هاوهەڵوێست وهاوسەنگەری مستەفا کامیل بووم، هەر بۆیە دەستبەرداری حکوومەت بووم وخۆم بۆ پرس و دۆزە نیشتمانیەکان تەرخان کرد. پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان من و مستەفا کامیلدا چێببوو. منی بە جێگری خۆی بۆ سەرۆکایەتی حیزب هەڵبژارد، منیش هەمان ڕێبازی ئەوم لە نیشتمانپەروەری وگوتاربێژی وکاری نووسیندا گرتەبەر. تا ئەوە بوو گیرام ولە سووچی زیندان توووند کرام. لە زنداندا، سازشیان لەگەڵ کردم، کە ئەگەر دەستبەرداری هەڵوێستە توندەکانم ببم، بەرم دەدەن و مەعافم دەکەن. بەڵام من هەرجۆرە سازشێکم ڕەتکردەوە. وەختایەک لە زندان وەدەرکەوتم، لە جاران بەهێزتر و ڕژدتر بووم. کەوتمە گەڕان بە سەرانسەری وڵاتا تا خەڵکی بۆ نیشتمانپەروەری هانبدەم. ئیدی کۆمەڵێک پیلانیان بۆ نامەوە کەلەگەڵ گەورە سەرانی حیزبدا، بمانگرن ولە ڕەشچاڵانمان توند بکەن. ئیدی بڕیارمان دا بڕۆین بۆ هەندەران ولەوێندەر درێژە بە خەباتی خۆ بدەین.ئیدی بەرنامەی هەڵاتنمان داناو لە کاتی گونجاوا دەرباز بووین. لە هەندەران تا زیاتر سەردەکەوتین و چالاکی زیاترمان دەنواند. حیزب لە ناوەوە پتر دەکەوتە ژێر گوشارەوەو لاوازتر دەبوو. ئیدی زۆرمان بیری میسر وکەس وکار ودۆستانی نزیک دەکرد. زۆرکەس وازیان لێ هێنایین. تا ئەوە بوو لە ساڵی ١٩١٩دا، لە میسرا وبە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شۆڕش بەرپا بوو، شۆڕشێک کە لە خەونیشدا

بیرمان لێنەدەکردەوە. ئەو کاتانە من لە تاراوگە بووم ولەبیری کەسدا نەبووم، کەچی خەڵکانی دی لە سەر کورسی ڕابەرایەتی حیزب دانیشتبووین. وێڕای باوەڕ نەبوونمان بە دڵسۆزی زۆربەیان ڕەزامەندیمان دەربارەیان دەربڕی وپیرۆزبایی شۆڕشمان لە میللەت کرد. یادی شەهیدانمان پیرۆز کرد وداوامان لە خەڵکی کرد تا خۆڕاگر وکۆڵنەدەربن. ئیدی ژیانمان لە تاراوگەدا بەسەرچوو.

بسماتیکی سێیەم هاتەزمان و گوتی:

- ڕابەرایەتیەکی پڕ لە چەوسانەوەت کردووە.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- دەتتوانی وەکو هەموو هاوچینە دەوڵەمەندەکانی خۆت، هەم ژیانێکی خۆش بقەتێنی و هەم پایە وپێگەیەکیشت هەبێ. بەڵام تۆ هەموو ئەمەت ڕەتکردووەتەوەو لە بەر خاتری میسر ڕێگەیی خەبات وئەشکەنجەت هەڵبژاردووە. بەڕاستی تۆ پیاوێکی گەورەیت..

بەڵام ئەبنوم گوتی:

- تۆ پێم بڵێ چۆن ڕابەرێک دەتوانێ میللەتی خۆی لە مەینەتدا بەجێ بێڵی و بڕوات و لە هەندەرانەوە بخەبتێ؟

محەمەد فەرید گوتی:

- ئەوانە بەتەما بوون هەمووومان لە زندان توووند بکەن.

ئەبنوم گوتی:

- بەڵام ڕابەری ڕاستەقینە چاک دەزانێت کە بۆ زندان یان کوشتن خوڵقاوە نەک بۆ ئەوەی لە هەندەرانەوە خەبات بکات..

- لە سەردەمی مستەفا کامیلەوە خەباتی هەندەرانی مە، لە چوارچێوەی بەرنامەی خەباتی نیشتمانی ناوخۆماندا بوو..

ئەبنوم گوتی:

- ڕەنگە، وەکو کارێکی زیادەو بۆ تەواوکردنی خەباتی ناوخۆ قەبووڵ بێ، بەڵام کە خۆت وهەموو سەرانی حیزب بڕۆن بۆ هەندەران وحیزب لە ناوەوە بە بێ سەرکردایەتی بەجێ بێڵی، ئەمە هەڵوێستێکی ترسنۆکانە وبی ئەقڵانەیە. مەسەلەکە ئەمەیە کە ئێوە بەشێکن لەو ئەشرافانەی کە لە شۆڕشەکەی مندا شکستان خوارد. ئێوە بۆیە حەزتان کە ڕابەرایەتیە، تا پێگە وپایە وڕێز وحورمەتتان مسۆگەر بێ. تۆ هەرگیز باوەڕت بە خەباتی ڕاستەقینە نەبووە، خەباتێک کە زیندان وئەشکەنجە و مردنی لەدوا بێ، بۆیە لە کاتی تەنگانەدا سەنگەرت چۆڵ کردووە وبۆ هەندەران هەڵاتوویت، تا لەوێندەر کە جادەکەی پانە خەبات بکەی. بۆیە تۆ بەرپرسیاری لەو لاوازی وپەراگەندەییەی دووچاری بزوتنەوە نیشتمانیەکە بووە، بۆیە هیچ پێم سەیر نییە، کە سەرت لە هەڵگیرسانی لە ناکاوی شۆڕشی جەماوەری خەڵک سوڕما بێ، لە ڕاستیا سەرت لەوە سڕماوەو هەستت بە زوڵم کردووە، کە یەکێکی دیکەی غەیرەز تۆیان بە ڕابەر هەڵبژاردووە، وەک ئەوەی ڕابەرایەتی، وەکو موڵک وماڵ بەش و میراتی چینەکەی تۆ بێ وئەگەر تۆ ڕاشت کردبێ، هەر لەناو چینەکەی تۆ دەستاودەست بکات.

محەمەد فەرید گوتی:

- تۆ هەمان ئەو قسانە کاوێژ دەکەیتەوە کە دژمنانی ئێمە دەیانگوت ودەیانگوتەوە!

- من نکوڵی لە نیشتمانپەروەری تۆ ناکەم. تۆ میسرت خۆش ویستووە، بەڵام لە ناخی خۆتا ڕقت لە میسریان بووەو هەستت بەوە کردووە، لەوان نیت، لە ئەسڵ و فەسڵی وان بالاتری، بۆیە هیچ مەفەڕێک نەبووە جگە لەوەی ژیانت ببێت بە کارەسات، چونکە تەنیا کەسێک دەتوانێ ڕابەرایەتی گەل بکات، کە لەناو گەلەوە سەری هەڵدابێ، کەسێک کە خاوەنی شکۆی مرۆڤانی بێ، نەک گەورەیی وشکۆی ئەرستوکراتی..

ئیزیس، لێرەدا هەڵیدایە وگوتی:

- من لە ڕووی ئەخلاقی ودڵسۆزی ونیشتمانپەروەرییەوە، بەیەکێک لە باشترین ڕۆڵەکانی خۆمی دەزانم. ئەگەر حیساب بۆ هەلومەرجی لە دایک بوون و گەورە بوونی بکرێ، هەر ئەوەندەی لە توانادا بووە کە کردوویەتی.

ئۆزوریس گوتی:

- ئێمە بەوپەڕی ڕێز وخۆشەویستیەوە پشتگیریت لێدەکەین، بڕۆ بۆ دادگایەکەت، بەخێر وسەلامەت بچی، پڕ بەدڵ هیڤی سەرکەوتنت بۆ دەخوازین.

( ٦٠ )

حورس هاواریکرد:

- سەعد زەغلول.

پیاوێکی باڵابەرز، بە هەیبەت، زەلام، ڕوخسار جوان وەژوورکەوت، ڕۆیی تا لەبەردەم عەرشەکەدا گیرسایەوە.

ئۆزوریس داوای لێکرد قسە بکات، گوتی:

- من لە ئەبیانە لە دایک بووم. لە ئەزهەر خوێندوومە، قوتابی جەمالەدینی ئەفغانی بووم، لە وەقایعی ڕۆژانەی میسریدا بووم بە نووسەر، هەڵبەتە لە سایەی سەرۆکایەتی و مامۆستایەتی محەمەد عەبدەدا، لە شۆڕشی عوڕابی پاشادا، پەیوەندیم بە عورابیەکانەوە کرد. لە سەرەتاکانی سەردەمی داگیرکاری بەریتانیدا، بە تۆمەتی ئەندامیەتی لە کۆمەڵەی تۆڵەدا دەستگیر کرام ولە کارەکەم دەرکرام، کەوتمە کاری پارێزەری وپاشان ڕووم کردە دادڤانی، جارێ کرام بە وەزیری مەعاریف و جارێکیش کرام بە وەزیری دادپەروەری. دوای کۆتایی یەکەم جەنگی جیهان وڕاگەیاندنی ئاگربەس، ڕابەرایەتی بزووتنەوەی نیشتمانیم گرتە ئەستۆ، ئەو بزوتنەوەیەم لە سەر بناغەیەکی پتەوی یەکێتی نەتەوەیی نێوان موسوڵمانان و مەسیحیان ڕۆنا. بانگەوازم کرد کە میسر ومیسرییان مافی ئازادی وسەربەخۆییان هەیە. دەسەڵاتی بەریتانی دەزگیریان کردم وبۆ دوڕگەی ماڵتا دووریان خستمەوە. هەرکە ئەم هەواڵە بڵاوبووەوە، شۆڕشێکی جەماوەری دژی دوور خستنەوەکەی من بەرپا بوو وداوای سەربەخۆیی میسری دەکرد. ئینگلیزەکان ناچاربوون، من ئازاد بکەن، دەگەڵ ئەندامانی حیزبی وەفدا چووین بۆ پاریس، تا داواکانی خۆمان لە کۆنگرەی ئاشتیدا بخەینەڕوو، بەڵام دەرگای ئەم کۆنگرەیەیان لە ڕووا داخستین. لە گەڵ ئینگلیزاندا کەوتینە دان و ستان، بەڵام بێ هیچ ئەنجامێک، دووبەرەکی کەوتە نێو حیزبی وەفدەوەو من بۆ میسر زڤڕیمەوە. جارێکی دی بۆ دوڕگەکانی سیشل، لە ئۆقیانووسی هندی دوور خرامەوە تا ساڵی ١٩٢٣

لەوێندەر مامەوە. لە ساڵی ١٩٢٤ دا دوای هەڵبژاردنێکی جەماوەری بووم بە وەزیر. ڕووم کردە دان وستانێک کە زووبەزوو شکستی هێنا، دوای تیرۆر کردنی بەرپرسێکی گەورەی ئینگلیز، ناچار دەستبەرداری پۆستەکەم بووم. پاشان حیزبەکان لە هەنبەر دیکتاتۆریەتی پاشادا، یەکیان گرت، من سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانم گرتە ئەستۆ و، سەرۆکایەتی وەزیران درا بە دەستوورییەکان، دیسان دان وستان دەستی پێکردەوە، بەڵام بەرلەوەی ئەنجامی ئەم دان وستانە بدینم کۆچی دواییم کرد.

ئەبنوم هاتە زمان وگوتی:

- من یەکەمین شۆڕشی جەماوەری ومیللیم لە کۆتایی دەورانی دەوڵەتی کۆندا بەرپاکرد. تۆ دووەمین شۆڕشی جەماوەریت دوای یەک هەزار ساڵ بەرپا کرد، بۆیە تۆ برا وجێگر وخۆشەویستی منی.

شا خوفو گوتی:

- جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ئەم دوو شۆڕشەدا هەن کە دەبێ باس بکرێن. شۆڕشەکەی ئەبنوم، شۆڕشی عەوام بوو دژی بژاردەی دەسەڵاتدار، لێ شۆڕشەکەی سەعد زەغلول، شۆڕشی هەموو گەلی میسر بوو بە هەژار ودەوڵەمەندەوە دژی داگیرکاری بێگانە..

ئەبنوم گوتی:

- من باوەڕم وایە دەوڵەمەندان کەیفیان بە شۆڕش نایەت.

سەعد زەغلول گوتی:

- من لە سەرەتاوە سوور بووم لەسەر یەکێتی وەکو هێزێکی پێویست دژی دژمن. بەڵام بە ئەزموون بۆم دەرکەوت کە دەوڵەمەندان زیاتر رقیان لە شۆڕشە تا لە داگیرکەر.

ئەبنوم گوتی:

- دەبوایە لە پێشا خۆت لەوانە ڕزگار بکەیت.

سەعد زەغلول گوتی:

- ئەوانە لەمن جیابوونەوە وڕێگەیەکیان هەڵبژارد کە بە دید وبۆچوونی خۆیان، ڕێگەی سەربەخۆیی بوو.

شا مینا گوتی:

- تۆ میسرییەکانت یەکخستووە، ڕێک وەکو چۆن من کاتی خۆی وڵاتەکەیانم یەک خستبوو، لەم ڕووەوە تۆ هاوڕێ وجێگری منی..

ئەمنحوتبی وەزیری شا زوسەر لێی پرسی:

- هەرچەندە دوای شۆڕش، ڕابەرایەتی تۆ جێگیر بوو، بەڵام تۆ لە پێش شۆڕشدا، بەوە قاییل بووبووی کەلە سایەی داگیرکەراندا کاربکەی، پەیوەندیت بە حیزبی نیشتمانیەوە نەکردبوو، هۆی ئەو مەسەلەیە چ بوو؟

سەعد زەغلول گوتی:

- حیزبی نیشتمانی، پەیڕەوی کۆمەڵێک پرەنسیبی خەیاڵی دەکرد، یەکێک لەوانە: نابێ تا داگیرکەران لە وڵات دەرنەچن، دان وستانی لەگەڵ بکرێ، ئەمە مانای وابوو هێزی بێگانە بۆ هەتا هەتایە لە وڵاتدا وەمێنن ونەڕۆن. یان بایکۆت کردنی هەموو ئەو کارو وەزیفانەی کەلە ژێر دەسەڵاتی

ئینگلیزا بوون، بە نۆڕین ودیتنی من ئەوە بەس نییە کە خەڵکی بۆ هەڵویستێکی دیاریکراو هانبدەیت، بەڵکو دەبێ ئەو کار وهەڵویستە هەموو کەسێک دەرەقەتی بێ و باری ببات. مستەفا کامیل توانی بایکۆتی ئەو ئەرک و کارانە بکات کە بە سوودی خدیو و دار ودەستەکەی بوو، محەمەد فەرید، بە حوکمی زەنگینی ودەوڵەمەندی خۆی توانی ئەوکارە بکات، بەڵام ئەندامانی حیزب چیان بکردایە؟.. ئەگەر هەمان هەڵویستی ڕابەرەکانیان بنواندایە تیا دەچوون. ئەگەر پەیڕەوی ڕابەرەکانیان نەکردبا، خیانەت وپەیمان شکێنیان بە ملدا دەهات. ئاخر چۆن دەبێ داوای هەڵویستێکی ئەوتۆ لە خەڵکی بکەیت کە نەیەتە جێبەجێکردن و پاشان هەستی گوناح و پەشیمانی لەلا دروست بکات؟ ئاخر چۆن دەبێ وەزیفە گشتیەکان بۆ بێگانان بە جێ بێڵین؟ من بۆیە ژیانی فەرمیم قەبووڵ کرد، تا بتوانم لەو ڕێگایەوە بەپێی توانای خۆم بەرەڤانی بکەم، یان خزمەتێک بە نیشتمانەکەم بکەم کە زۆری پێویست بوو. ئەمە شتێکە کە دژمنانم بەر لە دۆستانم دانیان پێدا دەنا..

ئوزوریس ڕوویکردە هەمووان وگوتی:

- وردەکاری، کارەکانی ئەم ڕابەرە، لە کتێباندا تۆمار کراون وهەرکەس مەبەستیەتی دەتوانێ لەو کتێبانەدا بیخوێنێتەوە. بەڵام ئێمە لەم دادگایەدا تەنها گەنگەشەی کارە گرینگەکانی دەکەین. ئەوجا بە سەعدی گوت:

- دژمنەکانت، دەڵێن کاتێ شۆڕش بەرپابوو تۆ لە تاراوگە بوویت، تۆ هیچ دەستێکت لە هەڵگیرساندنیا نەبووە. تەنانەت بە گوتەی وان تۆ سەرت لەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە سوڕماوە. لەم ڕووەوە چ دەڵێی؟

سەعد زەغلول گوتی:

- ڕەوشی وڵات زۆر خراپ بوو، مایەی نائومێدی بوو. دان بەوەدا دەنەم کە سەرم لە هەڵگیرسانی شۆڕشەکە سوڕما، وەکو چۆن ڕابەرەکەی پێش من، واتە محەمەد فەرید سەری سوڕمابوو، بەو ئاوایە سەرم سوڕما. بەڵام من درێغیم لە زەمینەسازی بۆ ئەم شۆڕشە نەکردووە، لە هەر بۆنە وکۆبوونەوەیەکما لە گەڵ خەڵکیدا چ لە ماڵی خۆما، چ لە شار وگوندە جیاوازەکانا، هەڵوێستی خۆم بۆ جەماوەری خەڵک ڕوونکردووەتەوەو هەستی نەتەوەییم جۆش داون. شۆڕشەکە لە بنەڕەتدا، لە سەر دوور خستنەوەی من بەرپا بووبوو. بۆیە لە ڕاستیدا، من ڕاستەوخۆ دەستم لە هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشەدا هەبووە.

ئەبنوم گوتی:

- هەر هەڵوێستێکی دژوار، پێویستی بە ڕەفتارێکی تایبەتی هەیە، ڕابەری بەتوانا، ئەو کەسەیە کە بتوانێ، بچێتە ژێرباری ئەو ڕەفتارە. ئەم هەڵوێستە پێویستی بە قوربانی و فیداکاری هەبووە، میللەتی بێ پەناش، لە هەنبەر دەسەڵاتی سەرکوتکارا، تەنیا فیداکاری لەدەست دێ. کاتێ سەعد ڕووبەڕووی دژمن بووەوە و دژمن ناچار بوو دووری بخاتەوە، لە ڕاستیا ئەو فیداکارییەی نیشانداوەو میللەتیش چاویان لەو کردووە و شۆڕشیان بەرپا کردووە. ئەوەی گەواهی بۆ گەورەیی سەعد دەدات، ئەمەیە لە کاتێکا فیداکاری قەبووڵ کردووە کەلە شۆڕش نائومێد بووە، شۆڕشێک بیپارێزێ و بەرەڤانی لێبکات، بۆیە فیداکارییەکەی فیداکاری بووە نە گاڵتە، ئەوپەڕی ئازایەتی و مەردایەتی بووە، هەوڵێک نەبووە بۆ خۆ ڕزگار کردن. ئەگەر تروسکەیەکی شۆڕشی بەدی بکردایە بایەخی ئەم فیداکارییە گەورەیەی کەم دەبووەوە..

ئوزوریس گوتی:

- دەڵێن، سووربوونی تۆ لە سەر ڕابەرایەتی حیزب، کردویەتیە کارێک ئەقڵمەندانی حیزب و یاریدەدەرەکانتی ناچار کردووە لێت جیا ببنەوە، لەم بارەیەوە چ دەڵێی؟

سەعد زەغلول گوتی:

- مەسەلەکە ئەمەیە من لە شۆڕشدا توابوومەوە و باوەڕی تەواوم پێی هەبوو، یەکێک بوو لەو گوم گەشتانەم کە  بە درێژایی تەمەنم بۆی دەگەڕام، بەڵام ئەو ئەقڵمەندانەی باست کردن، ڕقیان لە شۆڕش بوو، لێی دەترسان وقەناعەتیان بە چارەسەرە ساختە و نیوەچڵەکان هەبوو، ئەوان سەروەت وسامانیان هەبوو، ئەزموون وکارامەیی خۆیان هەبوو، بۆیە نە نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە بوون، نە دڵسۆز بوون و نە باوەڕیان بە میللەت هەبوو..

ئوزوریس گوتی:

- هەندێک لە هاوکارانی تۆ گوتویانە تۆ دەبوایە لە ڕابەرایەتی شۆڕشدا بمایتایەوە و سەرۆک وەزیرانت قەبووڵ نەکردبایە؟

سەعد زەغلول گوتی:

- سەرۆک وەزیرانی من درێژەی فەرمی هەمان ڕابەرایەتی شۆڕش بوو..

ئەبنوم گوتی:

- من پێم باشبوو بە ڕەئی ئەو هاوکارانەی خۆت بکردایە!

لێرەدا ئیزیس هەڵیدایە وگوتی:

- خواوەند دەست بە باڵی ئەم کوڕە گەورە ودڵسۆزەوە بگرێت. کە سەلماندوویەتی میللەتی میسر هێزێکی لە شکان نەهاتوو ونەمرە.

ئوزوریس گوتی:

- تۆ یەکەمین میسریت کە دوای سەردەمی فیرعەونەکان، بە خواست و ویستی میللەت هاتوویتە سەر حوکم. لەبەر ئەوە من مافی ئەوەت دەدەمێ لە نێو نەمراندا دابنیشیت تا دادگاییەکە تەواو دەبێت، پاشان بە خێر و سەلامەت بۆ دادگایەکەی خۆت بڕۆی و ئێمەش پشتگیری تەواوت دەکەین.

سەعد زەغلول، لە هۆڵە پیرۆزەکەی عەدالەتا و لەنێو نەمرەکاندا ڕۆنیشت.

**

پەراوێز:

١- سەعد زەغلول ( ١٨٦٥ – ١٩٢٧ ) ڕابەری شۆڕشی دژە داگیرکەری میسرو لە قوتابیانی جەمالەدینی ئەفغانی بوو کە هەم زانستێن قورئانی دەزانی و هەم ئەهلی قەڵەم ومافناسێکی دیاربوو. لە ئاڵا هەڵگرانی ڕیفۆرم ولایەنگرانی وەدەرنانی ئینگلیزەکان بوو کەلە کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانیدا خوازیاری خۆیبوونی میسربوو لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس دا، بەڵام نەک ئەو خواستەی جێبەجێ نەکرا بەڵکو لەگەڵ هاوڕێ وهاوکارەکانیا، بۆ دوڕگەی ماڵتا دوورخرایەوە. ئەم دوور خستنەوەیە ناڕەزایەتیەکی زۆری لێکەوتەوەو لە ئەنجاما شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ی لێکەوتەوە.

حورس هاواریکرد:

- مستەفا نوحاس.

پیاوێکی تۆکمەی بە خووەی، دەموچاو درێژکۆڵە وەژوورکەوت، هەر ڕۆیی ڕۆیی تا لەبەردەم عەرشەکەدا وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسە بکات. گوتی:

- من لە سمنود لە خانەوادەیەکی هەژاری ئەم میللەتە هەژارە لەدایک بووم. بە هەوڵ و کۆششی خۆم توانیم خوێندن تەواو بکەم، بەهۆی زیرەکی وسەرکەوتوویی خۆمەوە، لە واری دادڤانیدا دامەزرام وبە عەدالەت وپاکی نێوبانگم دەرکرد، لە لایەنگرانی حیزبی نیشتمانی بووم ولە قوتابخانەی خدیوی دا، هاوپۆلی سەرۆکی حیزبی ناڤبری بووم. کاتێ کە حیزبی وەفد بە سەرۆکایەتی سەعد زەغلول دامەزا، منیان بە ئەندام وەرگرت. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢١دا منیشیان لە گەڵ ئەودا بۆ سیشل دوورخستەوە. لە کابینە میللییە شۆڕشگێڕییەکەی ئەودا بەشداریم کرد. دوای مردنی ئەو بە سەرۆکی وەفدهەڵبژێردرام، یەک چارەکە سەدە باری قورسی خەباتم لە ڕای سەربەخۆیی ولە پێناوی ژیانی دیموکراسیدا دابەشانا. حەوت جاران پۆستی وەزارەتم وەرگرت. شەش جاران، بەهۆی ناکۆکیم لەگەڵ ئینگلیز یان پاشادا، دەستبەرداری وەزارەت بووم. لە ساڵی ١٩٣٦دا لە ژێر گوشاری هەڕەشەی جەنگی جیهانیدا، هاوپەیمانیم لە گەڵ حیزبێن دیکەدا قەبووڵ کرد و پەیمانێکمان لەگەڵ ئینگلیز دا بەست کە بە گوێرەی ئەم پەیمانە ئیعترافی بە خۆیبوونی میسر کرد وبەڵێنی دا کە دوای بیست ساڵان میسر بەجێ دێڵن. لە سەردەمی حوکمێکی دکتاتۆری سەڵتەنەتیدا جەنگی جیهانی هەڵگیرسا، پاشا، بەوە تۆمەتبارکرا کە پەیوەندی بە دژمنانی

ئینگلیزەوە کردووە، ئیدی قەیرانێکی سیاسی گەورە دروست بوو، ئینگلیزەکان بیریان لەوە کردەوە کە شا لێ بخەن. من لە پێناوی ڕزگاری وڵات وتەخت وتاجدا، دەست پێشکەرییەکەم کرد و لە هەلومەرجێکی دژوارا، کابینەیەکم پێک هێنا. وەختایەک جەنگ تەواو بوو و بەسەرکەوتنی ئینگلیز شکایەوە داوام لە ئینگلیز کرد، بەپەلە وڵاتمان چۆڵ بکەن، بەڵام پاشا لە کار لای بردم ودووبارە بایدایەوە سەر هەمان دیکتاتۆریەتی جارانی خۆی وڕەوشەکە لە خراپەوە بەرەو خراپتر چوو. ئەوە بوو شا ناچار بوو لە ساڵی ١٩٥٠دا مل بۆ ڕاپرسی گشتی بدات. من دووبارە گەڕامەوە بۆ وەزارەت، دان و ستان، سەبارەت بە چۆڵکردنی میسر لە گەڵ ئینگلیزەکاندا دەستی پێکرد. کە هیچ وەڵامێکم لێیان نەبینی، تاک لایانە پەیماننامەکەم هەڵوەشاندەوەو دەرکردنی بێگانانم لە وڵات ڕاگەیاند. ئیدی دژمنانم لە ناوخۆ و لە دەرەوە لێم کەوتنە پیلانگێڕی. سەرەنجام پاشا توانی لە شەڕی من بخەلەسێت. ئەوە بوو کە شۆڕشی یولیو (تەموز) دەستی پێکرد و بەناچاری دەستبەرداری سیاسەت بووم، تا ئەجەلم هات و مردم.

ئوزوریس گوتی:

- هەندێک لە ئامادەبووان حەزدەکەن بزانن دەستکەوتەکانی تۆ لە کاتی وەزیریتا چ بوون؟

مستەفا نوحاس گوتی:

- هەرچەندە میللەت لە سەردەمی مندا تەنیا هەشت دانە ساڵ حوکمڕانی کردووە، دەستکەوتی ئەم هەشت ساڵە، زۆر لە دەستکەوتی نۆزدە ساڵ حوکمڕانی دیکتاتۆری پاشا وحیزبێن کەمینەی دەسەڵاتدار، پتر بووە. وێڕای ئەوەی چەندین جار هەوڵی تیرۆرکردنی من درا و زۆر کۆسپ و تەگەرەم

دەهێنرایە ڕێگە، خواوەند دەستی دام و توانیم خزمەتێکی زۆری خەڵک وخاک بکەم. لەوانە: هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتیبێگانە، هەڵوەشاندنەوەی سەندوقی قەرزان، دامەزراندنی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، خۆیبوونی دادڤانی، سەربەخۆیی زانستگە، یاسای دامەزراندن، قەدەغە کردنی تاپۆ کردنی زەوی وزاری کشتوکاڵی لە سەر بێگانان، قەرەبووکردنەوەی ئەو خەسارەتانەی لەکاتی کارکردنا بەر کرێکاران دەکەوێ، بیمەی ئیجباری، دان نان بە سەندیکای کرێکارانا، سەپاندنی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە کۆمپانیا بیانیەکاندا، بیمەی کۆمەڵایەتی، دیوانی محاسەبات وبە خۆڕایی کردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی.

ئەبنوم گوتی:

- سڵاو لە سێیەمین پیاوی شۆڕشگێڕی میللەتی مە، هێز وتوانای خۆی لە باوەڕی بە میللەت وخواوە هەڵێنجاوە، هەموو تەمەنی خۆی وەقفی خەباتی دوورودرێژ کرد و بەپاکی ژیا، هەژارانە ژیا و هەژارانە مرد.

شا ئەخناتون گوتی:

- ئەی ڕابەر، ڕێز وخۆشەویستی من قەبووڵ بکە. تۆش وەکو من ژیانت لە پێناوی باوەڕ بە خوای یەکتا، لە پێناوی پرەنسیپێن پاکیدا بەسەر برد. وەکو من دۆستداری ڕەش وڕووتانی میللەت بوویت، هیچ غروور و لە خۆبایی بوونێک لە ڕەمەکی مەردمی دوور نەخستیتەوە. وەکو من بووی بە نیشانەی دژمنایەتی کینەکێشان وبوغزنان و دەسەڵات پەرستان و ئەسیرانی خۆپەرستی. هەم لە ژیانتا وهەم لە مردنتا، وەکو من دوچاری شکست وناکامی بوویت، بەڵام خەنی لە خۆت، لە ئەنجاما سەرکەوتن هەر بۆ ئێمە بوو.

ئیزیس، لێرەدا هەڵیدایە وگوتی:

- ئەمە یەکێکە لە ڕۆڵە بە ئەمەک ودڵسۆزەکانی من.

ئوزوریس گوتی:

- من مافی ئەوەت دەدەمێ تا کۆتایی ئەم دادگایە، لە نێو نەمرەکاندا دابنیشیت. پاشان بە باشترین پشتگیری مەوە بۆ دادگاکەی خۆت بڕۆیت.

**

پەراوێز:

١- حیزبی وەفد: ڕێکخراوێکی سیاسی لیبڕاڵی میسری بوو کە لە ساڵی ١٩١٨دا دامەزرا ولەکاتی دەرچوونی بریتانیا لە میسر، لە ١٩٢٠وە تا شۆڕشی ١٩٥٢، ئەم حیزبە بە گەورەترین حیزبی میسر دەژمێردرا و، ڕۆڵێکی یەجگار گەورەی لە مەیدانی سیاسەتی ئەم وڵاتەدا هەبوو. وەفد بە مانای " شاندی نوێنەرایەتی " دێت. ئەم ناوە لەوێندەرەوە هاتووە کە سەعد زەغلول و چەند کەسایەتیەکی گەورەی دیکەی میسری، یەکسەر دوای یەکەم جەنگی جیهانی، بەمەبەستی داواکردنی خۆیبوونی تەواوەتی میسر چوون بۆ بریتانیا، لێ بریتانیاییەکان نەک هەر دان وستانیان لەگەڵدا نەکردن، بەڵکو ڕابەرەکانیان بۆ دوورگەی ماڵتا دوور خستەوە. ئەم کارە ناڕەزاییەکی زۆری لە سەرانسەری وڵاتا لێکەوتەوەو بە شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ شکایەوە کە لە کۆتاییدا و لە ساڵی ١٩٢٢دا بە سەربەخۆیی یەکجارەکی ئەم وڵاتە شکایەوە. لە سەرکردایەتی ئەم حیزبەدا موسوڵمان ومەسیحی وقیبتی هەبوون و ژنان ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان هەبوو. لە ساڵی ١٩٢٧دا سەعد زەغلول کۆچی دوایی کرد، مستەفا نوحاس بوو بە ڕابەری حیزب. نوحاس

درێژەی بە خەباتی سیاسی خۆی دژی بەریتانیا دا. لە ساڵی ٩٣٦ دا پەیماننامەی نێوان میسر وئینگلیزی واژۆ کرد. حیزبی وەفد دوای کودەتای ١٩٥٢ی میسر و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری، وەکو زۆربەی حیزبەکانی دی هەڵوەشایەوە و ژمارەیەک لە ڕابەرەکانی بە تۆمەتی خیانەت بە وڵات وگەندەڵی ئیعدام کران. بەهەرحاڵ تا سەردەمی موبارەکیش تا ڕادەیەک چالاک بوو وئەمڕۆش بە یەکێک لە حیزبە مێژووییەکانی میسر دەژمێردرێ کە بە کاریگەرییەکی کەمترەوە بە ڕابەرایەتی سەید بەدەوی درێژە بەژیانی خۆی دەدات.

( ٦٢ )

حورس هاواریکرد:

- جەمال عەبدوناسر.

پیاوێکی باڵابەرز، سەر وسیما گەش، بەشەخسیەت وەژوورکەوت. ڕۆیی تا لەبەردەم عەرشەکەدا ڕاوەستا.

ئوزوریس، داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من خەڵکی گوندی "بنی مر" ی سەر بە " ئەسیوط " م. لە بنەماڵەیەکی هەژار گەورە بووم. تاڵاوی ژیانم چەشتووەو نەداریم جەڕباندووە. لە ساڵی ١٩٣٨دا، زانستگەی جەگم تەواو کردووە. لە شەڕێن فەلەستیندا بەشداریم کردووە، لە گەڵ گروپێکا لە فالوجا گەمارۆ درام. ئەم شکستە تووشی شۆکی کردم، زیاتر سەرم لەوە سوڕمابوو کە هەستم دەکرد، ئەم شکستە ڕیشەی لە سەرانسەری وڵاتا داکوتاوە. بۆیە بیرم لەوە کردەوە ئەم شەڕە بۆناو وڵات

بگوازمەوە، بۆ ئەو شوێنەی کە دژمنی ڕاستەقینە لەوێدا خۆیان مەڵاس دابوو. بە نهێنی وزۆر بە پارێزەوە ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادم دروست کرد. پەیجۆری ڕووداوەکانم دەکرد وچاوەڕوانی هەلی لەبارم دەکرد، تالە کاتی خۆیدا، ڕژێمی وەخت هەڵگێڕینەوە. ئەوە بوو لە ١٩٥٢/٧/٢٣ دا هەلم بۆ ڕەخسا و ئاواتەکەم هێنایەدی. دوای ئەوە دەسکەوتەکانی شۆڕش یەک یەک هاتنەدی، لەوانە: هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی پاشایەتی، تەواوکردنی خۆیبوونی وڵاتو وەدەرنانی تەواوەتی بێگانان،دەرکردنی یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵی و نەهێشتنی فیودالیزم و دەرەبەگایەتی. بە میسری کردن وشارستانیکردنی ئابووری و بەرنامەڕێژی بۆ ڕیفۆرمێکی گشتگیر لەواری کشتوکاڵ وپیشەسازی، بەمەبەستیی خۆشگوزەرانی میللەت ونەهێشتنی جیاوازی چینایەتی، سەددی عالیمان دروستکرد، کەرتی گشتیمان بە ئاراستەی سوسیالیزما بونیاد نا، سوپایەکی مودێرنی بەهێزمان پێکهێنا، بانگەوازی یەکێتی عەرەبانمان بڵاوکردەوە، پشتیوانیمان لە هەر شۆڕشێکی عەرەبی یان ئەفریقی کرد. کاناڵی سوێسمان خۆماڵی کرد، بووین بە نموونە و پێشەنگ بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم چ لە ڕووی خەبتین دژی داگیرکەری فەرەنگی و چ لە ڕووی وەبەرهێنانی ناوخۆوە. لە سەردەمی مندا، میللەتی زەحمەتکێشی میسر، عیزەت وتوانا وهێزێکی ئەوتۆی بەخۆوە بینی، کە پێشتر هەرگیز شتی وای بەخۆوە نەبینی بوو، بۆ یەکەمجار خەڵکی ڕێیان کەوتە ئەنجوومەنی یاسادانان و زانستگەکان و هەستیان دەکرد خاک خاکی خۆیانە، وڵات وڵاتی خۆیانە، هێزە داگیرکەرەکان خۆیان بۆ مەڵاس دابوو، ئەوە بوو لە ١٩٦٧/٦/٥ دا شکستێکی نەنگینی ئەوتۆیان بەسەرما هێنا کە کارە مەزنەکەم لە ڕەگ و ڕیشەوە لەقی وبە سێ ساڵ بەرلەوەی ئەجەلم بێت کوشتمی. من وەکو بابایەکی میسری- عەرەبی دڵسۆزانە ژیام و وەکو میسرییەکی عەرەبی شەهید بووم.

شا ڕەمسیسی دووەم هاتە زمان وگوتی:

- ڕێگەم بدە با ئەوپەڕی خۆشەویستی ودڵبەندی خۆمت بۆ دەربڕم، ئەم خۆشەویستی ودڵبەندییە، خۆی لە خۆیدا، درێژەدانە بە خۆشەویستیم بۆ خۆم، چونکە ئێمە زۆر لە یەکدی دەچین، هەردووکمان گەورەیی وشکۆیەکی ئەوتۆمان هێنایە ئاراوە کەلە سنووری نیشتمان هێوەتر ڕۆیی. هەردووکمان شکستی خۆمان کرد بە سەرکەوتنێکی گەورەتر لە هەر سەرکەوتنێک، هەردووکمان بە کارە گەورەکانی خۆمان قاییل نەبووین، بۆیە هێرشمان کردە سەر دەستکەوتەکانی ئەوانەی پێش خۆمان، من ئەو شانس و بەختەم هەبوو، لە کاتێکا لە سەر تەختی سەڵتەنەتی میسر دانیشم کە میسر سەروەری میللەتان بوو، بەڵام تۆ لە سەردەمێکا حوکمڕانی میسرت کرد کە میسر لەنێو وڵاتانیزەبەلاحدا، وڵاتێکی بچکۆلە بوو، خواوەند تەمەنێکی درێژ و جەستەیەکی بەهێز و ورەیەکی بەرزی بەمن دا، بەڵام سەبارەت بە تۆ ڕەزیلی کرد، ئەوەی پێ ڕەوا نەبینیت، ئەجەل زۆر زوو یەخەی گرتیت..

شا مینا هاتەگۆ وگوتی:

- بەڵام تۆ ئەوەندەی لە خەم و خولیای یەکێتی عەرەبیدا بوویت ئەوەندە لە خەمی یەکێتی ناوخۆیی میسردا نەبوویت. تەنانەت ناوی نەمری میسرت بە نووکە قەڵەمێک سڕییەوە، گەلێک لە ڕۆڵەکانی میسرت ناچار کرد کۆچ بکەن، کە پێشتر، مەگەر بە دەگمەن و، لە هەندێ قۆناغی ناچاریدا، دەنا کەس وڵاتی بەجێ نەهێشتبوو!

جەمال عەبدونناسر گوتی:

- ئەمە گوناهی من نییە، ئەگەر هەندێ میسری پێیان وابێ یەکێتی عەرەبی، دەکاتە لەبەین چوونی وڵاتەکەیان، ئەمەش گوناح نییە، ئەمەش

گوناح نییە ئەگەر هەندێ کاری گەورە ونەمر لەسەر دەستی من هاتبێتەدی، کە خەڵکانی پێش من پێیان نەکرابێ، ئەگەر هەقت دەوێ مێژووی ڕاستەقینەی میسر لە ١٩٥٢/٧/٢٣ وە دەستی پێکردووە.

ورتە ورتێک لەنێو ئەو کەسانەوە کە دانیشتبوون دەستی پێکرد. ئەم سەر وسەدایە بە ڕادەیەک تووند بوو کە ئۆزوریس بە دەنگی بەرز گوتی:

- بەڕێزینە، نەزم ونیزام وئارامی ڕەچاو بکەن، دڵتان فراوان بێ، گوێ لەو قسانە بگرن کە دەکرێن..

ئەبنوم گوتی:

- ڕێگەم بدە، وەکو یەکەم شۆڕشگێڕێکی نێو هەزارانی میسر دەستخۆشیت لێبکەم، من گەواهی ئەوەت بۆ دەدەم کە هەزاران، لە هیچ سەردەمێکی دوای سەردەمی منەوە، ئەو ئەمن وئەمانەی سەردەمی تۆیان بە خۆوە نەبینیوە. من تەنیا گلەیی ئەوەم لێت هەیە کە ڕژد بوویت لەسەر ئەوەی شۆڕشەکەت، شۆڕشێکی سپی بێ، لە کاتێکا شۆڕش بەبێ خوێن، بە بێ ڕوباری خوێن نا چێبێ!

شا خوفو، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

- ئەم خوێنڕێژە چی دەڵێت؟

ئۆزوریس، بە توندی پەرچەکرداری نواند وگوتی:

- ئەوەت لەبیر بێ تۆ لە سەر تەختەکەی خۆت دانەنیشتوویت، تەوازی بۆ بێنەوە.

خوفو، بە ملکەچی گوتی:

- ببورە.

شا تحوتمسی سێیەم گوتی:

- هەرچەندە تۆ پیاوێکی سوپایی بوویت، کەچی لە زۆر بواری دیدا، توانایەکی گەورەت نواندووە، تەنیا بواری سوپایی نەبێ، بەهەرحاڵ تۆ هەرگیز فەرماندەیەکی شایستە نەبوویت!

جەمال عەبدوننasر گوتی:

- نەمتوانی بەسەر سوپایەکدا سەر بکەوم کە لە ڕووی چەکەوە زۆر باڵادەست بوو و لە لایەن بەهێزترین دەوڵەتی سەر ڕووی زەوییەوە پشتیوانی دەکرا!

ئەمنحوتبی وەزیری شا زوسەر گوتی:

- دەبوایە خۆت لە شەڕ دوور بگری ودەستبەرداری هاروژاندن وتووڕە کردنی زلهێزەکان بوایەی..

جەمال عەبدوننasر گوتی:

- ئەوە لەگەڵ ئامانجەکانی منا تێکی نەدەکردەوە، زیاد لەجارێک لەو ڕووەوە هەڵخەڵەتام.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- عوزر لە قەباحەت خراتر.

سەعد زەغلول گوتی:

- تۆ هەوڵت دا، وەکو چۆن ناوی میسرت سڕییەوە، بەو ئاوایە ناوی منیش بسڕیتەوە. سەبارەت بە من گوتبووت گوایە من سواری شەپۆلی شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ بووم، جا با من مانای ڕابەرایەتیت بۆ شەرحبکەم. ڕابەرایەتی بەهرەیەکی خوایی و غەریزەیەکی میللی یە. بەڕێکەوت و کوێرانە لەهەموو کەسێکا دەرناکەوێ. ڕابەری میسر کەسێکە کە خەڵکی میسر بە جیاوازی ئۆلییانەوە بەیعەتی بدەنێ، بەبێ ئەمە هەرگیز نابێت بە ڕابەری میسر، تەنانەت ئەگەر بشێت بە ڕابەرێکی عەرەبی یان ئیسلامیش ناو ببرێ. بەڵام من ناڕازی بوونی خۆم لە تۆ نەشاردووەتەوە، لە دڵی خۆدا گوتوومە قەیدی نییە، گەنج وخوێن گەرمە، با ئەمە بکەوێتە بری ئەو خزمەتە گەورانەی پێشکەشی کردووە. کاتی شۆڕشی عورابی هەڵگیرسا، خەباتێکی جدی هاتە ئاراوە، لە ئەنجاما تووشی ناکامیەکی بەسوێ بوو. کە شۆڕشی ١٩١٩ هەڵگیرسا، کۆمەلێک دەستکەوتی بەدوادا هات کەلە مێژوودا بێ وێنە بوون، بەڵام پاشان ئەوەندەی دژمن بۆ پەیدا بوو کە بۆ زندە بەچاڵکردنی، قاهیرەیان سووتاند. پاشان نۆرەی شۆڕشەکەی تۆ هات، لە چنگی دژمنان دەرباز بوویت وپەیامی دوو شۆڕشەکەی پێشووت تەواوکرد. هەرچەندە شۆڕشەکەی تۆ بە کودەتایەکی سوپایی دەستی پێکرد، بەڵام میللەت پێشوازی وپشتیوانیان لێکرد. تۆ دەتتوانی میللەت بکەی بە هێم و بناغەی شۆڕشەکەت و حکومەتێکی دیموکراتیکی ماقووڵی لەسەر ڕۆبنەیت. بەڵام مەیلی گومڕایانەی تۆ بەلای دیکتاتۆریەتدا، بووە بایسی هەموو ئەو بەڵاو نەرێنیانەی هاتە ڕێگای حوکمدارییەکەت..

جەمال عەبدونناسر گوتی:

- دەبوایە بە قۆناغێکی ڕەوتەنیا بڕۆین تا بتوانین پایەکانی شۆڕش مکووم بکەین..

مستەفا نوحاس گوتی:

- ئەمە بیانوویەکی پووچ ودیکتاتۆریانەیە کە زۆرجار لە زاری دژمنانی میللەتەکەمانەوە گوێمان لێبووە. تۆ میللەتێکی فیداکارت لەبەر دەستا بوو. حیزبی وەفد بەهەموو جەماوەرەکەیەوە لە خزمەتی تۆدا بوو، بەڵام تۆ بە تانکەکانتەوە ڕاتماڵین و تێیان بەربووی و پاشان نەتتوانی ئەڵتەرناتیڤی وان پەیدا بکەیت وئیدی وڵات کەوتە بۆشاییەوە، ئیدی ناچاربوویت ڕوو بدەیتە بێزراوانی میللەت وکەوتیتە بەینی بەرداشی کارێن ڕیفۆرمکاری کە لە جەوهەردا درێژەدان بوو بە ڕۆحی وەفد وشێوازی حوکمڕانیەکەوە کە درێژەی حوکمی پاشایان وکەمینە بوو، تا ئەوە بوو شێوازی حوکمی پاشایانە، بەسەر هەموو ئاوات و ئارەزووە پاکەکاندا زاڵ بوو.

جەمال عەبدونناسر گوتی:

- دیموکراتیەتی ڕاستەقینە لەلای من ئەوە بوو کە میسرلە داگیرکەران و چەوساندنەوە و هەژاری و نەداری ڕزگار بکرێ..

مستەفا نوحاس گوتی:

- بەوجۆرە ئازادی دەربڕین و مافی مرۆڤت فەرامۆشکرد. من نکوڵی لەوە ناکەم کە تۆ پشت وپەنا بووی بۆ هەژاران، بەڵام لە هەمان کاتا بەڵاو بار بووی بە سەر ئەهلی ڕەئی وڕۆشنبیرانەوە کە پێشەنگی میللەتن، ئەوانەت خستە زندانەوە، ئەزیەتت دان، ئیعدامت کردن، بە ڕادەیەک کە ڕێز وحورمەتت بۆ نەهێشتنەوە، عیزەت وکەرامەتت پێشێل کردن. سووکایەتیت بە شەخسیەتیان کرد وڕۆڵی ئەرێنیانت سڕییەوەو هیچ ئیحتوبارێکت بۆ نەهێڵانەوە، مەگەر هەر خوا بزانێ، کەی ئەمانە بنیات دەنرێنەوەو دێنەوە تایم. ئەوانە، لە شۆڕشی ١٩١٩دا لە جۆرەها کایە وچالاکی ڕامیاری و

ئابووری و ڕۆشنبیری وداهێناندا، پرس و ڕایان پێدەکرا، دیکتاتۆریەت جوانترین بڕیارەکانی تۆی شێواند. تۆ بڕاونە بزانە پەروەردە وفێرکردن چۆن شێواوە، کەرتی گشتی لە چ گەندەڵییەکدایە، بزانە بەگژا چوونەوەی هێزە جیهانیەکان، چ شکستێکی نەنگین و چ زەرەر وزیانێکی ترسناکی بەسەر خۆت و وڵاتا هێناوە. تۆ قەت سوودت لە ڕای بەرانبەر وەرنەگرتووە، پەندت لە ئەزموونی محەمەد عەلی وەرنەگرتووە، ئەنجامەکەی چ بوو؟.. هیچ، هەرا وهەنگامە ودروشمی بۆش وبەتاڵ، دەگوترێت ودەگوترێتەوەو وڵات ڕۆژبەڕۆژ وێران وێران تر دەبێت و دەبێت بە کەلاوە..

جەمال عەبدوتناسر گوتی:

- من نیشتمانی خۆم لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی گواستەوە. هەروەها عەرەب و هەموو میللەتە چەوساوەکانم خستە سەر ڕێگای خۆیان. دیاردە نەرێنییەکان بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار لە نێو دەچن و لەبیر دەچنەوەو ئەوەی دەمێنێتەوە، بە قازانجی میللەت دەبێ، هەنگێ خەڵکی دان بە گەورەیی و شکۆی ڕاستەقینەی مندا دەنەن..

مستەفا نوحاس گوتی:

- خۆزیا، کەمێک لەم بەرزە فڕیانەت دەهاتیتە خوارێ وخۆت بە ڕیفۆرمی نیشتمانەکەتەوە خەریک دەکردیت و دەرگای پێشکەوتنت لە کایە شارستانی و ژیاریە جیاوازەکان دەکردەوە. بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی گوندەوارێن میسری زۆر لە یارمەتیدانی شۆڕشانی جیهان، گرینگتر وفەرترە. هاندانی باس وتوێژینەوەی زانستیانە لە هێرشکردنە سەر یەمەن زۆر گرینگترە. خەبتین دژی نەخوێنەواری، زۆر لە دژایەتی ئیمپریالیزمی جیهانی گرینگترە. هەزار حەیف و مخابن، دەرفەت و دەلیڤەیەکی وەهات

لەکیس نیشتمان دا کە تا ئەو کاتە دەرفەتی وەهای هەرگیز بۆ نەڕەخسابوو. یەکەمجار بوو کە یەکیک لە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەم، بەبێ دژمنایەتی پاشایەک یان داگیرکەرێک، حوکمداری ئەم وڵاتەی گرتە دەست، بەڵام ئەم ڕۆڵەیە لەجیاتی ئەوەی ڕۆڵە برینداەرکانی نیشتمانەکەی دەرمان بکات،خستینە پێشبڕکێی قارەمانی جیهانیەوە، لە کاتێکا بە دەم نەخۆشیەکانیانەوە دەیناڵاند، ئەنجام هەم قارەمانیەتەکەیان دۆڕاند و هەم خۆیان لەدەست دا، لە قەلان و لە کۆتران بوون.

ئیزیس، لێرەدا هەڵیدایە وگوتی:

- من زۆر بەوە شادم کە تەختی پاشایەتی میسر بۆ یەکێک لە ڕۆڵەکانم گەڕایەوە. ئەگەر بمانەوێ کارە چاکەکانی تۆماربکەین، پێویستی بە دیواری تێکڕای پەرستگەکانە، تا ئەو کارانەیان لە سەر تۆماربکرێ. بەڵام سەبارەت بە هەڵەکانی نازانم چۆن بەرگرییان لێبکەم..

ئوزوریس گوتی:

- ئەگەر، ئێمە و دادگاکەی ئێمە، ئەو دەسەڵاتەی هەبوایە، کە دوا بڕیار سەبارەت بە تۆ بدات، ئەوا قەزاوەتی عادیلانە وای دەخواست زەحمەتێکی زۆر بکێشن و کاتێکی زۆر بۆ بڕیاری یەکجارەکی تەرخان بکەین، چونکە دەگمەنن ئەو کەسانەی بە ئەندازەی تۆ خزمەتی وڵاتی خۆیان کردووە، هەروەها ئەو کەسانەش دەگمەنن کە بە ئەندازەی تۆ خراپەیان دەرهەق بە وڵاتی خۆ کردبێ. بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ یەکەم میسری بوویت، تەختی پاشایەتی ئەم وڵاتەت گرتەدەست و یەکەم کەس بوویت کە مدارای ڕەنجبەرانت کردووە. ڕێگەت دەدەین، تا کۆتایی ئەم دادگاییە لە نێو

نەمراندا دانیشیت و، پاشان بە تەزکییە وپشتگیری ڕاستگۆیانەی ئێمەوە بۆ دادگاکەی خۆت دەڕۆیت.

**

پەراوێز:

١- جەمال عەبدونناسر (١٩١٨ – ١٩٧٠) دووەمین سەرۆک کۆماری میسر بوو، لە ساڵی ١٩٥٦وە تا ڕۆژی مردنەکەی، ئەو هاوڕێ لە گەڵ محەمەد نەجیبدا، یەکەم سەرۆک کۆمار، ڕابەرایەتی شۆڕشی ١٩٥٢کرد، کە بووە بایسی سەرنگونی سەڵتەنەتی میسر وسودان. ئەو لە وڵاتی خۆیدا دەستی دایە مودێرنە کردنی وڵات و جێبەجێ کردنی ڕیفۆرمێن سوسیالیستی وبرەودان بە هزر وبیری پان عەرەبی، بۆ ماوەیەکی کورتخایەن میسر وسوریای یەکخست وکۆماری یەکگرتووی عەرەبی – بێ ناو بردنی سوریا یان میسر – دامەزراند. ناسر بەیەکیک لە کاراکتەرە سیاسیە هەرە گرینگەکان، چ لە مێژووی تازەی عەرەبان وچ لە وڵاتانی تازە پەرە سەندووی سەدەی بیستەم دا، دەژمێردرێ. ناسر توانی کەناڵی سویس خۆماڵی بکات ودەور وڕۆڵێکی ناوەندی لە دژایەتی ئیمپریالیزمدا، چ لە دنیای عەرەب و چ لە ئەفریقیا هەبوو. هەروەها دەورێکی گرینگی لە دامەزراندنی بزووتنەوەی وڵاتانی بێ لایەندا هەبوو. سیاسەتی ناسیونالیستانەی وی کە بە ناسریزم بە نێوبانگە، لە دەیەکانی١٩٥٠ و١٩٦٠دا لایەنگرانێکی زۆری لە ناو عەرەبا هەبوو. بە هەرحاڵ شکستی وی لە جەنگی شەش ڕۆژەی ئیسرائیلدا لە ساڵی ١٩٦٧ دا، ئاسیوێکی زۆری بە پێگەی وی وەک " ڕابەری جیهانی عەرەب " گەیاند. بەڵام وێڕای ئەو ڕەخنە زۆرانەی لێی دەگیرێت، هێشتاش زۆربەی هەرە زۆری عەرەب بە ڕەمزی کەرامەت وئازادی عەرەبی دەزانن.

حورس هاواریکرد:

- محەمەد ئەنوەر سادات.

پیاوێکی دەستەبالای، بەژن باریکی، ڕەشتاڵە وەژوورکەوت، ڕۆیی تا گەییە بەردەم عەرشەکە و لەوێندەر وەستا.

ئوزوریس داوای لێکرد قسەبکات. گوتی:

- من لە گوندی "میت ابوالکوم " لە دایک بووم. لە خێزانێکی هەژار ونەدارا گەورە بووم، بە زەحمەتێکی زۆر توانیم درێژە بە خوێندن بدەم. لە منداڵییەوە هەستی نیشتمانپەروەریم تیابوو. لە خۆپیشاندانەکانی حیزبی وەفدا بەشداریم دەکرد. پاشان توانیم بچمە کۆلێژی جەنگ کە لە دوای پەیمانی ساڵی ١٩٣٦وە دەرگای بۆ خەڵکانی وەکو ئێمەمانان کردەوە. هەرکە کۆلێژم تەواو کرد، لە ڕەوشی سوپا، کەلە ژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سوپایی بریتانیادا بەڕێوە دەچوو، ناڕازی بووم، بیرم لەوە دەکردەوە، خەڵکی بۆ شۆڕشی چەکداری، دژی ئینگلیزان هان بدەم، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٣٩دا یەکەمین ڕێکخراوی نهێنیم لە ناو سوپادا دامەزراند. تەماسم لەگەڵ " اخوان المسلمین " دا گرت وشیفتە و دڵبەندی چالاکییەکانیان بووم. هەروەهالە کاتی جەنگدا هەوڵمدا تەماس لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بگرم، لێبڕا بووم هەر کەسێک هاوکاری لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکات، تیرۆری بکەم. بەهۆی ئەو کارانەوە دەستگیر و دادگایی کرام. بەڵام بێتاوان دەرچووم ودووبارە بۆ سوپا گەڕامەوە. لەو سەروبەندەدا جەماڵ

عەبدونناسر پەیوەندی پێوە کردم و لە ڕێکخراوەکەی خۆیدا وەریگرتم. ئەوە بوو لە تەمووزی ١٩٥٢دا شۆڕش بەرپا بوو. ئیدی بویەر وڕووداوەکان یەک لە دووی یەک هاتنە ئاراوە تا جەمال عەبدونناسر کۆچی دوایی کرد و لە هەلومەرجێکی زۆر هەستیاردا جێگای ئەوم گرتەوە. من ئاگام لە هەموو ئەو نەرێنیانە هەبوو، کە وەکو مۆریانە دابوویانە، بنج وبناوانی ڕژێمەکەی ناسر، بۆیە لێبڕام شۆڕشێکی تازە بەرپا بکەم و وڵات لەو مەرگە ڕزگار بکەم کە هەڕەشەی لێدەکرد. ناوەندە جیاوازەکانی هێزم کۆنترۆڵ کرد، بەکاوەخۆ بەرەو سەقامگیری و پیادەکردنی ئەمن وئاسایش و سەروەری یاسا کەوتمە هەنگاونان. ئەوە بوو لە ١٩٧٣/١٠/٦دا دژمنی داگیرکەرم غافڵگیر کرد، نەک هەر دژمن، بەڵکو هەموو دنیام بە هێرشیکی لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراو غافڵگیر کرد، سەرکەوتنێکی ئەوتۆم بەدەست هێنا، کە ڕۆحی دنیای عەرەبی لە نائومێدی ڕزگار کرد، ئابڕووی عەرەبم کڕییەوە، پاشان ڕیسکێکی دیکەم کرد و خۆم بە وڵاتی دژمنا کرد، وگوتم دەمەوێ بە وشە نەک بە چەک ناکۆکییەکان چارەسەر بکەم. ئەم هەوڵە دوور ودرێژەی من، پەیماننامەی کەمپ دافیدی لێکەوتەوە. داوای کرانەوەم بە سەر هەموو دنیادا کرد، بۆ ئەوەی ئابووری نیشتمانی ڕزگار بکەم، لە واری دیموکراسیدا، هەندێک هەنگاوی تازەم نا، بەڵام تووشی کۆمەڵێک کۆسپ وتەگەرە بوومەوە، کە حیساباتەکەمی بە تەواوی گۆڕی. ئوپۆزیسیۆن لە ڕێگە لای دا، ڕەوتە ئاینییەکە کەوتە هەڕەشەی چەکداری لە وڵات، من هیچ چارێکم نەما تەنیا ئەمە نەبێ، کە هەڵوێستێکی توندم بەرانبەر هەمووان هەبێت. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان، بە تیرۆرکردنی من شکایەوە، ڕێک لە یادی ئەو ڕۆژەدا، کە عیزەتی سەرکەوتنم بۆ وڵاتەکەم گێڕایەوە، تیرۆریان کردم.

شا ئەخناتون هاتە گۆ وگوتی:

- دروود و سڵاوت لێ بێ ئەی ئاشتیخواز، من هیچ پێم سەیر نییە کە ناحەزو نەیارەکانت تۆمەتی خیانەتیان داوەتە پاڵت، منیش، هەمان تۆمەتم لەسەر هەمان هۆ (ئاشتیخوازی) درایە پاڵ.

تحوتمسی سێیەم گوتی:

- سەرکەوتنەکەی تۆ، هەمان سەرکەوتنەکەی ڕەمسیسی دووەمم بیر دەخاتەوە کەلە ئەنجاما پەیماننامەیەکی ئاشتی لێکەوتەوەو چوو لە گەڵ کیژی حیتییەکانا زەماوەندی کرد!

ڕەمسیسی دووەم گوتی:

- فەرمانڕەوا، بەر لە هەر شتێک لە ژیانی میللەتەکەی بەرپرسە، لەو ڕوانگە وگۆشە نیگایەوە قەراری شەڕ دەدات یان پەنا بۆ ئاشتی دەبات.

ئەنوەر سادات گوتی:

- من، قەناعەتی تەواوم بەوە هێنابوو کە بەردەوام بوونی شەڕ کارێکی بێهودەو نەزۆکە.

شا ئەمنحوتبی سێیەم گوتی:

- ئەی سەرۆک تۆ چەند لە من دەچیت، تۆش وەکو من دۆستداری خۆشگوزەرانی میللەتەکەت وخۆت بووی، هەردووکمان ئاشقی هەیبەت و سام وشکۆ وکۆشک و تەلاران بووین، بەڵام زەمانی من بەجۆرێ بوو، ڕێگەی دەدا من بە بێ ڕەنج و زەحمەت ئەو خەون وخەیاڵانە بێنمە دی، بەڵام

زەمانی تۆ، ساردی وگەرمی ڕۆژگاری پێ چەشتیت، بەهەرحاڵ ڕێز وخۆشەویستیم بۆت هەیە.

شا حورمحوتب گوتی:

- تۆ لە هەلومەرجێکا هاتوویتە سەر تەخت، کەلە هەندێ ڕووەوە، لەو هەلومەرجە دەچێت کە من لە پاش مەرگی پاشای پیر " ئای " هاتمە سەر حوکم. دان بەوەدا دەنەم کە تۆ کارێن گەورەت ئەنجامداون وجەزرەبەی باشت لە دژمن داوە، بەڵام لە پەیگیری و لێپێچینەوەی گەندەڵی وگەندەڵکاراندا، بە ڕادەیەک سستیت نواندووە، کە چیوای نەماوە، سەرکەوتنەکانت لێبکەن بە شکست.

ئەنوەر سادات گوتی:

- لەجیاتی دەستی گەندەڵکاران ببڕمەوە، سەرقاڵی هاندانی خزمەتگوزارانی دەوڵەت بووم.

حورمحوتب گوتی:

- کۆڵەکەی دەوڵەت زەبت وڕەبتو ئەخلاقە، ئەگەر زاکونی و ئەخلاق نەبێ دەوڵەتیش نابێت.

جەمال عەبدونناسر لێی پرسی:

- چۆن توانیت، بەو بێ ویژدانیە باسی من بکەی؟

ئەنوەر سادات گوتی:

- بە ناچاری ئەو هەڵوێستەم وەرگرت، چونکە جەوهەر وکروکی سیاسەتی من، بریتی بوو لە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە سەردەمی تۆوە بۆ من مابوونەوە.

- بەڵام من بە ڕەزامەندی ودۆستانەوە دەسەڵاتم بۆ تۆ بەجێ هێشتبوو.

- بەڵام زوڵمە لێپێچینەوە لەگەڵ کەسێکا و لەسەر هەڵوێستێک کە لە ڕۆژگارێکی ڕەش وترسناکدا وەری گرتبێت، بکرێت، زەمانێکی ڕەشی ئەوتۆ کە باب لە کوڕی خۆی و برا لە برای خۆی ترسابێ!

- ئەو سەرکەوتنە تایبەتیەی کە تۆ بە دەستت هێناوە، بەرەنجامی ئامادەکاری دوور ودرێژی من بوو!

ئەنوەر سادات گوتی:

- هیچ شکست خواردوویەکی وەکو تۆ، توانای سەرکەوتنی نەبووە ونییە، بەڵام من ئازادی وکەرامەتم بۆ میللەت گێڕایەوەو پاشان گەیاندمە سەرکەوتنی بێ چەندو چوون.

- پاشان، لە پێناوی ئاشتیەکی نەنگیندا دەستبەرداری هەموو شتێک بوویت ولە پشتەوە خەنجەرت لە یەکێتی عەرەب دا ومیسرت دووچاری گۆشەگیری و غوربەتێکی درێژخایەن کرد..

ئەنوەر سادات گوتی:

- من وڵاتێکم لە تۆ بۆ مایەوە، کەلە هەرەس و داڕوخانا بوو، عەرەب دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە بەدەنگمەوە نەهاتن. لەلام خۆیا وعەیان بوو کە ئەوانە هیچ خەمێکی مردن یان توانای ئێمەیان نییە، تەنیا ئەوەیان لێمان

دەوێ، کە خۆ باوینە سەر لاقیان و کڕنۆشیان بۆ بەرین، بۆیە بێ هیچ دوو دڵییەک قەراری خۆم دا..

- زەبەلاحێکت، کە زرجار یارمەتی دابووین، گۆڕییەوە بە زەبەلاحێکی دی کە بەردەوام دژایەتی دەکردین.

- ڕووم کردە زەبەلاحێک، کە چارەسەرەکان لای ئەو بوو، بویەرەکانی دواتریش دروستی وێناکانی منیان سەلماند!

- کەوتیتە وەزع وحالێکەوە، کە وڵاتت لە گەندەڵی و گرانیدا نقوم کرد. چەند سەردەمی من بۆ هەژاران سەردەمی ئەمان بوو، سەردەمی تۆش بە هەمان ئەندازە بۆ دەوڵەمەندان ودزان سەردەمی ئەمن و ئەمان بوو.

ئەنوەر سادات گوتی:

- من بۆ خێر وخۆشی خەڵکی میسر کارم دەکرد، بەڵام هەلپەرستان لە پشتەوە پەلاماریان دام!

مستەفا نوحاس هاتە قسان وگوتی:

- تۆ ویستت من تیرۆر بکەی، خۆ ئەگەر خوا فریام نەکەوتبا، تیاچووبووم، کەچی پاشان بەخۆت تیرۆر کرای ولەو ڕێگایەوە تیا چوویت! ئایا هێشتا باوەڕت بەو کارە هەیە؟

ئەنوەر سادات گوتی:

- ئێمەمانان، پێویستمان بە تەمەنێکی چەند چەنانەیە تا پەند لە ڕابردوومان وەربگرین!

مستەفا نوحاس گوتی:

- که بیستم داوای دیموکراتیەت دەکەی پێم سەیر بوو، پاشان بۆم بەدیارکەوت تۆ خوازیاری حکومەتێکیدیموکراتی بوویت، که خۆت ڕابەرایەتی بکەیت وبەناوی دیموکراتیەتەوە، مومارەسەی دەسەڵاتە دیکتاتۆریانەکانی خۆت بکەی!

- من دیموکراتیەتێکم دەویست که پابەندی داب ونەریتە دێهاتیەکان بێ و مافی باوکان بپارێزێ.

- ئەمە دەکاتە دیموکراتیەتێکی خێڵەکیانە!

سەعید زەغلول گوتی:

- ئەمە دروستە، بەڵام دیموکراتیەتی ڕاستەقینە وەردەگیرێ، نادرێ، ئەوەندەش لۆمەی مەکە..

مستەفا نوحاس گوتی:

- خەڵکی دووچاری تەنگانە ونەبوونیەکی زۆر بوون. ئیدی ئەو بویەر وئاژاوە توندڕەویانە هاتنە ئاراوە که عادەتەن لەو جۆرە ژینگە و هەلومەرجانەوە پەیدا دەبن و سەر هەڵدەدەن. تۆش ڕەوشەکەت پشتگوێ خست وئیدی ڕەوشەکە وەکو ئەوەی کەم و زۆر پەیوەندی بە تۆوە نەبێ، بەرەبەرە ئاڵۆزتر بوو تا لە ناکاوا تەقییەوەو هەمووانت لە ڕەشچاڵان توند کرد. بەوجۆرە موسوڵمان ومەسیحی و توندڕەو و میان ڕەوانت تووڕە کرد وئەنجام بە کارەساتی تریبونەکە، واتە تیرۆر کردنی خۆت شکایەوە..

ئەنوەر سادات گوتی:

- سەیرم کرد هیچ چارێکم نییە جگە لەوەی جەزرەبەیەکی کاری بوەشێنم تا جڵەوی ئەو ئاژاوەیە بگرم که وڵاتی بەرەو شەڕێکی ناوخۆ دەبرد.

سەعد زەغلول گوتی:

- کاتێ فەرمانڕەوایەک مافی میللەتەکەی خۆی زەوت دەکات، دەیکات بە دژمنی خۆی، لەو کاتەدا هێزی سەرەکی وڵات، بەهەدەر دەڕوات، لەجیاتی بۆ کاری چاکە و ڕیفۆرمان بەکار ببرێ، بۆ ململانێ وکێشماکێشی ناوخۆ بەکار دەبرێت.

ئیزیس لێرەدا هەڵیدایە وگوتی:

- بە هیمەتی ئەم کوڕە، وڵات ڕۆحی وەبەر هاتەوەو میسر خۆیبوونی تەواوی خۆی وەرگرتەوەو، گەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی، دۆخی پێش غەزووی فارس، ئەویش وەکو خەڵکانی دی هەڵەی هەبووەو بەڵام کۆمەڵێک کاریشی کردووە کەلە کارێن زۆر خەڵکانی دی باشتر بوون.

ئۆزوریس گوتی:

- من لەنێو نەمرانی میسرا پێشوازیت لێدەکەم. بەو زووانە بە تەزکیە وپشتگیری تەواوی ئێمەوە بۆ دادگاکەی دیکەی خۆت دەڕۆیت.

**

پەراوێز:

١- محەمەد ئەنوەر سادات ( ١٩١٨ –١٩٨٠ ) سیاسەتوان، سوپایی میسر وسێیەمین سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە بوو. یەکەمین فەرمانڕەوای وڵاتێکی عەرەب بوو کە پەیمانی سازانی دەگەڵ ئیسرائیلدا لە کەمپ دیڤید واژۆ کرد وبەفەرمی دانی بە ئیسرائیلدا نا. بۆیە لە لایەن عەرەبەوە بایکۆت کرا و لەبری ئەوە لە ساڵی ١٩٧٨دا خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی وەرگرت. سادات لە ساڵی ١٩٨٠دا، لەلایەن خالید ئیسلامبولی یەوە کە ئەندامی ڕێکخراوی

جیهادی ئیسلامی بوو، لە کاتی بەسەرکردنەوەی نمایشێکی سوپاییدا، تیرۆر کرا. خالید ئیسلامبولی پاشان حوکمی ئیعدام درا. ئەنوەر سادات، پەیوەندییەکی گەرمی لەگەل ئەمریکا و لەهەمان کاتا لەگەڵ محەمەد ڕەزاشای ئێراندا هەبوو.

( ٦٤ )

ئۆزوریس، چاوێکی بەسەر نەمرەکاندا گێڕا وگوتی:

- ئەمە ژیانی میسرە کەبە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە، لەو زەمانەوە کە شا مینا، یەکی خست تا ئەو ڕۆژەی کە دووبارە ولەسەر دەستی سادات خۆیبوونی خۆی وەرگرتەوە، وەکو خۆی خرایە ڕوو. ئەگەر هەندێک لە ئێوەگەل، ڕاو بۆچوونێکی هەیە، دەتوانێ بیخاتە ڕوو.

شا ئەخناتون داوای قسەکردنی کرد. گوتی:

- من داوا لە میسرییەکان دەکەم پابەندی پەرستنی خوای یەکتا بن، بەو چەمک و مانایەی کە نەمر و ئازادە لە هەر جۆرە بەندایەتیەکی زەمینی.

شا مینا گوتی:

- من داوایان لێدەکەم لە خەمی یەکێتی خاک وخەڵکا بن، چونکە هەموو نسکۆ و نەهامەتیەک، بەرەنجامی ناتەبایی و نەبوونی ئەم یەکێتییەیە.

شا خوفو گوتی:

- میسر دەبێ باوەڕی بەکار هەبێت. بەهۆی کارەوە ئەو هەرەمانە دروست کران، بەهۆی کارەوە ئاوەدانی بەردەوام دەبێت.

ئەمنحوتبی وەزیری زوسەر گوتی:

- هەروەها ڕووبکەنە زانست. چونکە زانست ئەو هێزەیە کە نەمری لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

حەکیم بتاح حوتب گوتی:

- باوەڕی بە حیکمەت و ئەدەب هەبێت تا لە جوانی ژیان بەرخوردار بێ ولە خوشاوی ژیان پاراو بێ.

ئەبنوم گوتی:

- دەبێ خەڵکی میسر باوەڕیان بەگەل و شۆڕش هەبێت، تا کاروانی وڵات بەرەو کەماڵ بڕوات.

شا تحوتمسی سێیەم گوتی:

- دەبێ باوەڕی بەهێز هەبێت، ئەم هێزەش پەیدا نابێت تا میسر لەگەڵ دراوسێکانیا کۆک وتەبا نەبێت.

سەعد زەغلول گوتی:

- دەبێ حکومەت لەم وڵاتەدا لە گەلەوە بۆ گەل بێ.

جەمال عەبدونناسر گوتی:

- دەبێ پەیوەندی نێوان خەڵکی لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕەها ڕۆبنرێ.

ئەنوەر سادات گوتی:

- دەبێ ئامانجی هەر حکومەتێک شارستانیەت وئاشتی بێ.

ئیزیس لێرەدا هەڵیدایە وگوتی:

- هەر هەمووتان لە خوا بپاڕێنەوە کە حیکمەت وهێز بەخەڵکی میسر بدات تا بتوانێ بە درێژایی ڕۆژگار، وەکو بورجی ڕێنوێن وجوانی بمێنێتەوە.

هەموو دەستیان پان کردەوەو کەوتنە پاڕانەوە لە قاپی خوا.

تەواو.

تێبینی: ئەمڕۆ ٢٠١٩/٧/١٧ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

*- امام العرش/ حوار مع رجال مصر من مینا حتی انور سادات، دار مصر للطباعە، سعید جودە السحار و شرکاء ١٩٧٧ .

*- سوپاس بۆ ئەحمەد عارفی برام کە ئەو سەرچاوەیەی بۆ پەیدا کردم.

ح ٠ ع

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

• سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

• لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

• زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگیڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره وڵات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨، ١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولـەکـەکـەی مـاڵـتـا، شـانـۆنـامـە،کـریـسـتـۆفـەر مـالـرۆ.
٣٨- دادپـەروەران، شـانـۆنـامـە، ئـەلـبـیـر کـامـۆ
٣٩- بـەد حـاڵـی بـوون، شـانـۆنـامـە، ئـەلـبـیـر کـامـۆ.
٤٠- چـاو بـە چـاو، شـانـۆنـامـە، گـەوهـەر مـراد (غـوڵام حـسـەیـنـی سـاعـیـدی)
٤١- ریـچـاردی سـێـیـەم، شـانـۆنـامـە، شـەکـسـپـیـر.چـاپـی یـەکـەم ٢٠٠٩، بـڵاوەخـانـەی سـایـە، سلێمانی
٤٢- گـەمـەی پـاشـا و وەزیـر، شـانـۆنـامـە، عـەبـدوڵڵائـەلـبـوسـێـری..

٤٣- مـنـداڵـە داریـنـە، چـیـرۆکـی درێـژ بـۆ مـنـداڵان.
٤٤- فـاشـیـزم چـیـیـە؟ کـۆمـەڵـە چـیـرۆك بـۆ مـنـداڵان، یـەلـمـاز گـونـای
٤٥- شـوانـە بـچـکـۆلـەکـە، چـیـرۆکـێـکـی درێـژی چـیـنـی یـە بـۆ مـنـداڵان
٤٦- زارۆکـسـتـان (چـوار شـانـۆنـامـە بـۆ مـنـاڵان)
٤٧- چـەنـد چـیـرۆکـێـك لـە ئـەفـسـانـەی یـونـانـی کـۆنـەوە (٢٣ئـەفـسـانـە)

٤٨- لـە گـەنـجـیـنـەی حـیـکـایـەتـی تـورکـمـانـیـیـەوە. (ئـەفـسـانـەی ئـەسـپـی ئـاشـق)چـاپـی یـەکـەم٢٠٠٨
٤٩- ئـەفـسـانـەێـن گـریـکـی و رۆمـانـی، چـاپـی یـەکـەم (٢٠٠٤) کـتـێـبـخـانـەی سـۆران، هـەولـێـر
٥٠- ئـیـلـیـادە، هـۆمـیـرۆس، چ١،دەزگـای سـەردەم ٢٠٠٩

٥١- گـۆڤـەنـد و زنـار (فـەرهـەنـگـی فـارسـی –کـوردی) حـەمـە کـەریـم عـارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگـای مـوکـریـانـی
٥٢-چـۆنـیـەتـی فـێـربـوونـی زمـانـی فـارسـی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چـرنـیـشـفـسـکـی، فـەیـلـەسـوف و زانـای گـەورەی مـیـلـلـەتـی روس
٥٤- چـایـکـۆ فـسـکـی، ژیـان و بـەرهـەمـی.
٥٥- ئـیـدگـار ئـالـیـن پـۆ، ژیـان و بـەرهـەمـی.
٥٦- جـاك لـەنـدەن، ژیـان و بـەرهـەمـی
٥٧- گـوگـول، نـووسـەری ریـالـیـسـت
٥٨- یـەڵـمـاز گـونـای، ژیـان و بـەرهـەمـی
٥٩- سـادقـی هـیـدایـەت، ژیـان و بـەرهـەمـی
٦٠- خـافـروغ لـە شـیـعـر دەدوێ، ژیـان و بـەرهـەمـی

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤، ١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦، ١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی ڕۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الكورديه، حەمە كەريم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسكی
٨٦-دەيڤد كۆپەرفيلد، (رۆمانی كورتكراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس ديكنز
٨٧-ئۆديسە، داستان، هۆميرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقديم و ترجمه جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك تواين
٩٠-توحفەنمای ئەدەبياتی جيهانی
٩١-سفرەی فەقيران   حەمە كەريم عارف
٩٢-باڵندەكەی من   رۆمان، فريبا وفی
٩٣- نامەكانی تولستۆی
٩٤- جەميلە، رۆمان   جەنگيز ئايتماتۆف
٩٥- حەفتا چيرۆكی چينی بۆ منالانی كورد
٩٦- الرحيل الدامی....تقديم وترجمه: جلال زنگابادی
٩٧- كۆڵوانە سوور... كۆچيرۆك بۆ مندالان
٩٨- ئەو پياوەی كە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شاميسۆ
٩٩- دكتۆر...شانۆنامە...برانسيلاڤ
١٠٠- با خەييام باش بناسين /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پيرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنكم و ئيلاريون و ئيليكۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- يادگارييەكانی خانەی مردووان/ دۆستويفسكی
١٠٤-مێژووی رۆمانی توركی
١٠٥- ديوار...كۆچيرۆك...............كۆمەڵێك نووسەر
١٠٦- كۆكۆرۆ..............ڕومان........ناتسومی سوسكی
١٠٧- كانييە قارەمان....كۆچيرۆك بۆ مێرمندالان /حەمەكەريم عارف
١٠٨- ئەوديوی مەرگ...........حەمەكەريم عارف/چ١ ٢٠٠١/ موكريانی
١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چيخۆف/ پێشەكی و پاچڤەی: حەمەكەريم عارف
١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆيفسكی
١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...
١١٢- ساڵنمای ژيان و بەرهەمی...
١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤-لە زمانی چیرۆکنووسانەوە
١١٥-جیهانی چیرۆك (کۆمەڵێك دەق ورەخنە)
١١٦-رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ
١١٧-هەزار پیشە..............حەمەکەریم عارف
١١٨-چیخۆف...هنری ترۆیا
١١٩-دۆنی ئارام/١
١٢٠-دۆنی ئارام/٢
١٢١-دۆنی ئارام/٣
١٢٢-دۆنی ئارام/٤
١٢٣-دەربارەی ئۆدێسە
١٢٤-دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ
١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی
١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان
١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"
١٢٨-سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"
١٢٩-بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی
١٣٠-پوشکین سەرقافلّەی ئەدەبی ڕووسی
١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی
١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف
١٣٣-کەنیزۆ ،کۆمەڵێك چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی
١٣٤-داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .
١٣٥-جیرۆکی شاریك ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.
١٣٦-مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا
١٣٧-کۆڵانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز
١٣٨-چۆن پۆڵامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستروفسکی
١٣٩-بیست و سێ چیرۆکی تۆڵستۆی
١٤٠-چارەنووسی مرۆڤێک
١٤١-قەیرانی سێبەر
١٤٢-ئەفسانەی تەروادە
١٤٣-لە بەردەم عەرشدا